رووداو
RÛDAW

ژمارە (441) دووشەممە 2017/1/16 – 26ی بەفرانبار 2716 (750) دینار

## گورچیلەی پێشمەرگەیەکی بریندار لە تورکیا دەدزرێ

**رووداو- هەولێر**

پێشمەرگەیەک کە لە شەڕی دژی داعشدا بریندار بووە و بۆ چارەسەر براوەتە تورکیا، دەڵێت لەوێ نەشتەرگەری بۆ کراوە و بەبێ ئاگاداری خۆی گورچیلەیەکی دەرهێنراوە و پارچە لەفافێکیش لە سکیدا بەجێماوە.

بەختیار جەبار جەرجیس، 33 ساڵ، پێشمەرگەی لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی، شەوی 2015/3/13 لە شەڕی نێوان پێشمەرگە و داعشدا لە باشووری کەرکووک بریندار بووە و پاشان پزیشکەکانی سلێمانی بڕیار دەدەن بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەری رەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێ. ئەو گەنجە کە جگە لە خۆی باوک و 3 لە براکانیشی پێشمەرگەن، لە 2015/5/7 دەگاتە نەخۆشخانەیەکی ئەنقەرە و دەڵێت "لە ماوەی هەفتەیەکدا شەش نەشتەرگەرییان بۆ کردم، هیچ کام لە نەشتەرگەرییەکانیش سەرکەوتوو نەبوون". هەر لەو نەخۆشخانەیە وەکو خۆی دەڵێت، گورچیلەی دەرهێنراوە و دەمارێکی قاچی بە هەڵە بڕدراوە و پارچە لەفافێکیش لەنێو سکیدا بەجێماوە کە دواتر لە کوردستان بە نەشتەرگەری دەرهێنراوە.

ئەو پێشمەرگەیە داوا لە سەرۆکی حکومەت و بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات زوو بەهانایەوە بچن، چونکە باری تەندروستیی زۆر خراپە و سەرەڕای لەدەستدانی گورچیلەی، ئەگەری لەدەستدانی قاچیشی هەیە.



«2



ئێران لە ترسی داعش هاوکاریی تاڵیبان دەکات 17



ئەندازیاری پەیوەندیی نێوان یەکێتی و پارتی دەبێتە باڵیۆزی ئێران لە عێراق 4

خەرجییەکانی حکومەت 70% دابەزیون و داهاتیش 25% زیاد بووە 5

# ئەمریکا "گەورەترین کونسوڵخانەی جیهان" لە هەولێر دروست دەکات



«4



کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی بۆ (رووداو):

# ناڕوونی مەلەفی نەوت هۆکاری سەرەکیی کێشەکانی کوردستانە

«3

**راپۆرتە هەواڵ** 2

لەمەودوا ئەوقاف بابەتی گوتاری هەینی دیاری دەکات



**راپۆرت** 7

باج لە ئۆتۆمبێلی تایبەت وەردەگیرێ

**ژنان** 12

ژنەکەی خۆی بە بەرد و شیشی ئاسن دەکوژێ

**کۆمەڵایەتی** 13

بەساڵاچوویەکی 80 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**هونەری** 10

پاپا دوعا بۆ کچە گۆرانیبێژێکی کورد دەکات



رووداو
راپۆرتە هەواڵ
ژمارە (441) - دووشەممە 2017/1/16





## گرتووخانەکانی چەمچەماڵ و سوسێ ناگوێزرێنەوە

رووداو- سلێمانی

ئەمین بەکر پەرلەمانتاری لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2017/1/15 میوانداری حسێن ئەلعەسکەری، بەڕێوەبەری گشتی چاکسازییەکانی عێراقی کردووە سەبارەت بە گواستنەوەی گرتووخانەکانی چەمچەماڵ و سوسێ لە نزیک شاری سلێمانی بۆ گرتووخانەکانی شارەکانی بابل و بەسرە. ناوبراو گوتی "حوسێن ئەلعەسکەری گواستنەوەکانی گرتووخانەکانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە دوو گرتووخانەکەی عێراق تازە دروستکراون و دەزگاکانی حکومەتیش بەشێوەیەکی ئاسانتر ئاگاداری کارەکانیان دەبن، بەڵام پێمانگوتن ئەگەر گرتووخانەکان بگوازرێنەوە کارمەندەکانیان کە خەڵکی کوردستانن بێکار دەبن و داوای ڕاگرتنی ئەو بڕیارەمان کرد، ئەوانیش بەڵێنیان داوە بڕیارەکەیان بوەستێنن".

### تۆپێک لەفاف لە سکیدا بەجێماوە و شادەماری قاچیشیان بڕیوە

# گورچیلەی پێشمەرگەیەکی بریندار لە نەخۆشخانەیەکی تورکیا دەدزرێ

دیمەن بورهان
رووداو- هەولێر

پێشمەرگەیەک کە لە شەڕی دژی داعشدا بریندار بووە و بۆ چارەسەر براوەتە تورکیا، دەڵێت لەوێ نەشتەرگەری بۆ کراوە و بەبێ ئاگاداری خۆی گورچیلەیەکی دەرهێنراوە و پارچە لەفافێکیش لە سکیدا بەجێماوە. هەروەها دەڵێت بەهۆی بڕینی دەمارێکی، ئەگەری ئەوە هەیە قاچێکی لە دەست بدات.

بەختیار جەبار جەرجیس، 33 ساڵ، پێشمەرگەیە لە لیوای یەکی پاراستنی سلێمانی، شەوی 2015/3/13 لە شەڕی نێوان پێشمەرگە و داعش لە باشووری کەرکووک بریندار بوو. بەختیار دەڵێت "ئۆتۆمبێلێکی داعش خۆی تەقاندەوە و بریندار بووم. سەرەتا بردیانمە نەخۆشخانەی ئازادی لە کەرکووک و لەوێ نەشتەرگەرییەکم بۆ کرا، پاشان ڕەوانەی سلێمانی کرام، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکەمەوە پزیشکەکان داوایان کرد بۆ چارەسەر ڕەوانەی دەرەوەی وڵاتم بکەن".

بەختیار کە جگە لە خۆی باوک و 3 لە براکانیشی پێشمەرگەن، دەڵێت "سەرەتا بڕیاردرا ڕەوانەی ئەڵمانیام بکەن، بەڵام دواتر ڕەزامەندییان دا کە لە تورکیا چارەسەر وەربگرم".

ئەو پێشمەرگەیە لە 2015/5/7 لەلایەن برایەک و کوڕی مامێکییەوە دەبرێتە ئەنقەرە بۆ چارەسەر. وەک خۆی دەڵێت "لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلی بەناوی چاخ چارەسەرم وەرگرت".

بەختیار پێویستی بە نەشتەرگەری هەبووە، بەرلەوەی نەشتەرگەری بۆ بکرێ، لیژنەیەکی وەزارەتی پێشمەرگە سەردانی نەخۆشخانەکەیان کردووە، پزیشکەکان لیژنەکەیان دڵنیا کردووەتەوە کە برینەکەی سەخت نییە و گورچیلەی کێشەی نییە، نەشتەرگەرییەکی ئاسان و سەرکەوتووی بۆ دەکرێ و بەزووترین کات دەنێردرێتەوە کوردستان، بەڵام وا دەرنەچوو. بەختیار دەڵێت "لە ماوەی هەفتەیەکدا شەش نەشتەرگەرییان بۆ کردم، هیچ کام لە نەشتەرگەرییەکانیش سەرکەوتوو نەبوون".

بەختیار دوای ئەو شەش نەشتەرگەریە تووشی خوێنبەربوون دەبێت و تەندروستی تێکدەچێ. دەڵێت "دوای یەکەم نەشتەرگەری، زانیم گورچیلەم دەرهێنراوە، چونکە سەرووی گورچیلەکە هەڵدڕابوو، لەفافیشی لەسەر بوو، بەڵام گوتیان ئیلتیهابی دروستکردووە. لەدوای دووەم نەشتەرگەری، وردە وردە خوێنم تێدا نەما و لەهۆش خۆم چووم".



بەختیار جەبار: لە ماوەی هەفتەیەکدا شەش نەشتەرگەرییان بۆ کردم، هیچیان سەرکەوتوو نەبوون

بەختیار بە دەست برینەکانییەوە دەیناڵاند، لە ناکاو لەلایەن ئیدارەی نەخۆشخانەکەوە ئاگادار دەکرێتەوە کە نەخۆشخانەکە جێبهێڵێ و بچێتە هوتێل، چونکە نەخۆشخانەکە بەهۆی نەدانی باجەوە، بڕیاری داخستنی درابوو. بەختیار گوتی "گوتیان بچنە هۆتێل و ماوەیەک لەوێ بمێننەوە تاوەکو باشتر دەبی، چونکە ناتوانی بەم حاڵەوە بچیتە ناو فڕۆکە و بگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت". بەڵام بەختیار گوێ بەو قسانە نادات و دەگەڕێتەوە کوردستان.

دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان، بەختیار ئازارێکی زۆر لەنێو سکیدا دروست دەبێت، بۆیە لیژنە تەندروستیەکەی وەزارەتی پێشمەرگە ئاگادار دەکاتەوە، ئەوانیش ڕەوانەی نەخۆشخانەی (پار)ی دەکەن لە هەولێر، لەوێشەوە بە ئەنجامدانی پشکنین دەینرێنە نەخۆشخانەی ژین. بەختیار دەڵێت "دوای پشکنین دەرکەوت پارچە لەفافێک لە نێو سکمدا بەجێماوە، پزیشکەکان گوتیان دەبێ بە زووترین کات چارەسەر بکرێ".

وەک بەختیار گوتی لیژنە تەندروستییەکەی وەزارەتی پێشمەرگە بڕیاریان دا بینێرنە ئەڵمانیا بۆ چارەسەر. بەختیار دەڵێت "نووسراوم بۆ کرا، وەزیری پێشمەرگەش واژۆی لەسەر کرد تا ڕەوانەی ئەڵمانیا بکرێم، لە مانگی دوانزەی 2015 چەکی بانکیم بۆ کرا و بڕیاردرا بەزووترین کات ڕەوانەم بکەن، بەڵام تا ئێستا پارەکەیان بۆ خەرج نەکردووە".

ئەو پێشمەرگەیە کە جگە لەو پارەیەی لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە بۆی خەرج کراوە، خۆشی زیاتر لە 5 ملیۆن دیناری خەرج کردووە، دوای ئەوەی بێهیوا دەبێت لە ناردنی بۆ ئەڵمانیا، بۆ چارەسەر دەچێتە ئێران.

بەختیار دەڵێت "پزیشکەکان سەرەتا گوتیان نەشتەرگەریت بۆ دەکەین، بەڵام دوای ئەوەی پشکنینەکانیان بینی، گوتیان ناتوانین، چونکە وەک ئەوەیە تەڵەیان بۆ دانابیت و دەستی لێبدەی بتەقێت! ئەم قسەیەی پزیشکەکانم زۆر پێ سەیر بوو، نەمزانی مەبەستیان چییە".

بەختیار دەشڵێت "دوای گەڕانەوەم لە ئێران چووومە نەخۆشخانەی فاروق لە سلێمانی و لەوێش سەرەتا گوتیان نەشتەرگەریت بۆ دەکەین، بڕیار بوو لە 2016/12/19 نەشتەرگەریم بۆ بکەن، بەڵام لە ژووری نەشتەرگەری گوتیان ناکرێت، چونکە کە پشکنینم کرد دەرکەوت لە تورکیا بەبێ ئاگاداری خۆم شادەماری قاچی ڕاستیشیان بە درێژیی نزیکەی 20 سانتیمەتر بڕیوە و لەنێوان ڕان و سکم گرێیانداوەتەوە، نازانم بۆچی؟".

پزیشکەکانی نەخۆشخانەی فاروق بە بەختیار دەڵێن دەبێت بە نەشتەرگەری، دەماری دەستکردی بۆ زیاد بکرێت، بەڵام دڵنیا نین کە نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو دەبێت یان نا، ئەگەر بەم شێوەیەش بمێنێتەوە تووشی گانگری دەبێت و ئەگەری ئەوە هەیە قاچی ڕاستیشی لەدەست بدات، چونکە لەڕێگەی شادەمارەکەوە خوێنی بۆ ناچێت، تەنیا لەڕێگەی چەند ریشاڵە دەمارێکی زۆر باریکەوە خوێنێکی کەمی بۆ دەچێ.

ئەم پێشمەرگەیە داوا لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە دەکات زۆر زوو بەهانایەوە بچن، چونکە باری تەندروستی زۆر خراپە و سەرەڕای لەدەستدانی گورچیلەی و بەجێهێشتنی لەفاف لە سکیدا، ئەگەری لەدەستدانی قاچیشی هەیە.

# لەمەودوا ئەوقاف بابەتی گوتاری هەینی دیاری دەکات

پشتیوان جەمال
رووداو- سلێمانی

وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە هەرێمی کوردستان لە پلانیدایە تاوەکو دوو مانگی داهاتوو، ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی یەکخستنی گوتاری ڕۆژانی هەینی لە مزگەوتەکاندا جێبەجێ بکات. بەپێی ئەو پلانەش، لەمەودوا تەوەر بۆ گوتاربێژانی ڕۆژی هەینی دیاری دەکرێت، گوتاربێژێکیش دەڵێت ئەگەر وەکو پێشنیار بێت ئاساییە، بەڵام ببێتە سەپاندن، پێوەی پابەند نابێ.

ڕۆژانی 8-2016/11/11 کۆنفرانسی یەکخستنی گوتاری هەینی لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، دوای تەواوبوونی کۆنفرانسەکە 16 ڕاسپاردە ئامادەکران. ئێستاش وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی چەند لیژنەیەکی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە پێکهێناوە.

مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی کە ئەندامی یەکێک لە لیژنەکانە بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو ڕاسپاردانە لەلایەن باشترین مامۆستایانی ئاینیی بەشداربووی کۆنفرانسەکە ئامادەکراون و داوای جێبەجێکردنی دەکەن. ئەو ڕاسپاردانەش بۆ ئەنجوومەنی وەزیران نێردراون بۆ ئەوەی حوکمی یاسایی وەربگرن، کاتێکیش بوونە بڕیار و دوای بڵاوکردنەوەی لە وەقائیعی کوردستاندا، ئەوقاف مولزەمە بیانخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بە گوتەی ناوبراو، سەرەتا کۆبوونەوە بە بەرپرسە کارگێڕییەکانیان دەکەن بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان، ئەگەر بەرپرسەکە چاوپۆشی لە جێبەجێکردنیان بکات، ئیجرائاتی لەگەڵ دەکرێ.

نەقشبەندی گوتی "ئێستا مامۆستایانی ئاینی ئازادن لە هەڵبژاردنی گوتار، ئەوەش جۆرێک لە پەرشوبڵاوی دروستکردووە، بۆ نموونە خۆیان فەرمانبەری حکومەتن، بەڵام هەندێکیان قسە بە حکومەت دەڵێن، یان ناوی دامودەزگا و ئاینەکانی دیکە دەزڕێنن".

بەپێی ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنفرانسە، تەوەری گوتاری هەینی لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕی وەزارەتەوە دیاری دەکرێت. بۆ ئەو مەبەستەش دوو بیرۆکە هەیە، یەکەمیان: تەنیا تەوەرێک دیاری دەکرێت و مامۆستاکە لەسەر ئەو بابەتە گوتارەکەی دەنووسێت. دووەم: سێ تا چوار تەوەریان بۆ دیاری دەکرێت، مامۆستاکە سەرپشک دەکرێ کام تەوەریان هەڵدەبژێرێ.

سەبارەت بە چۆنیەتی ئاگادارکردنەوەی مامۆستایانی ئاینی لە تەوەری گوتارەکە، مەریوان نەقشبەندی گوتی "لەڕێگەی دروستکردنی وێبسایتی تایبەت یان سایتی وەزارەت، یان لەڕێگەی نووسراوی فەرمی لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەوقاوف، یان کورتەنامە بۆ مامۆستایان ڕەوانە دەکرێت و لە تەوەرەکان ئاگادار دەکرێنەوە".

مەلا عەبدوڵڵا سەعید، سەرۆکی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی پشتگیری دیاریکردنی تەوەری گوتاری هەینی دەکات و لەوبارەوە بە (رووداو)ی گوت، لە یەکخستنی گوتارەکاندا هێڵە گشتییەکان دیاری دەکرێن و ئەوەش کارێکی پێویستە.

بەڵام عەبدولحەسیب حوسێن، پێشنوێژ و گوتارخوێنی مزگەوتی سەیوانی یەک لە سلێمانی ڕەخنەی لە دیاریکردنی تەوەری گوتاری هەینی هەیە و بە (رووداو)ی گوت "ئەگەر وەکو پێشنیاز تەوەرمان بۆ دیاری بکەن ئاساییە، بەڵام ئەگەر بە بەردەوامی بێت، ئەوا ئازادی لە ئیمام و خەتیبەکان زەوت دەکات و دەبێتە سەپاندن و زەوتکردنی ئازادی، ئەگەر بووە سەپاندنیش، وەکو خۆم جێبەجێی ناکەم".

وەکو ناوبراو ئاماژەی بۆ کرد، هەندێجار گوتاربێژ بەشێوەی زنجیرە گوتار پێشکەش دەکات و ئەگەر تەوەری بۆ دیاری بکرێت ئەوە ڕێگە لە زنجیرە گوتارەکانی دەگرێت، یاخود ڕەنگە بەپێی شوێنەکان بابەتەکانیش بگۆڕێن، یاخود لە هەفتەیەکدا پێویست بکات باسی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بکرێت.

### دەبێت مۆڵەت لە ئەوقاف وەربگرن

زۆرجار هەندێک کەناڵی ئاسمانی لە کاتی پێشکەشکردنی گوتاری هەینی، دەڕۆنە مزگەوتەکانەوە گوتاری مەلاکان تۆمار دەکەن و بڵاویدەکەنەوە، مەریوان نەقشبەندی دەڵێت "بەپێی ڕاسپاردەکان ڕێگە نادرێت هیچ کەناڵێکی ڕاگەیاندن بێ ڕەزامەندی وەزارەت، بڕۆنە مزگەوتەکان بۆ تۆمارکردنی گوتار".

بەپێی ئاماری وەزارەتی ئەوقاف، 5500 مزگەوت لە هەرێمی کوردستاندا هەن، لە 3011 مزگەوتیاندا گوتاری هەینی پێشکەش دەکرێ، بەقسەی مەریوان نەقشبەندی، ژمارەی ئەو مزگەوتانە کەم دەکرێنەوە کە گوتاری هەینییان تێدا دەخوێندرێتەوە و گوتی "لە هەندێک شوێندا دوو مزگەوت لە نزیک یەکدییەوە گوتاریان تێدا پێشکەش دەکرێت، لەو کاتەدا ئەو دوو مزگەوتە دەکرێنە یەک".

پلانێکی دیکەی ئەوقاف وەکو مەریوان ڕوونیکردەوە، کردنەوەی پەیمانگەیەکی تایبەتە بە پێگەیاندنی گوتارخوێنەکان، گوتاربێژانی ئێستاش دەبێت لەو پەیمانگەیە خولێک ببینن.

### گوتاری هەینی دەبێتە 20 خولەک

یەکێک لە ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی یەکخستنی گوتاری هەینی کە مانگی 11ی 2016 لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو، دیاریکردنی کاتی گوتارخوێندنەوەیە. مەریوان نەقشبەندی، بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و پێکەوەژیانی ئاینی لە وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت "ئێستا هەندێک گوتاربێژ، گوتاری هەینی زۆر درێژ دەکەنەوە و جاری وا هەیە زیاتر لە کاژێرێک دەخایەنێ، بەڵام بەپێی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە لەمەودا نابێت گوتاری هەینی لە 20 خولەک زیاتر بێ".

# پاسەوانانی بەرپرسێکی پارتی لە رۆژنامەنووسێک دەدەن

ناسر عەلی
رووداو- دهۆک

بەهۆی بڵاوکردنەوەی چەند پۆستێک لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک، ڕۆژنامەنووسێکی ڕۆژنامەی ئەڤرۆ لەلایەن پاسەوانانی بەرپرسێکی پارتی بانگ دەکرێ و لێی دەدرێ. ڕۆژنامەنووسەکە دەڵێت بە سێ چەکدار بە زۆر لە ماڵ بردوویانەتە دەرەوە، بەڵام بەرپرسەکەی پارتی دەڵێت ئەوان وەکو برایەکی بچووکی خۆیان بانگیان کردووە بۆ ئەوەی چایەکیان لەلا بخواتەوە، کەچی ئەو جنێوی داوە و ویستوویەتی لێیان بدات.

### کاروان باعەدری: سێ پێشمەرگە بەزۆر منیان لە ماڵ برد و لەنێو ناوچە لێیاندام

### بەرپرسی لیژنەی باعەدرێی پارتی: ئێمە بۆ چاخواردنەوە بانگمان کردبوو، بەڵام ئەو جنێوی پێداین

کاروان باعەدری کە ڕۆژنامەنووسە لە ڕۆژنامەی ئەڤرۆ، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2016/1/15 لەلایەن لیژنەی ناوچەی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە بانگهێشتی ناوچە کراوە، لەوێ لەلایەن سێ پاسەوانی بەرپرسی ناوچەکەوە لێیدراوە.

کاروان کە پەیامنێری ڕۆژنامەی ئەڤرۆیە لە قەزای شێخان، هۆکاری بانگهێشتنەکەی بۆ ئەو بارەگا حیزبییە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت "خۆم پارتیم، بەڵام لە ئەکاونتەکەی خۆم لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک، چەند پۆستێکم بڵاوکردەوە گلەییم لە پارتی کردبوو کە هاوکاریی ئێمە ناکات".

کاروان دەڵێت دوای بڵاوکردنەوەی ئەو پۆستانە، دوێنێ یەکشەممە بەیانی زوو سێ پێشمەرگە هاتوون و بردوویانە بۆ ناوچە "سێ پێشمەرگەکە بە زۆر منیان برد بۆ ناوچەی باعەدرێی پارتی، هەر کە چووینە ژوورەوە یەکسەر پەلاماریان دام و لێیاندام".

کاروان حەوت ساڵە کاری ڕۆژنامەنووسی دەکات و زیاتر لە ساڵێکیشە وەکو پەیامنێری ڕۆژنامەی ئەڤرۆ لە شێخان کار دەکات، دەڵێت دوای ڕووداوەکە چووەتە بنکەی پۆلیس، بۆ ئەوەی سکاڵا لەسەر لیژنەی ناوچەی پارتی تۆمار بکات، بەڵام بە سەرسوڕمانەوە گوتی "پۆلیسێکی بنکەکە کە ئەویش پارتییە، لە نێو بنکەی پۆلیس هێرشی کردە سەرم و لێیدام".

هەرچەندە کاروان سەرەتا سکاڵای تۆمار کردبوو، بەڵام دواتر لە سکاڵاکەی پاشگەز بووەوە "بە ڕێگەی عەشایری و لەسەر داوای کەسوکارم سکاڵاکەم کێشایەوە".

سامی بیری، بەرپرسی لیژنەی باعەدرێی پارتی باسی کێشەی نێوان خۆی و ئەو ڕۆژنامەنووسەی کرد و بە (رووداو)ی گوت "کاروان چەند ڕۆژێکە لە فەیسبووک باسی لیژنەی ئێمە دەکات و دەڵێت با بیکەنە مارکێت و ئیش بۆ ئێمە ناکات، منیش وەکو برایەکی بچووکی خۆم بانگم کرد بۆ ئەوەی پێی بڵێم چیت دەوێ".

سامی بیری کە شەوی پێش ڕووداوەکە بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ سامی کردووە، لە درێژەی قسەکانیدا گوتی "شەو بەتەلەفۆن پێمگوت وەرە لای ئێمە چایەک بخۆوە، بەڵام نەهات، بەیانی بە پێشمەرگەکانم گوت بڕۆن پێی بڵێن با بێ چایەک لەلای ئێمە بخواتەوە، بەڵام کە هات هەر لە بەردەرگا دەستی بە قسەی ناشرین کرد، دواتر هەوڵی دا لەمن بدات، بەڵام پێشمەرگەکان نەیانهێشت و شەڕ دروست بوو، کەچی هێشتا ئێمە تەنازولمان کرد".



کاروان باعەدری

## کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان بۆ (رووداو):

# مەلەفی نـەوت روون نییە و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کێشە لە کوردستان



کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان دوای وەرگرتنی خەڵاتی پێگاسۆی زێڕین لە ئیتاڵیا، بۆ یەکەمجار لە میدیایەکی کوردستانەوە باسی کێشە سیاسییەکانی نێوخۆی کوردستان و دۆخی نێوخۆی حیزبەکەی دەکات.

کۆسرەت رەسوڵ عەلی، لە هەڤپەیڤینێکی تایبەتدا لەگەڵ هەفتەنامەی (رووداو) باسی دەستپێشخەرییەکەی دەکات کە لە سەرەتای ساڵی نوێ ئاراستەی لایەنەکانی کرد، ترس و گومانی خۆی لە ئایندەی خەڵکی کوردستان لە دوای شەڕی داعش ناشارێتەوە.

جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ماوەی شەڕی داعشدا سەرەڕای ئەوەی باری تەندروستیی جێگیر نەبووە، بەڵام زۆرجار لە بەرەکانی شەڕدا، وەکو جێگری فەرماندەی گشتیی هێزەکانی پێشمەرگە ئامادە بووە.

کۆسرەت رەسوڵ دوای 48 ساڵ لە ژیانی سیاسی و 33 ساڵ لە پێشمەرگایەتی، جارێکی دیکە لەسەر خواستی خۆی بە وێنەیەکی پێشمەرگایەتی سەردەمی شاخەوە لە (رووداو) دەرکەوتەوە.


**هەڤپەیڤین: مەحموود یاسین کوردی**

**رووداو- هەولێر**


**بە ترس و گومانەوە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەڕوانین**


**بە ترس و گومانەوە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە دەڕوانین**


**ئەگەر یەکدەنگ نەبین لەگەڵ حەشدی شەعبی تووشی کێشە دەبین**

**پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکان ناکشێتەوە**

**رووداو: تۆ دەستپێشخەرییەکت لە چەند رۆژی رابردوو کرد، هەندێک قسەکانی تۆیان وەک نیشانەی بوونی مەترسییەکی گەورە لەسەر کورد لێکدایەوە، تۆ وەکو کەسی دووەمی هەرێمی کوردستان لە چ زانیاری و مەترسییەک ئاگاداری و وای لێکردی ئەو پەیامە بڵاوبکەیتەوە؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** هەموو ئاماژەکان پێمان دەڵێن کە ئەمساڵ، بە تایبەتی لەدوای ئازادکردنی تەواوەتی شاری مووسڵ، گۆڕانکاریی گەورە لە ناوچەکە روودەدات. کورد یەکێکە لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە جەنگی دژ بەتیرۆردا رۆڵێکی دیار و بەرچاوی هەبووە و هەیە، بۆیە ناکرێ ئەم گۆڕانکارییانە بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی کورد بکرێت، بەداخەوە ئەمڕۆ بارودۆخی ناوخۆی کوردستان و ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان و زۆریی قەیرانەکان وامان لێدەکات کە ترسێکی گەورەمان هەبێ لە ئایندە و بەگومانەوە لە گۆڕانکارییەکان بڕوانین.

زۆر دڵنیام و هەموو کات جەختم لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە کورد بە یەکگرتوویی و یەکدەنگی دەتوانێ بە ئامانج بگات، ئەمڕۆش بارودۆخەکە بۆ کورد زۆر گونجاوە و پاڵپشتی و پشتیوانی باشمان هەیە لە دەرەوە، بەڵام ئەگەر زوو فریا نەکەوین و کێشەکانی ناوخۆمان چارەسەر نەکەین، لەوانەیە ئەو هەلەمان لەدەست بچێ و بە 100 ساڵی دیکەش هەلێکی ئاوا بۆ کورد نەڕەخسێتەوە.

**رووداو: بەڕێزتان باسی زیاتربوونی دەسەڵاتی حەشدی شەعبیتان کردبوو. لە ناوچە کوردستانییەکان پێشبینی شەڕی پێشمەرگە و حەشدی شەعبی لە دوای شەڕی داعش دەکەی، بە تایبەت کە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی بەردەوام هەڕەشە لە کورد دەکەن؟ بۆ روونەدانی ئەم شەڕە تۆ چی بە باش دەزانی بکرێ؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** مێژووی ئێمە و بەشێکی زۆری برایانمان لە هێزە شیعەکان، مێژوویەکی هاوبەشە، هەردوولامان لەلایەن رژێمی بەعسەوە چەوسێنراوینەتەوە و زوڵممان لێکراوە، ئەمڕۆ بە هەر شێوەیەک بێ نابێ هیچ لایەکمان بیر لەم شەڕە بکەینەوە، بەڵام ئەم بابەتەش هەمدیس پەیوەندی بە دۆخی ناوخۆی کوردستانەوە هەیە و بەرامبەرەکانمان لەوە دەڕوانن کە ئەگەر ئێمە یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بین ئەوا ناتوانن رووبەڕوومان ببنەوە، بەڵام لە کات و ساتی بێهێزیمان و نەبوونی تەباییدا بێگومان تووشی جۆرەها کێشەی نەخوازراو دەبین کە حەشدی شەعبی یەکێک دەبێ لەوان.

**رووداو: تۆ یاوەری بارزانی بووی لەو سەردانەی دوایی بۆ بەغدا، رێککەوتنەکە چۆنە لەبارەی وجودی پێشمەرگە لە ناوچە کوردستانییەکان؟ ئایا پێشمەرگە لەو ناوچانە دەکشێتەوە کە کۆنترۆڵی کردوونەتەوە؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** پێشمەرگە ناکشێتەوە لەو ناوچانەی کە کوردستانین و بە گوێرەی مادەی 140ی دەستووری عێراقی دیاری کراوە و گەلی عێراق دەنگی لەسەرداوە.

**رووداو: تۆ لە ئیتاڵیا لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی پێگاسۆی زێڕین باست لەوە کرد کە سەربەخۆیی خەون نییە، روانگەی کۆسرەت رەسوڵ بۆ سەربەخۆیی جیایە لەگەڵ سەرکردەکانی دیکەی کورد، یان هەنگاوی عەملی چییە؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** بەڵێ سەربەخۆیی خەون نییە، من ئەمڕۆ کوردستانێکی راستەقینە دەبینم و دڵنیام لای هەموو کوردێک هەروایە، بەڵام بەر لەهەر شتێک دەبێ هەنگاوی عەمەلی و خێرا بنێین بۆ چارەسەری دۆخی خەڵک و نەهێشتنی ناکۆکییەکان و کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوانمان، کە ئەمە دەبێتە فاکتەرێکی بەهێز بۆ زووتر گەیشتنمان بەو سەربەخۆییە.

روانگەی تایبەتی من ئەوەیە کە پێویستە هاوتەریبی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی، ژیان و گوزەرانی خەڵک باش بکەین، پەرە بە دیموکراسیەت و جیاوازی و ئازادیی رادەربڕین بدەین و شەفافیەت هەبێ لە حوکمڕانی و بەرەنگاری گەندەڵی ببینەوە، بەم شێوەیە دەتوانین باشتر بەرەوپێش بچین.

**رووداو: ئێوە لە دوایین پەیامتان داوای کۆبوونەوەی لوتکەی پێنج قۆڵیتان کردبوو، بەڵام پێشتر کۆبوونەوە هەبووە و شتێکی گرنگی لێ سەوز نەبووە؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** کات و ساتی کۆبوونەوەکان جیاوازن، هاوکات نیەتی لایەنەکان و ئەو مەترسییانەی کە ئەمڕۆ هەموو لایەنەکان هەستی پێدەکەن هاندەری باشترن بۆ ئەوەی کۆبوونەوەی لوتکە کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا من جەخت لەوە دەکەمەوە کە دەبێ متمانە بگەڕێتەوە بۆ هاووڵاتیان و حکومەت و لەوەش گرنگتر هاووڵاتیان بەشداری راستەوخۆ بن لە چارەسەری کێشەکاندا.

**رووداو: کۆتایی ساڵی رابردوو بارزانی پەیامێکی بڵاوکردەوە کە داوای رێککەوتنی لەسەر کەسێک کردبوو بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بۆچی لایەنەکان کاندید پێشکەش ناکەن؟ تۆ ئامادەییت تێدا هەیە بەشێوەیەکی کاتی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەربگری؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** پۆست و پایە لای من گرنگ نییە و نەبووە، با ژیان و گوزەرانی خەڵک باش بێ و مووچە لەکاتی خۆی دابەش بکرێ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی هەبێ و شەفافیەت لە حوکمڕانیدا هەبێ.

**رووداو: پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت و پەرلەمان کراوەتە یەک پاکێج، بە بۆچوونی ئێوە چۆن هاوسەنگی هێز دەگەڕێتەوە بۆ دابەشکردنی ئەو پۆستانە؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** گەڕانەوەی هاوسەنگیی هێز لە کوردستان پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوە و دابەشکردنەوەی پۆستەکان هەیە، هاوسەنگیی هێز تەنیا بە پێدانی چەند پۆستێک نییە، بەڵکو دەبێ هاوسەنگیی هێز لە بڕیاری سیاسی، مەلەفە جیاوازەکان، پەیوەندییەکانی دەرەوە و سەرجەم سێکتەرەکاندا هەبێ، نەوەک تەنیا بە پێدانی چەند پۆستێک بە لایەنەکان، لەو بارەیەوە رای تایبەتی خۆم هەبووە و پێموابووە دەکرێ بەگوێرەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پۆستە باڵاکان لە نێوان لایەنەکان دابەش بکرێت.

**رووداو: لە کاتی هاتنی سەرۆکی فەرەنسا تۆ پەیامێکی کورتت بڵاوکردەوە کە هیچ لایەنێک ناتوانێت بە تەنیا فەرمانڕەوایی کوردستان بکات، مەبەستت لەم قسەیە چی بوو؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** مەبەستەکە روونە کە ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستان سەلماندوویەتی هیچ هێزێک، نە یەکێتی، نە پارتی ناتوانن بە تەنیا فەرمانڕەوایی کوردستان بکەن، بۆیە پێویستە لایەنەکان رێکبکەوین و بەیەکەوە کوردستان بەڕێوەبەرین.

**رووداو: تۆ تێبینیت لەسەر دۆسیەی نەوت و غاز و خودی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان هەیە، هیچ پرۆژەیەک و پێشنیازێکت هەیە بۆ چۆنیەتی ئیدارەکردنی ئەم دۆسییە؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** یەکێک لە کێشە گەورەکانی ئەمڕۆی کوردستان مەلەفی نەوت و غازە، بۆ یەکەمجار کە نەوت لە کوردستان دەرهێنراو بەرهەمهێنرا لە کاتی سەرۆکایەتی حکومەتی ئێمە بوو، خەونی گەورەمان ئەوە بوو کە بتوانین بە نەوت و سامانە سرووشتییەکان ئابوورییەکی بەهێز بۆ کوردستان دابین بکەین، بەڵام بەداخەوە ئەمڕۆ مەلەفی نەوت روون نییە و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی کێشە و ململانێ لە کوردستان.

**یەکێتی و پارتی ناتوانن بە تەنیا فەرمانڕەوایی کوردستان بکەن**

**ململانێی ئێمە لەسەر سەنگ و پێگە و قورسایی یەکێتی و جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆیە**

**پشتیوانی زیاتری بەرهەم ساڵح دەکەم**

**سەربەخۆیی خەون نییە**

**من ئەمڕۆ کوردستانێکی راستەقینە دەبینم**

**پۆست و پایە لای من گرنگ نییە و نەبووە**

**رووداو: لە ماوەی رابردوودا چەندین کۆبوونەوە و دیدار لە نێوان سەرکردە باڵاکانی یەکێتی بە تایبەتی تۆ و سەرکردەکانی دیکەی یەکێتی هەبوو، دەتوانن دڵنیایی بدەنە یەکێتییەکان و خەڵک کە کێشەکان بەرەو چارەسەر دەڕۆن؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** هەوڵەکانمان بەردەوامە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆی یەکێتی، هەموومان ئەوە دەزانین کە بەهێزی و کاریگەریی یەکێتی کاریگەریی گەورەی دەبێ لەسەر چارەسەرکردنی دۆخی ناوخۆی کوردستان، ململانێی ئێمە لەسەر سەنگ و پێگەو قورسایی یەکێتی و جێبەجێکردنی پەیڕەوی ناوخۆ و دیسپلینە حیزبییەکانە.

**رووداو: تۆ پێشتر چەندینجار پشتگیری بەرهەم ساڵحت کردووە بۆ پۆستە سیادییەکانی عێراق بە تایبەتی جارێک گوتبووت باشترین کەسە بۆ وەرگرتنی پۆستی سەرۆک کۆمار، ئێستاش ئەو پاڵپشتییەت بۆ جێگری دووەمی سکرتێری گشتی حیزبەکەت ماوە؟**

**کۆسرەت رەسوڵ:** ئێستاش دەیڵێمەوە و هەمان و بگرە پاڵپشتی و پشتیوانی زیاتریش لە هەڤاڵ د.بەرهەم ساڵح دەکەم، بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم پشتیوانی لە هەموو ئەو گەنج و لاوانە بکەم کە بەتوانان و بۆ ئایندە هەوڵ دەدەن و دەیانەوێ خزمەتی میللەتەکەمان بکەن.

### پڕۆفایلی کۆسرەت رەسوڵ عەلی:

- رۆژی 1952\7\1 لە گوندی شیواشۆکی سەر بە قەزای کۆیە لەدایک بووە.
- ساڵی 1968 پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە کردووە
- ساڵی 1975 پەیوەندی بە کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانەوە کردووە
- ساڵی (1976) پەیمانگای کشتوکاڵی لە بولگاریا تەواو کردووە
- 1977\5\11 لەلایەن حیزبی بەعسەوە دەستگیر کراوە و لە ئەیلوولی هەمان ساڵ ئازادکراوە.
- ساڵی 1980 بووەتە لێپرسراوی ریکخراوی هەولێری کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
- ساڵی 1984 بە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە و یەکێتی هەڵبژێردراوە.
- لە 14/8 /1984 دەبێتە پێشمەرگە، پاشان دەبێتە لێپرسراوی مەڵبەندی سێی یەکێتی
- لە راپەڕینی 1991 لەلایەن بەرەی کوردستانییەوە سەرپەرشتیاری میحوەری هەولێری پێ سپێردراوە.
- لە هەڵبژاردنی ساڵی 1992 بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردراوە
- ساڵی (1993 تا 1996) سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووە .
- ساڵی 1996-2001 سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان - ئیدارەی سلێمانی - بووە.
- لە ساڵی 2006 وەک جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) دەستبەکار بووە.
- لە دامەزراندنی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، پۆستی جێگری سەرۆکی هەرێمی پێ سپێردراوە .



## لە پەرلەمانی تورکیا "کوردستان" هەرای نایەوە

ڕووداو- ئەنقەرە

لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆژە یاسای هەموارکردنەوەی دەستووری تورکیادا، پەرلەمانتارێکی پارتی دیموکراتی گەلان لەنێو هۆڵی پەرلەماندا وشەی "کوردستان"ی بەکار خێنا، بەڵام لەلایەن پەرلەمانتارانی مەهەپە و ئاکپارتی ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە. سیبەل یگیدئاڵپ پەرلەمانتاری هەدەپە گوتی "لە کوردستان پرسی کورد هەیە، ئەو پرسەش بەرێگای سیاسی چارەسەر دەبێت". محەممەد موش، پەرلەمانتاری ئاکپارتی لەوەڵامی قسەکانی سیبەل گوتی "شوێنێک بەناوی کوردستان نییە. کوردستان کوێیە؟ بۆچی ئێمە نازانین ئەو شوێنە لە کوێیە؟" بەڵام سیبەل گوتی "ئەردۆغان چەند جارێک وشەی (کوردستان)ی بەکارهێناوە. ئەو بۆخۆی گوتویەتی ئەم وشەیە ڕاستییەکی مێژووییە، ئێمە ناتوانین نکۆڵی بکەین".

# ئەمریکا "گەورەترین کونسوڵخانە" لەسەر ئاستی جیهان لە هەولێر دەکاتەوە



فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان:

### هەولێر بۆ ئەمریکا هێڵی سوورە

فەرماندەیەکی سوپای پاسداران:

### زۆربەی ئەو کونسوڵخانانە لە هەولێر بۆ کاری سیخوڕی بەکاردەهێنرێن

**هیڤیدار ئەحمەد و ڕێبوار قاسم**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەمریکا بەمنزیکانە دەست دەکات بە ئاواکردنی گەورەترین باڵەخانەی دیبلۆماسی لە هەولێر کە بە گەورەترین کونسوڵخانەی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان هەژمار دەکرێ. باڵەخانەکە ئەوەندە گەورەیە بە چوار ساڵ تەواو دەبێ.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە شوباتی 2007 نووسینگەی دیبلۆماسی لە هەولێر کردەوە، لە 2011 ئاستی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان بۆ کونسوڵخانەی گشتی بەرزکردەوە.

هەولێر لە یەکەم گوتاری باراک ئۆباما، سەرۆکی ئەمریکادا لەبارەی شەڕی داعش وەکو "هێڵی سوور" بۆ واشنتن ناوبرا. هەربۆیە نەیهێشت دەستی داعش بگاتە هەولێر و بەوەش نەوەستا. ئێستا پڕۆژەی یەکێک لە گەورەترین باڵەخانەی دیبلۆماسی لە دەرەوەی ئەمریکا لە هەولێر دروست دەکات. بەمەش هێڵە سوورەکە تۆختر دەکاتەوە.

فەلاح مستەفا، بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد "لەسەردەمی کونسوڵی گشتی پێشووی ئەمریکادا لە هەولێر، ماتیاس میتمان، نەخشەی پرۆژەی دروستکردنی باڵەخانەی ئەمریکا لە هەولێر ڕادەستی ئێمە کرا و واژۆمان لەسەر کرد".

فەلاح مستەفا، باسی پەیوەندیی نێوان هەولێر و واشنتن دەکات و دەڵێت: "ئەمریکا ئەمڕۆ نییە پەیوەندی لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیە. لەساڵی 1991ـەوە ئەمریکا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دانانی بەردی بناغەی ئەوەی کە ئەمڕۆ هەرێمی کوردستان پێی گەیشتووە".

دروستکردنی بینای کونسوڵخانە لە هەولێر لەلایەن ئەمریکاوە بەو قەبارەیە دەبێتە دووەم گەورەترین باڵەخانەی دیبلۆماسی ئەمریکا لە دەرەوەی وڵات. ئەویش دوای بینای باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە بەغدا کە لەسەر ڕووبەری 42 هێکتار (420 هەزار مەتری دووجا) دروستکراوە و گەورەترین باڵیۆزخانەیە لە جیهاندا.

باڵیۆزخانەی ئەمریکا کە ڕووبەرەکەی هێندەی ڕووبەری دەوڵەتی ڤاتیکانە، لە ئایاری ساڵی 2009 کراوەتەوە و 750 ملیۆن دۆلاری تێچووە.

بینای کونسوڵخانەکەی ئەمریکا لە هەولێر لەلایەن چوار کۆمپانیای ئەمریکی و بەهاوکاریی چەند کۆمپانیایەکی ناوخۆیی دروست دەکرێ.

فەلاح مستەفا دەڵێت "کاتێک ساڵی 2014 هەڕەشەی داعش لەسەر کوردستان نزیک بوو، ئەمریکا هاتە پێش بۆ لێدانی داعش و پابەندیی خۆی بە پاراستنی کوردستانەوە نیشاندا".

ئەمریکا پێش داعش بە چاوێکی تایبەت سەیری کوردستانی دەکرد. فەلاح مستەفاش پێیوایە ئەم ڕوانگە باشەی ئەمریکا بەرامبەر بە کوردستان بەردەوام دەبێت "هەولێر ئێستاش بۆ ئەمریکا هێڵی سوورە، چونکە بڕوایان بە ئایندەی کوردستان هەیە، پەیوەندیی کورد و ئەمریکاش بەرهەمی شەو و ڕۆژێک نەبووە".

جگە لە بواری دیبلۆماسی، ئەمریکا لەڕووی سەربازیش ئامادەیی لە کوردستان هەبووە، لەگەڵ هاتنی داعش بنکەی سەربازی لە هەرێمی کوردستان داناوە. فەلاح مستەفا کە ئاگاداری وردەکاری هەوڵەکانی ئەمریکایە لە هەرێمی کوردستان گوتی "تا هەڕەشەی تیرۆر هەبێ، بنکەی سەربازیی ئەمریکا لێرە دەمێنێ، هەڕەشەی تیرۆریش بە ڕۆژێک و دووان کۆتایی نایەت".

تاوەکو ئێستا 30 کونسوڵخانەی فەرمی لە هەرێمی کوردستان هەن لەگەڵ شەش کونسوڵخانەی فەخری و شەش نووسینگەی بازرگانی. دوایین کونسوڵخانە کە لە هەولێر کرایەوە، کونسوڵخانەی ژاپۆن بوو کە ڕۆژی 2017/1/11 کرایەوە.

کردنەوەی ئەم هەموو بارەگا دیبلۆماسییە نێودەوڵەتییانە لە هەرێمی کوردستان، ئێرانی وەکو وڵاتێکی هاوسنوور ناڕەحەت کردووە.

فەرماندەیەکی سوپای پاسداران نیگەرانە لە زۆربوونی کونسوڵخانەکان لە هەرێمی کوردستان و بە هەوڵدان بۆ شێواندنی ئاسایشی ئێرانیان دەزانێ.

محەممەد حوسێن ڕەجەبی، فەرماندەی سوپای پاسداران لە پارێزگای سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕەخنە لە زۆربوونی کونسوڵخانە و نوێنەرایەتیی وڵاتانی بیانی لە هەرێمی کوردستان دەگرێت و دەڵێت "کردنەوەی زیاتر لە 30 کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان شتێکی سروشتی نییە، زۆربەی ئەو کونسوڵخانانە بۆ کاری سیخوڕی کەڵکیان لێوەردەگیرێ".

فەلاح مستەفا لەوبارەیەوە دەڵێت "خوازیارین ئەگەر وڵاتان هەر کێشە و ململانێیەکیان هەیە نەیگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان". بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنە لە دەستێوەردانی وڵاتان دەگرێ لە هەرێمی کوردستان و دەڵێت: "پێمان سەیرە وڵاتێکی دراوسێ دەستبخاتە کاروبارەکانی ئێمە و ڕێگە بۆ ئێمە دابنێت، ڕێز لە پەیوەندی دراوسێیەتی دەگرین و خوازیارین پەیوەندی دراوسێیەتی دوولایەنە و تێگەیشتنی هاوبەش هەبێت". فەلاح مستەفا گوتیشی "نەبووینەتە هەڕەشە بۆ سەر هیچ وڵاتێک، ڕابردووش ئەوەی سەلماندووە، لە سیاسەتماندا کراوەین و نابینە بەشێک لە هیچ ململانێیەکی ناوچەکە و جیهان، خوازیارین ئەگەر وڵاتانیش هەر کێشە و ململانێیەکیان هەیە نەیگوازنەوە بۆ هەرێمی کوردستان".

### ڕووبەری باڵەخانەکە چەندە؟

تێچووی دروستکردنی بارەگای کونسوڵخانەی ئەمریکا لە هەولێر، 600 ملیۆن دۆلارە. باڵەخانەکە لەسەر ڕووبەری نزیکەی 20 هێکتار کە دەکاتە 200 هەزار مەتر دووجا لەسەر ڕێگای هەولێر شەقڵاوە دروست دەکرێ.

باڵەخانەی کونسوڵخانەی گشتیی ئەمریکا لە هەولێر لە باڵەخانەی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە یەریڤان لە ئەرمینیا، کە بە دووەم گەورەترین باڵیۆزخانەی ئەمریکا دادەنرێت، گەورەترە. تاوەکو ئێستا گەورەترین کونسوڵخانەی گشتیی ئەمریکا لەسەر ئاستی هەموو جیهان لە شاری سیوداد خواریزە لە مەکسیک کە لە باڵەخانەیەکی 4 نهۆمی پێکدێت و 66 ملیۆن دۆلار تێچووی بووە. باڵەخانەی کۆنسوڵخانە گشتییەکە 300 فەرمانبەری هەیە و لە ساڵی 2008 کراوەتەوە.

حەوت مانگ بوو ڕۆحانی دۆسیەکەی ڕاگرتبوو

# ئەندازیاری پەیوەندیی نێوان یەکێتی و پارتی دەبێتە باڵیۆزی ئێران لە عێراق



نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران:

### مەسجدی هاتووە بۆ ئەوەی بەرنامەی ئێران لە عێراق باشتر جێبەجی بکات

بیلال سلێمان:

### هیچ کەسێک بەبێ پرسی قاسم سلێمانی لە عێراق دانانرێ

عەبدوڵلا ئاکرەیی:

### مەسجدی 30 ساڵە دۆستی کوردە

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرزترین پۆستی دیپلۆماسیی وڵاتەکەی لە عێراق، بە پیاوێک دەدات کە 30 ساڵە پەیوەندی لەگەڵ کورد هەیە و بە "ئەندازیاری پەیوەندیی نێوان پارتی و یەکێتی" دادەنرێ. بەرپرسێکی کورد دەڵێ هاتنی ئەو پیاوە بۆ عێراق بۆ ئەوەیە بەرنامەی ئێران لە عێراق باشتر جێبەجێ بکرێ.

ئێرەج مەسجدی، فەرماندەیەکی سەرسەختی سوپای قودس و دەستە ڕاستی سەردار قاسم سلێمانی، فەرماندەی گشتی ئەو سوپایەیە کە بە باڵیۆزی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەغدا دەستنیشان کراوە. ئێران دەیەوێ هەژموونی زیاتر بێ بەسەر عێراقدا و پێیوایە ئەو کارەش بە کەسێکی وەکو مەسجدی دەکرێ.

ئێرەج مەسجدی، تەمەن 60 ساڵ، ڕاوێژکاری باڵای قاسم سولەیمانییە. مووی سەر و ڕیشی لە نێو سوپای قودسدا سپی کردووە. بەرپرسانی کورد ئەم پیاوە باش دەناسن. دەڵێن بەهاتنی مەسجدی، پەیوەندیی نێوان تاران و هەولێر باش دەبێ.

### عەبادی قسەی لەگەڵ دانایيفەڕ نەمابوو

نازم دەباغ، نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە تاران لەبارەی دانانی مەسجدی وەکو سێیەم باڵیۆزی ئێران لە بەغدا لەدوای ساڵی 2003 دەڵێت "هەڵبژاردنی ئاغای مەسجدی نیشانەی گرنگیدانی ئێرانە بە عێراق و لایەنە سیاسییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان". چونکە "بەگشتی ئەمە شاراوە نییە ئێران ئاغای مەسجدییان داناوە بۆ باشتر جێبەجێکردنی بەرنامەی ئێران".

بەرپرسێکی ئاگادار و نزیک لە ئێران کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی چۆنیەتی دانانی مەسجدی دەکات و دەڵێت "حکومەتی عێراق ماوەی ساڵێک دەبوو مامەڵەی لەگەڵ حەسەن دانایيفەڕ، باڵیۆزی پێشووی ئێران لە بەغدا، نەدەکرد، چونکە لە سەردەمی نووری مالیکی، سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراقدا، دانایيفەڕ دەستی خستبووە نێو هەموو دەزگاکانی عێراق، عەبادیش ئەمەی قەبووڵ نەبوو".

لە تارانیش کاتێک ناوی مەسجدی هاتووە بۆ ئەوەی ببێ بە باڵیۆزی ئێران لە عێراق، کێشە لەنێوان حکومەت و سوپای قودس دروست بووە، بەڵام دواجار، قسەی سوپای قودس سەرکەوتووە.

ئەو بەرپرسە زانیاریی وردی هەیە لەسەر دانانی باڵیۆزی نوێی ئێران لە بەغدا و دەڵێت "حەوت مانگ بوو سوپای قودس ناوی مەسجدی بۆ پۆستی باڵیۆزی وڵاتەکەی لە بەغدا بۆ حەسەن ڕۆحانی، سەرۆک کۆماری ئێران بەرزکردبووەوە، بەڵام سەرەتا ڕۆحانی ڕازی نەبوو مەسجدی ئەو پۆستە وەربگرێ، ئەوە تەنیا دوو مانگە ئیمزای کردووە. ڕۆحانی لەگەڵ ئەوە نەبوو کەسێکی سەر بە سوپای قودس ئەو پۆستە وەربگرێ".

کێشەی نێوان حکومەت و سوپای قودس سەبارەت بە دانانی مەسجدی ئەو کەلێنە گەورەیە دەردەخات کە لە نێوان سیاسەتەکانی سوپای پاسداران و حکومەتی ئێراندا هەیە، لە هەمانکاتیشدا ئەو دەسەڵاتە زۆرەی سوپای پاسداران و قودس لە دیاریکردنی سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق دەردەخات کە بەهۆی هاومەزهەببوونەوە پەیوەندیی لە مێژینەی لەگەڵ کەسایەتی، حیزب و میلیشیاکانی شیعە، هەژموونێکی تەواوی بەسەر حکومەتی زۆرینەی شیعەی عێراقدا هەیە.

### بە قەڵەمی قاسم سلێمانی بووە

مەسجدی بە قەڵەمی قاسم سلێمانی ناوەکەی پێشنیار کراوە بۆئەوەی ببێتە باڵیۆز، لە ئێرانیش ڕەتکردنەوەی داوای سلێمانی ئاسان نییە.

بیلال سلێمان، بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان دەڵێت "لە ئێران زۆرتر ئەو کەسانە بۆ پۆستەکانی پەیوەندیدار بە عێراق دادەنرێن کە شارەزاییان هەبێ لەسەر دۆخی عێراق و ئاغای مەسجدی زۆر لە قاسم سلێمانی نزیکە، دیاریکردنی هیچ کەسێک بۆ عێراق بەبێ پرسی قاسم سلێمانی نابێ".

لەدوای 2003وە ئێران پێگەی خۆی باش لەعێراق قایم کردووە، بەشێوەیەک حکومەتەکانی عێراق بەبێ ڕازیبوونی ئێران دروست نابن.

ئێران سێ باڵیۆزی لە عێراق داناوە کە هەرسێکیان پلەداری باڵا بوونە لە سوپای قودسی ئێران. یەکەم باڵیۆزی ئێران دوای لەنێوبردنی حوکمی سەددام حوسێن لەلایەن ئەمریکاوە، حەسەن کازمی قومی بوو کە بۆ ماوەی شەش ساڵ و نیو باڵیۆزی تاران بوو لە بەغدا.

حەسەن دانایيفەڕ، کە ئەویش بۆ ماوەش شەش ساڵ ئەو پۆستەی بەڕێوەبرد، پێش وەرگرتنی ئەو پۆستە، فەرماندەی گشتیی هێزی دەریاوانی سوپای قودس بووە. هەروەها بەرپرسی بەشی ئابووریی ئەو سوپایە بووە.

دانانی سێ باڵیۆز بە پێشینەی کارکردن و بەرپرسیارێتی لە سوپای قودس ئەو ڕاستییەش دەردەخات کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە عێراق هەتا چەندە گرێدراوە بە بەرژەوەندییە ئەمنییە ستراتیژییەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. مەسجدی لە کاتێکدا دەستبەکار دەبێ کە بەرەبەرە داعش وەکوو خەلافەت بەرەو نەمان دەچێت و بەمەش عێراقی پاش داعش دێتە ئاراوە، کە تێیدا کۆمەڵێک پرسی نوێی وەکوو دەسەڵاتی حەشدی شەعبی لە عێراقی دوای داعش، ناوچەکانی دەوروبەری مووسڵ و نزیک لە سنووری سووریا، هەڵبژاردنی پەرلەمان و ئەنجوومەنی پارێزگاکانی عێراق، سیاسەتی ئیدارەی نوێی ئەمریکا لە عێراق و پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە ئارادایە. ئەمە جگە لەوەی دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران، دەستی سوپای پاسداران لە بازرگانیکردن لەگەڵ دەرەوە وەک جاران کراوە نییە، بۆیەش عێراق دەتوانێ دەرگا و دەرفەتێکی نوێی بازرگانی بۆ کۆمپانیای خاتەم ئەلئەنبیای سەر بە سوپای پاسداران دەستەبەر بکات.

### مەسجدی و کورد

ئێرەج مەسجدی وەکو سێیەم باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە عێراق دەستبەکار دەبێ. بەرپرسانی کورد مەسجدی بە دۆستێکی هەرە نزیکی کورد هەژمار دەکەن. لەو باوەڕەدان دەبێتە هۆکارێک بۆ بەهێزتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان.

عەبدوڵڵا ئاکرەیی، بەرپرسی پەیوەندییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، وەسفی مەسجدی بە کەسێکی "میانڕەو" دەکات و دەڵێت "30 ساڵە پەیوەندی لەگەڵ کورد هەیە".

بە بڕوای ئاکرەیی، بەهاتنی مەسجدی پەیوەندی ئێران لەگەڵ هەرێمی کوردستان باشتر دەبێ و گوتی "کورد هیچ خاڵێکی ڕەشی لەسەر مەسجدی نییە".

وەک نازم دەباغ باسی دەکات، ئێرەج مەسجدی "بەستراوەتەوە بە سوپای قودس و ڕۆڵی کاریگەری هەیە لە داڕشتن و بەدواداچوون لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، بەردەوامیش نوێنەری تایبەتی سەردار سلێمانی بووە بۆ لای مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان".

بەڵام بیلال سلێمان کە ماوەیەک نوێنەری کۆمەڵی ئیسلامی بووە لە تاران، زانیاری نوێ لەبارەی پەیوەندیی نێوان حیزبە کوردستانییەکان و مەسجدی ئاشکرا دەکات "پێش دروستبوونی بەرەی کوردستانی، مەسجدی ڕۆڵێکی باشی هەبووە لە نزیکبوونەوەی لایەنە کوردستانییەکان و بگرە ئەندازیاری نزیکبوونەوەی پارتی و یەکێتی بوو".

ڕاپۆرت
ژمارە (441) - دووشەممە 2017/1/16



## لە عێراق خۆپیشاندان ڕێکدەخرێت

ڕووداو- سلێمانی

ئەشواق جاف، ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەم وەرزەی یاساداناندا پرۆژەی یاسای ئازادی ڕادەبڕین کە حکومەتی ناردوویەتی دەخەنە دەنگدانەوە. ئەشواق گوتی "گرنگترین بەشی پرۆژەکە تایبەتە بەڕێکخستنی خۆپیشاندانەکان، حکومەت داوای کردبوو مۆڵەت وەربگیرێت، بەڵام لیژنەکەمان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی پێمان باشبوو حکومەت تەنیا ئاگادار بکرێتەوە نەک مۆڵەت وەربگیرێت، دواتر ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی چەند ڕۆژێک پێش خۆپیشاندان، حکومەت تەنیا ئاگادار بکرێتەوە بۆ دابینکردنی هێزی ئەمنیی پێویست".

### پاش ساڵێک چەند لە بڕیارەکانی حکومەت جێبەجێ کران؟

# خەرجییەکانی حکومەت 70% دابەزیون و داهاتیش 25% زیاد بووە

## سیستەمی پاشەکەوت، خەرجیی مووچەی لە 870 ملیار دینارەوە بۆ 620 ملیار دینار کەم کردەوە

ئاسۆ سەراوی
ڕووداو- هەولێر

سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی کوردستان دەڵێت لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا خەرجییەکانی حکومەت بە ڕێژەی 70% کەم کراوەتەوە، داهاتی ناوخۆش (جگە لە گومرگەکان) بە ڕێژەی 25% زیادی کردووە.

سەرەتای ساڵی ڕابردوو، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردستان، بە ئامانجی زیادکردنی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان و کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی بڕیاری دا کۆمەڵێک گۆڕانکاری بکات، هەندێک لەو گۆڕانکارییانە جێبەجێ کران، بەڵام بەشێکیان جێبەجێ نەکراون.

ئەو چاکسازی و گۆڕانکاریانەی حکومەت لە وۆرکشۆپێکدا لە ڕۆژی 2016/1/23 لە هۆڵی سەعد عەبدوڵڵا لەشاری هەولێر بە ئامادەبوونی بەرپرسانی حکومی و کەسانی شارەزای بواری دارایی و ئابووری، ڕاگەیەنرا. ئەو دەمە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند "بەرمیلی نەوت بە 20 دۆلار دەفرۆشین"، بەڵام ئێستا بەرمیلێک نەوتی کوردستان بە زیاتر لە 40 دۆلار دەفرۆشرێ.

هەر ئەو کاتە بارزانی ڕاگەیاند ملیۆنێک و 400 هەزار مووچەخۆر لە کوردستان هەن، بەڵام 700 هەزار کەسیان بە فیعلی کار دەکەن. مانگانەش 850 ملیار دیناریان بۆ مووچە پێویست بووە. ئەوە لەکاتێکدا داهاتی مانگانەی حکومەت ئەوکات 450 بۆ 500 ملیار دینار بوو، بەڵام ئێستا بە پشتبەستن بە داهاتی نەوت و بەو نرخەی ئێستا پێشبینی دوو هێندەی ئەو داهاتە دەکرێت.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بەپێی ئامارەکان، ئێستا ئەگەر مانگانە هەرێمی کوردستان 18 ملیۆن بەرمیل نەوتیشی فرۆشتبێت، کۆی پارەکەی دەکاتە (804 ملیۆن و 600 هەزار دۆلار)، بەڵام ئەو پارەیە هەمووی نامێنێتەوە وەکو ئەو دەڵێت "لەو بڕە پارەیە 195 ملیۆن دۆلاری بۆ قەرزی پێشوو، 94 ملیۆن دۆلاریشی بۆ حەقدەستی کۆمپانیاکان و 25 ملیۆن دۆلاریشی بۆ حەقدەستی بانکی و گۆڕینەوەی پارەکە دەڕوات. کۆی گشتی پارەی ماوە 490 ملیۆن دۆلارە". بۆیە "حکومەت ئێستا دەتوانێ 66%ی پارەی مووچەخۆران بەبێ پاشەکەوت دابین بکات".

لە پاش ساڵێک لە ڕاگەیاندنی چاکسازییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خەڵکی دەپرسێ چەند لەو بڕیارانە جێبەجێ کراون؟

د.ئاراس خۆشناو سەرۆکی سەنتەری زانیاری و لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لە کوردستان، دەڵێت ئەو بڕیارانە بەشێکی زۆریان کاریان تێدا کراوە و بەشێکی دیکەش بە پێچەوانەوە کارکردن تێیاندا وەکو پێویست نەبووە. خۆشناو باسی ئەنجامەکانی ئەو چاکسازیانە دەکات و دەڵێت "کەمکردنەوەی خەرجی بەکاربردنی دامودەزگاکانی حکومەت کاری باشی تێدا کراوە، بە جۆرێک بە ڕێژەی 70% کەمکراوەتەوە، داهاتەکانی ناوخۆش جگە لە گومرگ بە ڕێژەی 25% زیاد کراوە، ئەمە جگە لەوەی هەر وەزارەتێک بەجیا کاری بۆ زیادکردنی داهاتەکانی خۆی کردووە".

گەڕانەوەی قەرزی حکومەت لەلای کۆمپانیا گەورەکان بڕیارێکی دیکەی حکومەت بوو. د.ئاراس دەڵێت "بەشێکی ئەو قەرزانە وەرگیراونەتەوە، وەرگرتنەوەی پێشینە جیاجیاکانیش کە کاتی خۆی هاووڵاتیان وەک قەرز لە حکومەت وەریانگرتووە وەکو پێویست نەبوو، چونکە بەهۆی پەیڕەوکردنی سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا فەرمانبەران ناچار نەکرێن لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا ئەو پێشیانانە بگەڕێننەوە".

بچووککردنەوەی هەیکەلی ئیداریی وەزارەتەکان، بڕیارێکی دیکەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو. د.ئاراس دەڵێت "زۆربەی وەزارەتەکان کاری باشیان لەو بارەیەوە کردووە، بەڵام دەکرێت کاری دیکەش بکرێت". بەڵام دەڵێت "لیژنەی شەفافیەتی داهاتەکان وەکو پێویست کاری خۆیان نەکردووە، بەڵام ئەوە باشە کە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان مانگانە ڕاپۆرتی خۆیان بڵاودەکەنەوە، هاوکات لیژنەی گۆڕینەوەی داهاتی نەوت لە دۆلارەوە بۆ دینار، کارێکی وەهایان نەکردووە کە دیاربێت".

قورسترین بڕیاری حکومەت لە ساڵی ڕابردوودا بڕیاری سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچەی فەرمانبەران بوو، بەهۆی ئەو بڕیارەوە خەرجیی مانگانەی مووچە لە 870 ملیار دینارەوە بۆ نزیکەی 621 ملیار دینار کەمکرایەوە. د.ئاراس خۆشناو دەڵێت "لەبەر ئەوەی ئەو کاتە گوتراوە بە زیادبوونی داهاتەکانی حکومەت دەستکاریی ئەو سیستەمە دەکرێت، ئێستا کاتی دەستکاریکردنی هاتووە، چونکە داهاتی نەوت بە بەراورد بەو کاتەی بڕیارەکەی تێدا درا زۆر زیاد بووە، هەموو پێشبینییەکانیش بۆ ئەوە دەچن کە لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا بە ڕێژەیەک دەستکاری سیستەمی پاشەکەوتکردنی مووچە بکرێ".



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

### داهاتەکەی هەشت ملیۆن دۆلارە

# دەستەی حەجی عێراق 1000 کورسیی حەج دەکاتە بازرگانی

قاسم بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتیی حەج و عومرەی کوردستان:

## تائێستا بیرۆکەی حەجی بازرگانیمان نییە

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

دەستەی حەج و عومرەی عێراق پێشنیازی کردووە 1000 کورسی لە حەجی ئەمساڵ بکاتە بازرگانی، هەر کورسییەکیش بە هەشت هەزار دۆلار بفرۆشرێ، بەڵام بۆ هەرێمی کوردستان هیچ پلانێک نییە، ئەمساڵ حەجی بازرگانی هەبێ.

تا پێش ساڵی 2013، ساڵانە 31 هەزار و 500 کەس لە عێراقەوە سەفەری حەجیان دەکرد، لەوەش 4500 کەس پشکی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام دواتر سعودیە پشکی حاجیانی عێراقی بۆ 25 هەزار کەمکردەوە، بەو هۆیەشەوە پشکی حاجیانی کوردستان بۆ 3656 حاجی کەم بووەوە. ئەمساڵیش دوای فراوانکردنی حەرەمی کەعبە، پشکی عێراق بۆ 33 هەزار و 690 کەس زیادکرایەوە و پشکی کوردستانیش وەک جارانی لێهاتەوە.

ڕۆژی 2017/1/15 لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی سەفەری حەجی ئەمساڵ لەگەڵ دەستەی حەج و عومرەی عێراق کۆبوونەتەوە و چوار تەوەریان باسکردووە. سەلیم شووشکەیی ئەندامی لیژنەی ئەوقاف لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لە کۆبوونەوەکەدا دەستەی باڵای حەج بۆ یەکەمجار باسی پێشنیازێکیان کرد بۆ ئەوەی لە پشکی حاجیانی عێراق 1000 کەس بە حەجی بازرگانی فەریزەکە بەجێبگەیەنن، ئەوەش بە مەبەستی زیادکردنی داهات بۆ دەستەکە.

شووشکەیی گوتی "بە قسەی بەرپرسانی حەج و عومرە، نرخی هەر حەجێکی بازرگانی ڕەنگە هەشت هەزار دۆلار بێت، لە کاتێکدا نرخی حەج بۆ هاووڵاتی ئاسایی چوار ملیۆن و 250 هەزار دینارە کە دەکاتە نزیکەی سێ هەزار و 300 دۆلار"، بە گوتەی ناوبراو، بەرپرسانی حەج و عومرە پێشنیازەکەیان ئاڕاستەی حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردووە و ئەویش بەشێوەیەکی سەرەتایی بەڵێنی جێبەجێکردنی پێداون.

مەلا سەلیم شووشکەیی باسی لایەنە باش و خراپەکانی حەجی بازرگانی کرد و ڕوونیکردەوە، لایەنی باشی ئەوەیە دەستەی حەج و عومرە بۆ تێچووی حاجیان پشتی بە داهاتی خۆی بەستووە و لەلایەن حکومەتی عێراقەوە هاوکاریی ناکرێت، بەڵکو چەند کۆمپانیایەکی بۆ حەج و عومرە کردووەتەوە بۆ ئەوەی داهاتەکانیان لە حاجیاندا خەرج بکاتەوە، بۆیە ئەو زیادکردنە دەبێتە داهاتێک.

شووشکەیی باسی لایەنە نەرێنییەکەی حەجی بازرگانی دەکات و دەڵێت "ئەو 1000 کەسە پشکی حاجیانی عێراقە، بەڵام لەو کاتەدا لەبەرئەوەی دەچێتە چوارچێوەی بازرگانی، ڕەنگە کەسوکاری بەرپرسان سەفەر بکەن و لە پشکی هاووڵاتیانی ئاسایی کەم ببێتەوە، جگە لەوەش ئەو کۆمپانیایانەی ئەو حەجە بازرگانییە جێبەجێ دەکەن ڕەنگە بە نرخی گرانتر بە هاووڵاتیانی بفرۆشنەوە".

بەهۆی نەبوونی هیچ نوێنەرایەتییەکی فەرمیی سعودیە لە عێراق، ساڵانە پاسپۆرتی حاجیان بۆ وەرگرتنی ڤیزا دەبرایە سعودیە، بەڵام وەکو شووشکەیی باسیکرد، لە کۆبوونەوەکەدا بەرپرسانی حەج و عومرە ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئەمساڵ سعودیە ئۆفیسێک لە بەغدا بۆ پێدانی ڤیزا بەو کەسانەی سەفەری حەج دەکەن، دەکاتەوە.

ساڵانە حاجیانی عێراق لەڕێگەی ئاسمانی و وشکانییەوە سەفەری حەج دەکەن، وشکانیش بەڕێگەی ناوچەی عەرعەرە، بەڵام لە سەفەری ئەمساڵدا ڕێگەیەکی دیکەی وشکانیش بۆ حاجیان دەکرێتەوە. شووشکەیی گوتی "بەرپرسانی حەج و عومرە گوتیان دەروازەی سەماوە وەکو ڕێگەیەکی دیکە دەکەنەوە، چونکە تائێستا 40%ی حاجیان بەڕێگەی وشکانی و 60%یشیان بەڕێگەی فڕۆکە دەڕۆیشتن، بە کردنەوەی ئەو ڕێگە نوێیە ماوەی ڕێگاکە کەمتر دەبێتەوە".

شووشکەیی پێشنیازی کردووە ڕێگەیەکی وشکانیش بۆ حاجیانی هەرێمی کوردستان بکرێتەوە، چونکە لەو کاتەدا نرخی هەزار دۆلار بۆ هاووڵاتیی کوردستان کەمتر دەکەوێت، بەرپرسانی حەج و عومرەش بۆ ئەو مەبەستە قسە لەگەڵ بەرپرسانی کوردستان دەکەن.

ساڵی ڕابردووش بۆ یەکەمجار هەرێمی کوردستان 500 کورسی لە پشکی حاجییان بە نرخی هەشت هەزار دۆلار کردە بازرگانی.

بەڵام شێخ قاسم بەرزنجی، بەڕێوەبەری گشتی حەج و عومرە لە وەزارەتی ئەوقافی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، بۆ ئەمساڵ تائێستا هیچ بیرۆکەیەکیان نییە بۆ تەرخانکردنی کورسیی حەجی بازرگانی.

### تایبەتە بە دۆسیەی ئێزدی و مەسیحی و کاکەییەکان

# دادوەرێک دەیەوێ دادگایەکی نێودەوڵەتی لە کوردستان دابمەزرێنێ

نەوزاد مەحموود
ڕووداو- سلێمانی

یەکێک لەو دادوەرە کوردانەی لە پرۆسەی دادگاییکردنی بەرپرسانی حیزبی بەعسدا سەرۆکایەتی چەند دانیشتنێکی دادگای کردووە، وەک خۆبەخش سەرقاڵی کارکردنە بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان.

دادوەر ئاسۆ سۆفی، دەڵێ کار بۆ دامەزراندنی دادگایەکی نێودەوڵەتی لە هەرێمی کوردستان کراوە "پرۆژەکەی ئامادەیە، بەڵام پێویستی بە پەرلەمانە دوای هەڵسەنگاندنی پەسەندی بکات و دواتر ڕەزامەندیی حکومەتی عێراق و ئەنجوومەنی دادوەریی عێراقی بۆ وەربگیرێت". ناوبراو پێیوایە ئەوەی وایکردووە بۆ دامەزراندنی ئەو دادگایە لە کوردستان ڕەزامەندی حکومەت و ئەنجوومەنی دادوەریی عێراق وەربگیرێ، تەنیا ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق "بەڵکو شنگال هێشتا بەشێکە لەو ناوچانەی ناکۆکیی لەسەرە و دەکەوێتە سنووری ناوچە دابڕێنراوەکانەوە".

ساڵی 2014 چەکدارانی داعش ئاراستەی شەڕیان بەرەو باشووری کوردستان گۆڕی و دوای دەستگرتن بەسەر شنگال و چەند ناوچەیەکی دیکەی باشووری کوردستان، کوشتارێکی بێوێنەیان لە شنگال ئەنجام دا، ئەوە جگە لەوەی کە ژمارەیەکی زۆری کچان و ژنانی ئێزدییان دەستبەسەر کرد و هێشتا ژمارەیەکیان لە بندەستی ئەوان ماون. لەمانەش واوەتر، وێرانەیەکی گەورەیان لەدوای خۆیان بەجێهێشت کە کۆی وێنەکان بەلای شارەزایان و یاساناسانەوە، دەچێتە خانەی تاوانی کۆمەڵکوژییەوە.

ئەو دادوەرە، چەند جارێک سەردانی وڵاتانی دەرەوەی کردووە، بەتایبەتی وڵاتانی ئەمریکا و ئەوروپا، لەوێ دیداری لەگەڵ پسپۆڕان و یاساناسانی دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکان کردووە، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە وێنەی تاوانکارییە گەورەکانی ئەمدواییە پیشان بدات "لە هەموو سەردان و دیدارەکان، هەوڵماندداوە پشتیوانی نێودەوڵەتی کۆبکەینەوە بۆ دروستکردنی ئەو دادگایە لە کوردستان، هەروەها بۆ ئەوەی تیمە پسپۆڕەکان بێنە کوردستان و لە نزیکەوە ئاسەواری تاوانەکان و قوربانییەکان ببینن".

ئاسۆ سۆفی کە دەڵێ هەموو سەردان و هەوڵەکانی بەشێوەی خۆبەخش و لەسەر گیرفانی خۆی بووە، سوورە لەسەر ئەوەی تاوەکو ئەوکاتەی پرسی ئێزدی و مەسیحی و کاکەییەکان و هەموو قوربانییەکانی دیکە لە نێو دادگایەکی تایبەتمەند، ڕێچکەی خۆی دەگرێ، بەردەوام دەبێ.

"هەریەکە لە ئەمریکا و فەرەنسا و بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئەوروپا پشتیوانی پرۆژەکە دەکەن". لەبارەی تایبەتمەندی ئەو دادگایەشەوە دەڵێ، هێشتا ئەوە یەکلا نەبووەتەوە کە دەبێ دادگاکە چۆن بێ "یان دەبێ لە دادوەرانی کورد و عەرەبی عێراقی و بیانی پێکهاتبن، یان دادوەرانی کورد و عەرەبی عێراقی، بەڵام دادگایەکی نێودەوڵەتی دەبێ و لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ".



دادوەر ئاسۆ سۆفی

بۆ دادگایی سەددام حوسێن و سەرانی ڕژێمەکەی لە عێراق، دوای پرۆسەی ئازادی و لەساڵی 2003دا، دادگای باڵای تاوانەکان پێکهات کە دادگایەکی سەربەخۆ بوو.

دادگاکە بەپێی ئەحکامەکانی مادە (48)ی یاسای ئیدارەی کاتی دەرچووبوو، سەرەڕای تەواونەبوونی کارەکانی ئەو دادگایە، لە ڕۆژی (2011/5/3) لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا، ڕەزامەندی لەسەر پرۆژەی هەڵوەشاندنەی ئەو دادگایە درا و پرۆژەکە ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق کرا بۆ پەسەندکردنی. بۆیە هەوڵ دەدرێ ئەو دادگایەی لە کوردستان پێکدەهێنرێ، هاوشێوەی ئەو دادگایە بێت.

مەحموود حاجی ساڵح، وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەڵێ تاوانی دژ بە کوردی ئێزدی و پێکهاتەکانی دیکەی مووسڵ و ناوچەکانی دیکە، هەموو ڕەگەزێکی جینۆسایدیان تێدایە، بۆیە ڕۆژی 2014/8/17 ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆبووەوە و بڕیاری دروستکردنی لێژنەیەکی تایبەتی بەو پرسە دا، بۆ ئەوەی لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دۆسیەکە بجوڵێنرێت و بە جینۆساید بناسرێت "زیاتر لە هەزار بەڵگەمان ئامادە کرد و بردمانە لاهای، لەگەڵ سەرۆکی دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی کۆبووینەوە. دوای چەند مانگێک دادگا وەڵامی داینەوە کە ناتوانن لێکۆڵینەوە لەو دۆسیە بکەن، چونکە عێراق ئەندامی ئەو دادگایە نییە، هەوڵماندا لە ڕێگای ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو دۆسیەیە بجوڵێنین، بەڵام ئەویش زەحمەتە".

مەحموود حاجی ساڵح باسی دوایین هەوڵی خۆیان دەکات و دەڵێت "ئێستا لەگەڵ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی گرێبەستمان کردووە کە هاوکاریمان دەکەن بۆ دروستکردنی دادگایەکی نێوخۆیی، بەڵام سیفەتێکی نێودەوڵەتی دەبێت بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی داعش و بە پارەو بە لێکۆڵینەوە و دادوەری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەبێت، بەڵام لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان بە ئیعترافی ئەوان بەڕێوەدەچێت، ئەمەش پێویستی بە ڕەزامەندی بەغدا هەیە".

دادوەر هاشم عەبدولحامد کە دادوەرە لە هەڵەبجە و لە نزیکەوە ئاگای لە هەوڵەکانی دادوەر ئاسۆ سۆفی هەیە، پێیوایە ئەو دادگایە ڕۆڵێکی گرنگی دەبێ لە بە جینۆساید ناساندن و هەروەها پێشخستنی دۆسیەی قوربانییەکانی دەستی داعش. بەبڕوای ئاسۆ سۆفی، ئەو دەستەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکیهێناوە بۆ ئامادەکاری و کۆکردنەوەی بەڵگە و وتە و شاهیدحاڵەکان "کاری زۆر باشیان کردووە و هێندەیان بەڵگە کۆکردووەتەوە کە بتوانین ئەو دادگایەی بۆ ئامادە بکەین".

رووداو کوردستانی
ژمارە ( 441 ) - دووشەممە 2017/1/16



## مستەفا مەولوودی بوو بە سکرتێری حدک

**رووداو- کۆیە**

رۆژی 2017/1/15 مستەفا مەولوودی بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بە سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان (حدک) هەڵبژێردرا. هەڵبژاردنی مستەفا مەولوودی دوای دەستلەکارکێشانەوەی خالید عەزیزی دێت لە پۆستی سکرتێری گشتیی حدک. مەولوودی پێشتر جێگری سکرتێری گشتیی حدک بوو. مستەفا مەولوودی بڕوانامەی یاسای لە زانکۆی کۆیە وەرگرتووە. لە کۆنگرەی حەوت بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی دیموکرات، لە کۆنگرەی 12 بووەتە ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات، لە کۆنگرەی 14ش بووەتە جێگری سکرتێری گشتی حدک.

# کورد لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا پاڵێوراوێکی جگە لە روحانیی نییە



کورد بە هەمان رۆحیەتی خولی رابردووی هەڵبژاردن دەنگ بە روحانی نادەن

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

هەڵبژاردنەکانی خولی داهاتووی سەرۆک کۆماری ئێران نزیک دەبێتەوە، چالاکڤانانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێن هەرچەندە حەسەن روحانی پابەندی ئەو بەڵێنانە نەبوو کە لە کاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی خولی رابردوو بە کوردی دا، بەڵام لەویش باشتر شک نابەن دەنگی پێ بدەن.

حەسەن روحانی، یەکەمین سەرۆک کۆماری ئێرانە کە بە نووسین کۆمەڵێک بەڵێنی بە نەتەوەکانی ئێران دا. ئەمە جگە لە بەڵێنە زارەکییەکانی. ماوەی زیاتر لە سێ ساڵ و نیو بەسەر هاتنەسەرکاری روحانی-دا تێپەڕیوە، بەڵام تەنانەت لایەنگرانیشی پێیانوایە لە جێبەجێکردنی بەڵێنەکانیدا نمرەی دەرچوون ناهێنێ.

موسا ئومێدی، چالاکڤانی کورد لە ئیلام دەڵێت "لە سیاسەتی ناوخۆییدا روحانی سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێناوە. ئەو بۆ نموونە باسی لابردنی هەڵاواردن و جیاوازییەکانی بۆ پێدانی بەرپرسیارێتییەکان کرد، بەڵام ئەو بەڵێنەی جێبەجێ نەکرد.

حەسەن روحانی لە سەروبەندی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی خولی رابردووی سەرۆک کۆماری ئێراندا بە هەوڵی چالاکڤانانی کورد کارنامەیەکی 10 خاڵیی ئامادە کرد. لە کارنامەکەیدا کۆمەڵێک بەڵێنی بە کورد دابوو، لەوانەش هەموو ئێرانییەکان بەبێ جیاوازیی زمان و ئاین، لە هەموو ئاستەکاندا، تەنانەت تاوەکو ئاستی وەزیریش بەرپرسیارێتی وەردەگرن. لە ناوچەکانی خۆیاندا بەرپرسیارێتی بدرێتە خەڵکی ناوچەکە خۆیان. نەتەوەکانی ئێران بۆیان هەبێ بە زمانی دایکیان بخوێنن. پاراستنی مافی پەیڕەوانی ئاینەکانی دیکە. بودجەیەکی تایبەت بۆ قەرەبووکردنەوەی ناوچە پشتگوێخراوەکان تەرخان بکرێ و لابردنی روانینی ئەمنی بۆ ناوچەی نەتەوەکان.

چالاکڤانانی کورد دەڵێن حەسەن روحانی پابەند نەبوو بەو کارنامەیە و زۆربەی خاڵەکانی کارنامەکەی جێبەجێ نەکردووە.

فەرهاد ئەمین پوور، چالاکڤانی سیاسی لە سەقز دەڵێ "چاوەڕوان دەکرا روحانی هەوڵێکی جدیتری بۆ جێبەجێکردنی راگەیەندراوە 10 خاڵییەکەی دابایە".

چالاکڤانانی کورد دەڵێن هەندێک لەو بەڵێنانەی حەسەن روحانی لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکان بە نەتەوەکانی ئێرانی داوە "هێڵی سوورن" و روحانی ناتوانێ خۆی لە قەرەیان بدات.

فەرهاد ئەمین پوور دەڵێت "بەشێک لە داخوازییەکان هەستیارن و حکومەت ناوێرێ لە ترسی دامەزراوە ئاینی و سەربازییەکان، جێبەجێیان بکات".

موسا ئومێدی نموونە بە جێبەجێنەکردنی داخوازییەکی گرنگی نەتەوەکانی ئێران دێنێتەوە و دەڵێت "هێشتا یەک حیزب نەیتوانیوە مۆڵەتی چالاکیی سیاسی وەربگرێت، چونکە ئەمە لە ئێران هێڵی سوورە".

فەرهاد ئەمین پوور پێیوایە رەنگە حەسەن روحانی هەوڵی جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی دابێت یا باوەڕی پێیان بووبێت، هەروەها هەندێکیشی جێبەجێ کردبێت، بۆ نموونە خوێندن بە زمانی کوردی لە زانکۆی کوردستانی سنە یان دانانی یەکەمین باڵیۆزی کوردی سوننە مەزهەب، بەڵام بەشێک لە کێشەکان بۆ پێکهاتەی هێز لە کۆماری ئیسلامیدا دەگەڕێنەوە "بەشێک لە پرسەکانی پەیوەندیدار بە نەتەوەکان پەیوەندییان بە سیاسەتی گشتی دەسەڵاتدارێتییەوە هەیە لە ئێران. بەجۆرێک کە هەموو دەسەڵات دەبێت بڕیاری لەسەر بدەن و تەنیا لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتدا نین".

بەبڕوای موسا ئومێدی، بەشێک لە هۆکارەکانی جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی روحانی پەیوەندی بە خودی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە هەیە کە نەبوونەتە ئامرازێکی گوشار و بەدواداچوونیان بۆ جێبەجێکردنی بەڵێنەکانی روحانی نەکردووە.

حکومەتی حەسەن روحانی میراتگری حکومەتەکەی مەحموود ئەحمەدی نەژاد بوو. دوای رۆیشتنی ئەحمەدی نەژاد، گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە بەرنامە ئەتۆمییەکانی ئێرانەوە، ئابووریی ئەو وڵاتەیان تووشی قەیرانی جدی و داتەپین کردبوو.

بەگوتەی روحانی، کاتێک حکومەتی وەرگرتووە رێژەی هەڵاوسان 40% بووە، سەرمایەگوزاریی بیانی لە ئێران نەدەکرا، ئاڵوگۆڕی بازرگانی زۆر کەم بوو. بۆیە کرانەوە بەڕووی جیهانی دەرەوەدا گرنگترین پرسی حەسەن روحانی لە ماوەی ساڵانی رابردوودا بوو. هەر ئەمە خۆی یەکێک لە بەڵێنەکانی ئەو بوو. حکومەتی روحانی بەڕووی دەرەوەدا هەنگاوی گەورەی هاوێشت کاتێک ساڵی رابردوو لەگەڵ وڵاتانی 5+1 لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی گەیشتنە رێککەوتن.

چاودێران پێیانوایە ئەو رێککەوتنە ئامرازی هەرە کاریگەری روحانی دەبێت بۆ کۆکردنەوەی دەنگ بۆ هەڵبژاردنی خولی دوازدەمینی سەرۆکایەتی کۆمار کە بڕیارە لە 19ی ئایاری ئەمساڵ بەڕێوەبچێ.

بەگوتەی چالاکڤانانی کورد، پابەندنەبوونی روحانی بەو بەڵێنانەی بە نەتەوەکانی دابوو، دەبێتە هۆی ئەوەی کە کورد بە هەمان رۆحیەتی خولی رابردوو دەنگ بە روحانی نەدەن.

لە خولی رابردوودا زۆربەی کورد و بەلوچەکان دەنگیان بە روحانی دا. ئەگەر کورد دەنگی بە روحانی نەدابایە، لانیکەم لە خولی یەکەمی هەڵبژاردندا دەرنەدەچوو. زیاتر لە 73%ی بەلووچەکان لە پارێزگای سیستان و بەلوچستان دەنگیان بە روحانی دا. لە پارێزگای سنەش نزیکەی 71%ی خەڵک و لە پارێزگای ورمێش زۆرینەی رەهای کورد دەنگیان بە روحانی دا.

حەسەن روحانی لە سەردانی هاوینی رابردوویدا بۆ مەهاباد، جارێکی دیکەش جەختی لەسەر بەڵێنەکانی کردەوە. گوتی هەڵاواردنی نەتەوەیی ئیدانە دەکات و هەروەها لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە لە هەوڵدان بۆئەوەی خوێندن بە زمانی کوردی کردەیی بکرێ. هاوکات جەختی لەسەر ئەوەش کردەوە کە دانانی یەک باڵیۆزی کوردی سوننە و یەک جێگری وەزیری نەوت لە کورد بەس نییە.

سەرەڕای ئەوانەش، چالاکڤانانی سیاسی و ریفۆرمخوازی کورد لێی نارازین. محەممەد محەممەد رەزایی، نوێنەری پێشووتری بیجاڕ، گوتبووی "دەبێت هەوڵ بۆ کەسێکی دیکە لە جێی روحانی بدەین".

بەڵام فەرهاد ئەمین پوور کە سەر بە ریفۆرمخوازانی ئێرانە، دەڵێت "ریفۆرمخوازانی کورد، هیچ پلانێکیان بۆ پشتگیری لە کەسێکی دیکە لەجێی روحانی بۆ هەڵبژاردنی خولی داهاتوو نییە. ئێستا هەوڵی ریفۆرمخوازان بەگشتی ئەوەیە دوای مردنی هاشمی رەفسەنجانی (کە بە رێبەری ریفۆرمخوازانی ئێران دادەنرا) بارودۆخی ئێستا وەک خۆی رابگیرێ، هەروەها ریفۆرمخوازانی ئێران پلانیان بۆ کاندیدکردنی کەسێکی دیکە نییە، ریفۆرمخوازانی کوردیش توانای ئەوەیان نییە خۆیان کەسێک کاندید بکەن".

### کێ خۆی کاندید کردووە؟

تاوەکو ئێستا تەنیا سێ کەس رایانگەیاندووە کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنی خولی داهاتووی سەرۆک کۆماری ئێران کاندید دەکەن ئەوانیش: محەممەد مەهدی زاهیدی، وەزیری پێشووی زانست. سەید محەممەد غەرزی، وەزیری پێشووی نەوت و کاندیدی خولی رابردوو. سەید مستەفا میر سەلیم، وەزیری پێشووی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئێران. هەروەها چواردە کەسی دیکەش قسەیان لەبارەوە دەکرێ کە خۆیان کاندید بکەن. دیارترینیان بریتین لە: محەممەد رەزا عارف، سەعید جەلیلی، عەلی شەمخانی، محەممەد باقر قالیباف کە ئەوەی دواییان لە خولەکانی رابردوودا دووجار کاندید بووە و دەرنەچووە.

# بە ئومێدی ئەورووپا رۆیشت و لە گرتووخانەیەکی تاراندا گیری خوارد

## "بیری کەرکووک و رەحیماوا و خێزانەکەم دەکەم"

**مزەفەر خۆشناو**
**رووداو- هەولێر**

مەریوان بە مەبەستی گەیشتن بە ئەورووپا جانتای سەفەر دەکاتە شانی و دەچێتە ئێران، لەوێ چەند جارێک بەختی خۆی تاقیدەکاتەوە، بەڵام هەموو هەوڵەکانی شکست دێنن، بۆیە هەر لە ئێران دەمێنێتەوە و فێری زمانی فارسی دەبێت. مەریوان دەبێتە وەرگێڕ بۆ ئەو کەسانەی کە بە مەبەستی گەشت و نەخۆشی روویان لەو وڵاتە دەکرد، بەڵام ئێستا لەودیو شیشەکانی گرتووخانەی رەجایی شەهری تارانەوە، چاوەڕێی تەواوکردنی حوکمەکەی دەکات.

مەریوان عەبدولکەریم رەزا، ساڵی 1988 لە کەرکووک لەدایک بووە. باوکی ئەنفالکراوە و دایکیشی لە ساڵی 1995 کۆچی دوایی کردووە. وەکو زۆر گەنجی دیکەی کورد، حەزی کردووە بچێتە ئەورووپا. بۆیە ساڵی 2004 دەچێتە ئێران، لەوێ زۆر هەوڵی داوە بە رێگەی قاچاخ خۆی بگەیەنێتە ئەورووپا، بەڵام لە هەوڵەکانی سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە هەر لە تاران دەمێنێتەوە و لەوێ کاری وەرگێڕی بۆ ئەو کەسانە کردووە کە بۆ چارەسەری نەخۆشی سەردانی ئەوێیان کردووە، بەڵام رۆژی 2012/11/30 لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی ئێرانەوە دەستگیر دەکرێ.

مەریوان کە لە رێگەی چاتەوە قسەی بۆ (رووداو) کرد، دەڵێت هێزێکی ئەمنی ئێران بە تۆمەتی تێکدانی ئەمنیەتی ئەو وڵاتە دەستگیریان کردووە. سەرەتا بۆ ماوەی حەوت مانگ لە گرتووخانەی ئێڤینی تاران لە ژوورێکی تاکەکەسیدا بووە و ئەشکەنجەیەکی زۆر دراوە. دواتر بۆ ماوەی مانگ و نیوێک گواستراوەتەوە گرتووخانەیەکی شاری کرماشان، لەوێش بەهەمانشێوە ئەشکەنجە دراوە.

مەریوان باسی دادگاییکردنەکەی دەکات و دەڵێت "لە دادگای ئینقیلاب لە تاران شوعبەی 28 دادگایی کرام، لەوێ بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەک هەبێ کە من ئەمنیەتی ئەو وڵاتەم تێکداوە، بە 33 ساڵ و سێ مانگ بەندکردن سزا درام".

دوای دوو ساڵ مانەوە لە گرتووخانە، حوکمەکەی مەریوان تەمیز دەکرێتەوە، بەو هۆیەوە سزاکەی لە 33 ساڵ و سێ مانگەوە کەم دەکرێتەوە بۆ حەوت ساڵ و شەش مانگ. مەریوان چوار ساڵی لە حوکمەکەی تەواو کردووە.

ئەو دەڵێت تاوەکو ئێستا چەند جارێک هەوڵی داوە سوود لەو رێککەوتنە وەربگرێ کە لە نێوان عێراق و ئێران بۆ گۆڕینەوەی گیراوان هەیە، بەڵام هەموو جارێک داواکەی رەتکراوەتەوە "دادوەر دەڵێت دۆسیەکەت سیاسییە و لە دەسەڵاتی مندا نییە، دۆسیەکەت لەلای ئیتلاعاتە".

مەریوان باسی رەوشی نێو زیندانەکەیان دەکات و دەڵێت "ئێمە 50 کەسین لە یەک هۆڵدا، 45 کەسمان کوردین، تەنیا من خەڵکی باشووری کوردستانم، ئەوانی دیکە کوردی رۆژهەڵاتن".

سەبارەت بە مامەڵەی بەرپرس و کارمەندانی گرتووخانەکە، مەریوان دەڵێت "ئەو زوڵمەی لە زیندان لە ئێمە دەکرێ، وەسف ناکرێ. دوو هۆڵی گیراوانی سیاسی هەن، یەکێکیان تایبەتە بە کورد و ئەوەی دیکەش تایبەتە بە لایەنگرانی میر حوسێن موسەوی و مەهدی کەڕووبی کە لە ساڵی 2009 دەستگیرکراون، ئەوان هەموو شتێکیان بۆ دابین کراوە، بەڵام ئێمە بەهۆی کوردبوون و سوننەبوونمانەوە لە زۆر شت بێبەشین".

بە گوتەی مەریوان، ئەوان زۆر شتی ئاساییان لێ قەدەغەکراوە، نموونە بە سەردانی خۆی دێنێتەوە و دەڵێت "دواییجار خوشکم و پوورێکم و پوورزایەکانم هاتبوون، تەنیا رێگەیان بە خوشکم دا و پوورم و پوورزایەکانم نەدی، بەڵام بۆ گیراوەکانی دیکە تاوەکو خزمی پلە چواریش ئاساییە سەردانیان بکەن". گوتیشی "تەنانەت مافی خۆدانە بەر هەتاویشمان لێ قەدەغە کراوە".

مەریوان زۆرتر لەبارەی رەوشی گرتووخانەکەی قسە دەکات و دەڵێت "پێشتر خواردنیان دەداینێ، بەڵام خواردنەکان زۆر خراپ و پیس بوون، پێمان نەدەخورا. داوامان کرد خۆمان دروستی بکەین، بەڵام کەرەستەکانمان بە نرخێکی زۆر گران بۆ دەهێنن".

لە ئێران چەند مافێک بە زیندانیان دراوە، بۆ نموونە ئەگەر نیوەی حوکمەکەت بەبێ کێشە تەواوکردبێ، بۆت هەیە تەنیا یەکجار داوای بەخشین بکەی، هەروەها دوای تەواوکردنی بەشێک لە حوکمەکەت داوای مۆڵەتی چوونە دەرەوە لەبەرامبەر دانانی بڕێک پارە بکەی، بەڵام هیچ یەکێک لەو مافانە مەریوان ناگرێتەوە.

مەریوان دەڵێ لە کاتی دادگاییکردنیدا چەند تۆمەتێکیان داوەتە پاڵی، لەوانە وێنەگرتن بە جلی سەربازی، هەڵگرتنی چەک، بەڵام دەڵێت "هیچ بەڵگەیەک نییە کە من وێنەم بە جلی سەربازییەوە گرتبێ، یان چەکم هەڵگرتبێ".

مەریوان تاوەکو ئێستا چەند جارێک لەرێگەی کەسوکارەکەیەوە هەوڵی داوە هەر هیچ نەبێ بگوازرێتەوە گرتووخانەیەکی هەرێمی کوردستان یان عێراق و لەوێ حوکمەکەی تەواو بکات، بەڵام هەمووهەوڵەکانی بێسوود بوون. دەشڵێت "قسەم لەگەڵ کاک بابەکر ناوێک کرد کە لە سەفارەتی عێراقە لە ئێران، بەرپرسی دۆسیەی ئاڵوگۆڕی گیراوەکانە، بەڵام ئەویش گوتی هیچم پێ ناکرێ، چونکە دۆسیەکەی تۆ لەلای ئیتلاعاتە".

مەریوان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی ئەو رۆژە دەکات کە حوکمەکەی تەواو دەبێت و دەگەڕێتەوە زێدی خۆی. ئەو دەڵێت "زۆر بیری کەرکووک و رەحیماوا و خێزانەکەم دەکەم".



مەریوان بە تاوانی تێکدانی ئەمنیەتی ئێران بە حەوت ساڵ و نیو بەندکردن، سزادراوە

### د.کەمال تەیب، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە هەرێمی کوردستان:

# 288 کۆمپانیا لە هەولێر لەسەر نەدانی باج دراونەتە دادگا

ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە هەرێمی کوردستان دەڵێت بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستی ئەوانە، 25 هەزار کۆمپانیا لە کوردستان مۆڵەتیان هەیە، بەڵام بەشێکی زۆریان باج نادەن، چونکە هەندێک لەو کۆمپانیایانە هیچ داهاتیان نییە و تەنیا بۆ مەبەستی شەخسی دامەزراون.

د.کەمال تەیب، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری لە هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت، لەو 25 هەزار کۆمپانیایەی لە کوردستان مۆڵەتیان پێدراوە، تەنیا 13 هەزاریان لەلایەن ئەوانەوە تۆمارکراون، ئەمەش وایکردووە زۆربەی کۆمپانیاکان باج نەدەن. ناوبراو دەڵێت تەنانەت لەو 13 هەزار کۆمپانیایەی لەلای ئەوان تۆمارکراون، هەندێکیان باج نادەن "چونکە هەندێک لەو کۆمپانیایانە داهاتیان نییە، یان کۆمپانیا هەیە بۆ مەبەستی شەخسی دامەزراوە، جا بۆ داخڵبوونە لە پرۆسەی تەندەرین، یان هاوردەکردنی کاڵا، یان بۆ مەبەستی وەرگرتنی ناسنامەی زووری بازرگانییە کە ئەو ناسنامەیەش سوودی لێ وەردەگرێ بۆ وەرگرتنی ڤیزا".

### ساڵی ڕابردوو داهاتی باج 200 ملیار دۆلار بووە

### کۆمپانیا هەیە یەک ملیار دیناری باج قەرزدارە



د.کەمال تەیب، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری

د.کەمال ڕێگایەکی دیکەی خۆدزینەوە لە باج ئاشکرا دەکات و دەڵێت "هەندێک لە کۆمپانیاکان زانیاریی هەڵە دەدەنە ژمێریاری یاسایی، یان ژمێریاری یاسایی لەگەڵ بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی کۆمپانیاکان ڕێکدەکەوێ و میزانیەیەکی وەهمی دروست دەکەن و دەیدەنە فەرمانگەی باج. ئەو جۆرە حاڵەتانەش زۆرن، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو میزانییەیە ڕەتبکەینەوە". سەبارەت بەوانەی داهاتی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا دەکەن، د.کەمال گوتی "ئەوانەی داهاتی ڕاستەقینەی خۆیان ئاشکرا دەکەن، زۆر کەمن".

بە گوتەی د.کەمال، ئەوان هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان ناچار بکەن باجی ساڵانە بدەن "بەپێی یاسا هەموو فەرمانگەکانی حکومەت پابەندن بەوەی ئیشی ئەو کۆمپانیایانە نەڕۆێنن کە باجیان نەداوە، بەڵام زۆر لە فەرمانگەکان چاوپۆشیی لەوە دەکەن".

د.کەمال باسی نوێترین ڕێکاری فەرمانگەکەی دەکات بۆ ئەوەی خاوەنی کۆمپانیاکان ناچار بکەن باج بدەن و دەڵێت "بەرنامەیەکمان بەدەستەوەیە کە لەمەودوا هەر خاوەن کۆمپانیایەک پابەند نەبێ بە دانی باج، سەفەری دەرەوەی لێ قەدەغە دەکرێ، تا ئەو کاتەی باج دەدات".

د.کەمال کە ماوەی هەشت مانگە وەکو بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان و خانووبەرەی میری دەستبەکار بووە، دەڵێت جگە لەوەی یاسای باج کەموکوڕیی هەیە، بەڵام لە ڕابردوودا ئەو یاسایە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوە.

د.کەمال ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی ئەو ڕێکارانەی ساڵی ڕابردوو بۆ وەرگرتنی باج گرتوویانەتە بەر و ئەو چاکسازیانەی کردوویانە، سەرەڕای قەیرانی دارایی، بەڵام توانیویانە داهاتی باج لە کوردستان زیاد بکەن "داهاتی ساڵی ڕابردوومان نزیکەی 200 ملیار دینار بوو". ئەو پێشبینی دەکات ئەمساڵ داهاتیان لە ساڵی ڕابردوو زیاتر بێ.

سەبارەت بەو جۆرە کۆمپانیایانەی زۆرترین داهاتیان هەیە، د.کەمال تەیب گوتی "کۆمپانیاکانی گەیاندن، جگەرە، خواردنەوە کحولیەکان، بانکەکان، کۆمپانیاکانی زێڕ زۆرترین داهاتیان هەیە". لەبارەی وەرگرتنی باج لە کۆمپانیا گەورەکانی گەیاندن لەوانەش کۆڕەک و ئاسیا، گوتی "ئەوان باج دەدەنە بەغدا، چونکە لەوێ تۆمارکراون، بەڵام ئێمە لێرە باجی خزمەتگوزارییان لێ وەردەگرین".

لە وڵاتانی جیهان، کەرتی گواستنەوەی هاووڵاتیان، باج دەداتە حکومەت، بەڵام لە کوردستان کە کەرتی گواستنەوەکەی تەنیا تاکسی و پاسە، هیچ باجێک نادەن. د.کەمال دەڵێت "پاس و تاکسییەکان لە باج بەخشراون، چونکە ئەوانە کەمدەرامەتن، بەڵام بەرنامەمان هەیە لە

### لەمەودوا سەفەر لەو کەسانە قەدەغە دەکرێ کە باج نادەن

### بەرنامەمان هەیە باج لە ئۆتۆمبێلی تایبەت وەربگرین

چوارچێوەی باجی بەکاربەر، باج لەو کەسانە وەربگرین کە ئۆتۆمبێلی تایبەتیان هەیە، بەڵام ئەوە پێویستی بە یاسا هەیە و دەبێ لە پەرلەمانی کوردستان یاسای بۆ دەربکرێ".

سەبارەت بەزیادکردنی باج، د.کەمال گوتی "پێداچوونەوەمان بە باجی سەر هەندێک کاڵادا کردووە و باجمان زیاد کردووە، بۆ نموونە باجی سەر مەشروب و جگەرە بەڕێژەی 2-3% زیاد کراوە".

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی باجەکان، ساڵی ڕابردوو ئیجرائاتی یاسایی بەرامبەر ئەو کۆمپانیانە گرتووەتەبەر کە باجیان نەداوە، د.کەمال گوتی "هەموو ئەو کۆمپانیایەی باجیان نەداوە، بەپێی یاسای باج دراونەتە دادگا، بۆ نموونە تەنیا لە شاری هەولێر 288 کۆمپانیا دراونەتە دادگا، بەهۆی نەدانی باج بە بڕی 534 ملیۆن و 145 هەزار دینار غەرامەکراون". هەروەها دەڵێت "هەندێک کۆمپانیا چەند ساڵێکە باجیان لێ وەرنەگیراوە و پارەیەکی زۆریان لەسەر کۆبووەتەوە. بۆ نموونە سێ کۆمپانیای هاوردەکردنی زێڕ هەن، هەر یەکێکیان زیاتر لە یەک ملیار دینار باجیان لەسەرە و نەیانداوە".

#### گەندەڵی لە باج

لە کوردستان بەردەوام وێنایەکی ناشیرین و گوماناوی بەرامبەر گومرگ و باج هەیە و وا لێکدەدرێتەوە کە شوێنێکە بۆ کۆکردنەوەی سامان، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش بەدەرنەبووە لە تێوەگلان بە گەندەڵی.

د.کەمال دوای دەستبەکاربوونی، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لەو بەڕێوەبەرایەتییەدا کردووە، ئەویش دوای ئەوەی دەرکەوت چەند دۆسیەیەک لە بەڕێوەبەرایەتییەکە، گومانی گەندەڵییان لێ دەکرێ.

د.کەمال تەیب دەڵێت "چاودێریی چەند شوێنێکمان کرد کە گومانیان لەسەر بوو، هەشت لیژنەی لێکۆڵینەوەمان پێکهێنا، زۆربەیان ئەنجامیان هەبووە، کۆمەڵێک شتمان بۆ دەرکەوت، زیاتر لە 20 کەس کە کەمتەرخەمییان کردبوو، سزای ئیداری دران، هەروەها پێنج کەس لەسەر ئیختیلاس و تەزویر دراونەتە دادگا". گوتیشی "زۆربەی ئەوانەی ئەو کارە نایاساییەیان کردووە بەرپرسیارێتیان هەبووە، وردبین و موخەمین بوون، بەرپرسیارێتیان لێ وەرگیراوەتەوە، هەروەها بەڕێوەبەری ئەو بەڕێوەبەرایەتییەش لادرا کە ئەو کارە نایاساییانەی تێدا کرابوو".

### 15 دۆسیەمان ناردووە بۆ دەستەی نەزاهە

سەبارەت بە جۆری ئەو ئیختیلاس و تەزویرەی کراوە، د.کەمال گوتی "لە دۆکۆمێنتەکانی لیژنەی کەشف و دەرخستە، گۆڕانکاری لە ژمارە کراوە، بۆ نموونە کۆمپانیایەک داهاتی 80 ملیۆن دینار بووە، کراوە بە دوو ملیۆن دینار، بۆ ئەوەی باجێکی کەم بدات".

د.کەمال ئاماژەی بە ژمارەی ئەو مەلەفانە دا کە بۆ دادوەری دەستەی نەزاهەیان ناردووە و گوتی "15 مەلەفمان بۆ دادگا ناردووە، تەنیا لەو 15 مەلەفەدا بڕی 100 ملیۆن دینار ئیختیلاس هەبووە".

# بەغدا بە دانانی خاڵی گومرگ سزای زیاتری هەولێر دەدات

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەرپرسێکی وەزارەتی دارایی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان دەڵێت، بەهۆی دانانی خاڵی گومرگی لەنێوان شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و دووبارە وەرگرتنەوەی گومرگ لە زۆربەی ئەو کاڵایانەی لەڕێی خاڵە گومرگییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ شارەکانی عێراق ڕەوانە دەکرێن، هاوردەکردنی کاڵا لە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیلەوە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمی کردووە.

دوای ئەوەی نرخی نەوت دابەزی، حکومەتی عێراق بۆ زیادکردنی داهات بڕیاری پێداچوونەوە و یەکخستنی تەعریفەی گومرگی بۆ هەموو خاڵە گومرگییەکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە دەرکرد، بۆ ئەم مەبەستەش لیژنەیەک لە وەزارەتی دارایی عێراق، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کرد و داوایان لە وەزارەتی دارایی کرد پابەندی تەعریفەی نوێ و کۆدی سیستەمی هەماهەنگی بن، حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبوونی خۆی بە سیستەمەکەوە ڕاگەیاند، بەڵام دواتر بڕیارەکە نەچووە بواری جێبەجێکردنەوە.

نەجیبە نەجیب، ئەندامی لیژنەی ئابووری و وەبەرهێنان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت "حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەر هەندێ هۆ نەیتوانی پابەندی بڕیارەکە بێت، بۆیە لە سەرەتای ساڵی ڕابردوو حکومەتی عێراق بڕیاری دانانی خاڵی گومرگی لەنێوان هەرێم و شارەکانی عێراق دا".

بەپێی دەستوور و یاسای عێراق گومرگ تەنیا لەنێوان دوو دەوڵەت وەردەگیرێت، بۆیە نەجیبە نەجیب، دانانی ئەم خاڵە گومرگییە لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق بە "نایاسایی و نادەستووری" وەسف دەکات و دەڵێت "دانانی ئەم خاڵە گومرگییەی عێراق جگە لەوەی نادەستووری و نایاساییە، جۆرێکیشە لە داننان بە سنووری هەرێمی کوردستاندا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ و جیا لەعێراق".

### پەرلەمانتارێک: پارەی ئەو گومرگە دەچێتە گیرفانی هەندێک کەسەوە

بەگوتەی نەجیبە نەجیب، لیژنەی دارایی پەرلەمانی عێراقیش تێبینی زۆری لەسەر دانانی ئەم خاڵە سنوورییە هەیە، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، پارەی گومرگی ئەم خاڵە سنوورییە گەندەڵیی زۆری تێدا دەکرێت و وەک پێویست ناگاتە خەزێنەی دەوڵەت، بەڵکو دەچێتە گیرفانی هەندێ کەسەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە حکومەتی عێراق لە دانانی ئەم خاڵە گومرگییە سوودمەند نابێ".

نەجیبە نەجیب گوتیشی "هیچ بڕیار و یاسایەک لە پەرلەمان بۆ دانانی ئەم خاڵە گومرگییە دەرنەکراوە، بۆیە بابەتەکە سیاسییە، ئامانجەکەشی زیان گەیاندنە بە ئابووریی هەرێمی کوردستان".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بازرگانی هەرێمی کورستان، 56%ی هاوردەکردنی کاڵای هەرێمی کوردستان لەڕێگەی خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوەیە. ساڵی 2015 بە بەهای 4 تریلیۆن و 247 ملیار و 400 ملیۆن دینار کاڵا لەڕێگەی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام ساڵی ڕابردوو بۆ 3 تریلیۆن و 270 ملیار و 763 ملیۆن دینار دابەزیوە.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتیی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هەرێم بە وەکالەت، دەڵێت "بەهۆی دانانی ئەم خاڵە گومرگییەی حکومەتی عێراق لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق، هاوردەکردنی کاڵا لەڕێی خاڵە سنوورییەکانی هەرێم بەگشتی و خاڵی ئیبراهیم خەلیل بەتایبەتی، بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکردووە".

نەوزاد ئەدهەم، دانانی ئەو خاڵە سنوورییەی بە "کوفری یاسایی" وەسفکرد و گوتی "لە هیچ دەقێکی دەستوور و یاسای عێراقدا ڕێگە بە وەزارەتی دارایی یان بازرگانی عێراق نەدراوە خاڵی گومرگی لە نێوان شارەکانی عێراق دابنێ، ئەو بارانەی بە فەرمی لە خاڵێکی گومرگی، گومرگ کراون، نابێ جارێکی دیکە گومرگیان لێوەربگیرێتەوە".

دانانی ئەم خاڵە گومرگییە جگە لەوەی بووەتە هۆی کەمبوونەوەی هاوردەکردنی کاڵا لەڕێی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ عێراق، بووەتە گرفتیش بۆ ئاڵوگۆڕی کاڵا و کەلوپەلی ئەو کۆمپانیایانەی بنکەی سەرەکییان لە هەرێمی کوردستانە و لقیان لە شارەکانی عێراق هەیە.

سامان محەممەد، بەڕێوەبەری بازرگانیی کۆمپانیای ڕامان بۆ بازرگانیی گشتی و سنووردار کە کۆمپانیاکەی بریکاری هەردوو کۆمپانیای TOSHIBAی ژاپۆنی و CANDY ی ئیتاڵییە بۆ ئامێرە ئەلیکترۆنی و کارەباییەکان، دەڵێت "دانانی ئەم خاڵە گومرگییە گرفتی زۆری بۆ کۆمپانیاکەمان دروستکردووە، وەک جاران ناتوانین کاڵای کۆمپانیاکەمان لە نێوان لقەکانمان ئاڵوگۆڕ بکەین". گوتیشی "بەرپرسانی ئەم خاڵە سنوورییە ئیعتراف بە بەڵگەنامە گومرگییەکانی شاری بەسراش ناکەن، بۆیە کاتێک دەمانەوێت کاڵایەک لە بەغدا یان بەسراوە بهێنینە هەرێمی کوردستان، دووبارە کاڵاکە گومرگ دەکەنەوە".

لەبەرامبەر دانانی ئەم خاڵە گومرگییەی عێراق ماوەی چەند مانگێکە وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانیش چەند خاڵێکی گومرگی لەنێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق داناوە، هەندێجار ئەو کاڵایانەی لەشارەکانی عێراقەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، دووبارە گومرگیان دەکاتەوە.

سامال عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتی گومرگی هەرێمی کوردستان لە وەزارەتی دارایی و ئابووری دەڵێت "ئەو خاڵی گومرگیانەی ئێمە لە نێوان شارەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان داماننناون، بەپێی یاسا و پێناسە گومرگییەکان لەو شوێنانە جێگیرکراون و ئامانج لەوە ڕێکخستنی جووڵەی بازرگانی و ڕێگریکردنە لەدزەکردنی هەر کاڵایەکی ناجۆر و قەدەغەکراو بۆ ناو هەرێمی کوردستان و دووبارە پێداچوونەوەیە بەو بارانەی لە سنوورەکانی خۆمانەوە گومرگ کراون".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی دارایی ڕایگەیاند ئەو خاڵە گومرگییەی حکومەتی عێراق لە نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق دایناوە کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر کەمکردنەوەی هاوردەکردنی ئەو کاڵایانەی لەڕێی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانەوە بۆ عێراق هەناردە دەکران، چونکە وەک ئەو دەڵێت "بازگەکانی عێراق کە لەلایەن حەشدی شەعبی سەرپەرشتی دەکرێن، گرفتی زۆر بۆ بازرگانان دروستدەکەن، جگە لەوەی بە نایاسایی هەندێ رسوماتیان لێوەردەگرن، بۆ ماوەی چەند ڕۆژێکیش بارەکانیان ڕادەگرن، زۆرجاریش دان بەبەڵگەنامە گومرگییەکانی ئێمەدا نانێن و دووبارە گومرگ لە بازرگانان وەردەگرنەوە. هەندێجاریش بەبێ پسوولە پارەیان لێوەردەگرن".

سەبارەت بەو بارانەی لەعێراقەوە گومرگ کراون و هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، سامال عەبدولڕەحمان، گوتی "بەپێی یاسا و تەعریفەی گومرگی ئەو بارانەی لەعێراقەوە هاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، ئەگەر پسوولەی گومرگیان پێنەبێ، ئێمە بۆمان هەیە دووبارە گومرگیان بکەینەوە".



بازرگانانی کوردستان هەندێک کات سێ جار گومرگیان لێوەردەگیرێت

ئابووری
ڕووداو
ژمارە (441) - دووشەممە 2017/1/16



## بازرگانانی کورد دەچنە چیک

ڕووداو- دهۆک

ئەیاد حەسەن، سەرۆکی ژووری بازرگانی و پیشەسازیی دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، وا بڕیارە لە مانگی داهاتوودا شاندێکی ژوورە بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان بەمەبەستی بەشداریکردن لە پێشانگایەکی نێودەوڵەتی سەردانی چیک بکەن. بەپێی زانیارییەکانیشیان، پێشانگاکە گشتییە و ڕەنگە چوار ڕۆژ بخایەنێت، ناوبراو باسی لە گرنگی بەشداریکردنی بازرگانانی کورد لە پێشانگا نێودەوڵەتییەکان کرد و گوتی "بەشداریکردن لەو پێشانگا نێودەوڵەتییانە بۆ ئێمە زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی بازرگانمان ڕاستەوخۆ لەگەڵ کۆمپانیا و بازرگانانی دەرەوە پەیوەندی دروست دەکەن و مامەڵەی بازرگانی لەنێوانیاندا دروست دەبێت".

## ساڵانە قەبارەی هاوردەکردنی زیاد دەکات

# 70%ی ئەو ماسییەی لە کوردستان دەخورێ، هاوردەیە

### نرخی هەندێ ماسی دەگاتە 100 هەزار دینار بۆ هەر کیلۆیەک

### گرانترین ماسیی عێراق ماسیی زبێدییە کە کیلۆیەکی بە 40 هەزار دینارە

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری کەرەنتینەی کشتوکاڵی لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت، سەرەڕای قەیرانی دارایی، خواست لەسەر هاوردەکردنی ماسی بۆ هەرێمی کوردستان ساڵ لەدوای ساڵ زیاد دەکات.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی کەرەنتینە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لە چوار ساڵی ڕابردوودا 35 هەزار و 350 تۆن ماسیی لە قوتوونراو، بەستوو، زیندوو، هاوردەی هەرێمی کوردستان کراوە. ساڵ بەساڵیش بڕی هاوردەکردنی ماسی زیادی کردووە، بەجۆرێک ساڵی 2016 بەراورد بە 2013 بە ڕێژەی 38% زیادی کردووە.

بۆ هاوردەکردنی ماسیی زیندوو، هەرێمی کوردستان زیاتر پشت بە ئێران، تورکیا و عێراق دەبەستێ، بەڵام ماسیی بەستوو و قوتوو لە وڵاتانی چیک، ڕووسیا، ئەمەریکا، تایلاند، میانمار، لاتڤیا، نەرویج، تونس و مەغریب و چەند وڵاتێکی دیکەوە هاوردە دەکات.

زۆرترین ئەو ماسیانەی بۆ هەرێمی کوردستان هاوردە دەکرێن لە جۆرەکانی ماسی کارب و سەلەمون، سیباس، سپریم، ماکریل، بووری، سوڵتان ئیبراهیم، زبێدی، هامور، حمام، نوبیی، سبیتی، سەبور، شەغات، شەبووت و گەتان. لەگەڵ هەندێ خواردنی دەریایی وەک ئەختەبووت و کالیماری و ڕۆبیان و چەند جۆرێکی دیکە.

د.جەمال شوکری، بەڕێوەبەری کەرەنتینە لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بەهۆی زیادبوونی چێشتخانەکانی ماسی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان و تێگەیشتنی خەڵک لە سوودە تەندروستییەکانی خواردنی ماسی، لەو ساڵانەی دوایی، خواست لەسەر هاوردەکردنی ماسی زیاد بووە".

د.جەمال، نموونە بە بڕی ماسیی هاوردەکراو لە دوو ساڵی ڕابردوودا دێنێتەوە و دەڵێت "بەشێوەیەکی گشتی ساڵانە هاوردەکردنی ماسی 15% زیاد دەکات، بۆ نموونە لەساڵی 2014 دا 9.308 تۆن ماسی هاوردەکراوە، بەڵام لە ساڵی 2016 بۆ 11.145 تۆن زیاد بووە".

هاوردەکردنی ماسی بۆ هەرێمی کوردستان لە هەموو وڵاتێکەوە ڕێگەپێدراوە تەنیا ڤێتنام نەبێت، ئەویش دوای ئەوەی دەرکەوت بەشێک لەو ماسییانەی ئەو وڵاتە بۆ هەرێمی کوردستان هەناردەی دەکات، بە ئاوی ئاوەڕۆکان بەخێودەکرێن.

داود یاسین، کۆمپانیایەکی تایبەتی بۆ هاوردەکردنی ماسی هەیە، ماسی لە عێراق و تورکیا و ئێرانەوە هاوردە دەکات. هۆکاری زیادبوونی خواست لەسەر ماسی بۆ هاتنی ئاوارەی عەرەب دەگەڕێنێتەوە و دەڵێت "دوو ساڵە بەهۆی نیشتەجێبوونی ئاوارە عەرەبەکان لە کوردستان خواست لەسەر خواردنی ماسی زیاد بووە، بۆیە ساڵی ڕابردوو جگە لەو ماسیانەی لە شارەکانی عێراقەوە هاوردەمان کردووە، زیاتر لە 400 تۆن ماسی دیکەشمان لە ئێران و تورکیاوە هاوردە کرد".

بەشێوەیەکی گشتی ئەو ماسیانەی لە چێشتخانەکانی کوردستان دەفرۆشرێن لە جۆری ماسیی کارب و سەلەمۆنن، بەڵام لە چێشتخانە و ڕێستۆرانتی هۆتێلە پێنج ئەستێرەییەکان ماسیی جۆراوجۆر ئامادە دەکرێت کە نرخی کیلۆیەکی هەندێک جۆریان دەگاتە 100 هەزار دینار.

شکار حازم، خاوەنی چێشتخانەی شکار بۆ فرۆشتنی ماسیی برژاو لە شاری هەولێر دەڵێت "سەرەڕای قەیرانی دارایی، خواست لەسەر خواردنی ماسی زیاد بووە، بەم هۆیەشەوە چەندین چێشتخانەی ماسی لە کوردستان بە تایبەتیش لە شاری هەولێر کراونەتەوە. ئەمەش وای کردووە هاوردەکردنی ماسیی زیندوو و تازە بەتایبەت لە شارەکانی عێراق و ئێران بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بکات".

شکار حازم ڕەتیکردەوە هۆکاری زیادبوونی ئەم خواستە بەهۆی ئاوارەی عەرەب بووبێت و گوتی "دوو چێشتخانەم هەیە، 70%ی مێوانەکانم کوردن، بۆیە بەدڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم زیادبوونی ئەم خواستە بەهۆی گۆڕانی ڕۆشنبیریی خەڵکەوەیە نەک ئاوارە عەرەبەکان".

بەشی زۆری ئەو ماسیانەی لەسەر شەقام و دوکانەکان دەفرۆشرێن لە جۆری ماسیی کاربن کە بەگوێرەی قەبارە و تازەییان نرخی کیلۆیەکیان لە نێوان 2 تاوەکو 8 هەزار دیناردایە، بەڵام لە مۆڵەکان ماسی جۆراوجۆر هەیە نرخیان بەرزترە.

محەممەد عەواد، بەڕێوەبەری بەشی ماسی و خۆراکی تازە لە سیتی سەنتەری شاری هەولێر دەڵێت "دوو جۆر ماسیمان هەیە جۆرێکیان ماسی خۆماڵی عێراقین کە بریتین لە جۆرەکانی کارب، سوڵتان ئیبراهیم، زبێدی، هامور، حمام، نوبیی، سەبور و هتد، جۆری دووەمیشیان لە تورکیا و نەرویجەوە هاوردە دەکەین کە بریتین لە سەلەمون، سیباس، سپریم، ماکریل، ماکریلی چاو گەورە، بۆری و چەند جۆرێکی دیکە".

سەبارەت بە نرخی ماسی، محەممەد عەواد گوتی "نرخی ماسییەکانمان بەگشتی لەنێوان 8 بۆ 23 هەزار دینارە، تەنیا ماسی جۆری زبێدی نەبێت کە لە بەسراوە دەیهێنین، یەک کیلۆ لەو ماسییە بە 40 هەزار دینارە".

بەپێی پلانی پێنج ساڵەی وەزارەتی کشتوکاڵ کە بە پلانی ستراتیژی ناسرابوو و لە 2013 کۆتایی هات، دەبووایە بڕی بەرهەمی پرۆژەکانی ناوخۆ بۆ 6.700 تۆن زیادی کردبا، بەڵام سێ ساڵ بەسەر ئەم پلانەدا تێپەڕیوە و هێشتا بەرهەمی پرۆژەکان لە نیوەی ئەم بڕە کەمترە.



لە چوار ساڵی ڕابردوودا 35 هەزار تۆن ماسی هاوردەی کوردستان کراوە

### ساڵانە 16 کیلۆ ماسی بخۆ

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، 383 پڕۆژەی مۆڵەتداری بەخێوکردنی ماسی لە هەرێمی کوردستان هەن کە بەرهەمی ساڵانەیان دەگاتە 2730 تۆن ماسی، لەگەڵ 1000 تۆنی بەنداوەکان و نزیکەی 500 تۆنی پرۆژە بێ مۆڵەتەکان، تێکڕای بەرهەمی ساڵانەی هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی 4.230 تۆن ماسی، ئەم بڕەش بەشی تەنیا 30%ی ناوخۆ دەکات و 70%ی هاوردە دەکرێ. ئەگەر هەر تاکێکی کوردستان ساڵانە تەنیا یەک کیلۆ ماسی بخوات، هەرێمی کوردستان ساڵانە پێویستی بە 5.641 تۆن ماسییە. ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی ستانداردی جیهانی ساڵانە 16 کیلۆ گۆشتی ماسی بۆ هەر تاکێک دانراوە.

# جووتیارێکی کورد کێشی مراویی خۆماڵی بۆ دوو هێندە زیاد دەکات



جووتێک مراویی پەکینی لەبازاڕ نزیکەی 100 تاوەکو 140 هەزار دینار دەکات.

(فۆتۆ: ڕووداو)

ڕەوا عەبدوڵڵا
ڕووداو- هەولێر

جووتیارێکی شاری هەولێر لە ئەنجامی لێکدانی مراوی خۆماڵی لەگەڵا جۆرە مراوییەکی ئەورووپی کە بە پەکینی ناسراوە، کێشی مراویی خۆماڵی بۆ دوو بەرامبەر زیاد دەکات.

مراوی پەکینی بە یەکێک لە بڵاوترین جۆرەکانی مراوی لەسەر ئاستی جیهان و خێراترین جۆری مراوی بۆ گەشە لەنێو سەرجەم جۆرەکانی مراوی دادەنرێت.

زێدی ڕەسەنی ئەم مراوییە شاری پەکینی چینە، بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1873 گەیشتووەتە ئەمەریکا و دواتر بە وڵاتانی ئەورووپی و ئاسیادا بڵاوبووەتەوە.

مەسعود محەممەد، خاوەنی کێڵگەی زنجیر بۆ بەخێوکردنی پەلەوەر و ئاژەڵ، جووتیارێکی پێشکەوتووی شاری هەولێرە، ماوەی پێنج ساڵە لەکێڵگەکەیدا مراوی بەخێودەکات، دەڵێت "سێ ساڵ بەر لە ئێستا بە هاوکاریی هاوڕێیەکم هەندێ مراوی پەکینیم لە هۆڵەندا هێنا، ویستم لە کێڵگەکەمدا بە مەبەستی بازرگانی بەخێوی بکەم، بەڵام مراوییەکان بەرگەی گەرمای هەولێریان نەگرت و بەشێکیان مردن، بۆ زیادکردنی بەرگرییان و گونجاندنیان لەگەڵ کەشی هەولێر، بیرم لەوە کردەوە لەگەڵ مراوی خۆماڵی لێکیان بدەم".

مەسعود لە لێکدانی مراوییەکان سەرکەوتوو بوو، بەو هۆیەوە کێشی مراوی بۆ دووهێندە زیاد کرد. مەسعود دەڵێت "کێشی مراویی مێیەی خۆماڵی لە کیلۆیەک و نیو و نێرەکەشی لە دوو کیلۆ و 300 گرام تێپەڕ ناکات، لەئەنجامی لێکدانی مێیەی مراویی خۆماڵی لەگەڵ نێرەی پەکینی، توانیم کێشی مێیەی مراویی خۆماڵی بە خۆراکێکی ئاسایی بەسێ مانگ بگەیەنمە سێ کیلۆ، نێرەکەشی بگەیەنمە 4 کیلۆ و نیو. ژمارەی هێلکەکردنیش بگەیەنمە 180 هێلکە لە ساڵێکدا".

مراوییە لێکدراوەکانی مەسعود لە بازاڕ خواستێکی زۆریان لەسەرە، ئەمەش وای لە مەسعود کردووە کێڵگەکەی فراوان بکات و هێلکەکان لەنێو هەڵهێنەر دابنێتەوە. مەسعود دەڵێت "تەنیا ساڵی ڕابردوو نزیکەی 5 هەزار مراویم فرۆشتووە، جووتێک مراویی یەک ڕۆژەم بە 10 هەزار دینار داوە، گەورەکانیشم بە کۆ بە 50 هەزار دینار داوە، یەک دانە هێلکەشم بە 2500 دینار فرۆشتووە".

ئەم جووتیارە بەردەوامە لەلێکدانی مراوییەکان، بۆ چارەسەرەی گرفتی گەرماش لە مانگی حوزەیرانەوە تاوەکو مانگی تشرینی یەکەم ئامێری فێنککەرەوە و ئامێری ئاوپرژاندن بۆ مراوییەکان دادەنێ.

مەسعود محەممەد گوتی "نزیکەی 400 مراویی دایکانەم لە کێڵگە هێشتووەتەوە، ئەمساڵ جگە لە لێکدانی نێرەی پەکینی لەگەڵ مێیەی خۆماڵی، بەنیازم بۆ زیادکردنی کێش جارێکی دیکە لەگەڵ مێیە لێکدراوەکانیش لێکیان بدەمەوە".

تایبەتمەندییەکی دیکەی مراویی پەکینی لەوەدایە لە ئەنجامی لێکدانی لەگەڵ جۆرە مراوییەکانی دیکە تایبەتمەندییە باشەکانی لە هێلکە و گۆشت دەگوازێتەوە بۆ نەوەکانی، بۆیە لە هەندێ وڵات ناوێکی دیکەشی بەدوادا دێت وەک پەکینیی ئەمەریکی، پەکینیی فەرەنسی، هەندێجاریش بەمۆلار ناودەبرێت، چونکە لە فەرەنسا لە ئەنجامی لێکدانی لەگەڵ مراویی مۆلار ڕەنگی دیکەشی بۆ پەیدا بووە، لە کوردستانیش بە مراویی شامی و هەندێجاریش بەمراویی هۆڵەندی دەناسرێت.

ئیبراهیم حەداد، خاوەن کێڵگەیەکی بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەلەوەر لە شاری هەولێر ماوەی چەند ساڵێکە مراویی پەکینی بەخێو دەکات. ئەو دەڵێت "مراویی پەکینی ئەگەر کەشێکی گونجاوی بۆ بڕەخسێ لە کوردستانیش هاوشێوەی وڵاتان تاوەکو 150 هێلکە دەکات، هێلکەکانیشی ڕەنگیان سپییە و لە هێلکەی مراویی خۆماڵی گەورەترە". ئیبراهیم حەداد گوتیشی "لە کوردستان خواستێکی زۆر لەسەر مراویی پەکینی هەیە، بۆیە نرخی بەرزە و جووتێک مراویی پەکینی لەبازاڕ نزیکەی 100 تاوەکو 140 هەزار دینار دەکات".

لەجیهاندا نزیکەی 400 جۆری مراوی هەیە، هەندێکیان بەپێی قەبارە و هەندێکیان بەگوێرەی هێلکە و کێش و هەندێکی دیکەشیان بەگوێرەی شێوە لێک جیاکراونەتەوە، تایبەتمەندییەکانیان دیاریکراوە و ناوێکی تایبەتیان بۆ دانراوە.

لە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ خاوەنی هیچ ئامارێک لەسەر ژمارە و جۆرەکانی مراوی نییە، پێناچێت هیچ توێژینەوەیەکی زانستیش لەسەر تایبەتمەندییەکانی مراویی خۆماڵی کرابێت، بۆیە نازانرێت ئەو مراوییەی لە کوردستان هەیە، مراویی ڕەسەنی کوردییە یان مراویی هاوردەکراوە.

د.یوسف بەرزنجی، سەرۆکی بەشی سامانی ئاژەڵ لە کۆلێژی کشتوکاڵی زانکۆی سەلاحەددین دەڵێت "لەپاش ڕاپەڕینەوە لە زانکۆکانی کوردستانم، تاوەکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی زانستیم لەسەر مراوی نەدیوە، بۆیە باوەڕ ناکەم هیچ توێژینەوەیەکی زانستی لەسەر تایبەتمەندییەکانی مراویی خۆماڵی لە کوردستان کرابێت".

لێکدانی دوو ڕەچەڵەکی جیاوازی باڵندە کە سەر بەیەک خێزانن، ڕێگەیەکی زانستییە، ئامانج لێی زیادکردنی گۆشت و هێلکەیە یان بۆ دەرکەوتنی جۆرێکی تازەی باڵندەیە بەتایبەتمەندیی جیاوازەوە.

د.یوسف بەرزنجی دەڵێت "لە ئەنجامی لێکدانی دوو ڕەچەڵەکی جیاوازی باڵندە کە یەکێکیان کێشی زیادبێت ئەوی دیکەیان کێشی کەمبێت، بەشێوەیەکی گشتی بەشێک لە نەوەکان کێشیان زیاد دەبێت و جاربەجاریش هەندێ تایبەتمەندیی زۆر باش لە نەوەکاندا دەردەکەوێت کە جیاوازە لە هەردوو ڕەچەڵەکە لێکدراوەکە، بۆیە ئەگەر هەڵبژاردنیان تێدا بکرێت و لێکبدرێنەوە، لەئەنجامدا هەندێجار ڕەچەڵەکێکی تازە بە تایبەتمەندی جیاوازەوە دروست دەبێت".

سەبارەت بەو کارەی ئەو جووتیارە کردوویەتی، د.یوسف دەڵێت "ئەگەر ئەو جووتیارە لە ڕێگەی لێکدانی ئەو جۆرە مراوییە هاوردەکراوە کە شێوە و تایبەتمەندییەکانی لە مراویی پەکینی دەچێت، کێشی مراویی خۆماڵی بۆ دوو هەندەی خۆی زیاد کردبێت، کارێکی باشی کردووە و پێویستە توێژینەوەی لەسەر بکرێت".

### تایبەتمەندییەکانی مراویی پەکینی

مراویی پەکینی دەتوانرێت بۆ گۆشت و هێلکە و جوانی بەخێوبکرێ، چونکە شێوەکەی جوانە. پەڕەکانیی سپین و ڕەنگی دەنووکیشی پرتەقاڵی یان زەردە. گەشەی خێرایە. لە ماوەی هەشت هەفتەدا کێشی نێرەکەی دەگاتە 4.5 کیلۆ، مێیەکەشی 3 -3.5 کیلۆ. ئەم جۆرە مراوییە لە ساڵێکدا 150 تاوەکو 180 هێلکە دەکات. هێلکەکانیش لەماوەی 28 ڕۆژ دەترووکێن و ڕێژەی هەڵهێنانی لەئامێر دەگاتە 80%. بۆیە بە مراوییەکی گونجاو بۆ بەخێوکردن دادەنرێت. پەکینی، مراوییەکی زیرەک و ماڵییە. بەخێرایی خۆی لەگەڵ ژینگە و مرۆڤ دەگونجێنێ. ئەگەر بۆ گۆشت بەخێونەکرێت، ناوەندی تەمەنی دەگاتە 9 تاوەکو 12 ساڵ.

# کۆمپانیاکانی نەوت لە کوردستان چەندە قازانج دەکەن؟





عومەر ئەحمەد

لە دوای 2007 وە کە کۆمپانیا نەوتییەکان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد و سەرقاڵی پەرەپێدانی بلۆکە نەوتییەکان بوون، قسە و باسی زۆر دەکرێت لەسەر ئەوەی چۆن حەقدەستەکانیان وەردەگرن و چۆن لە داهاتی نەوت سوودمەند دەبن. هاوکات پشکی کۆمپانیاکان لە داهاتی نەوت لێرە و لەوێ مشتومڕی زۆری دروستکردووە، تەنانەت لەلایەن بەرپرسانی حکومەت و ئەندامانی پارلەمانەوە بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ دەکرێت. لەم بابەتەدا هەوڵ دەدەین بەرچاوڕوونی بدەینە خوێنەران لەسەر ئەم پرسە هەستیارە کە زۆرجار بووەتە هۆکاری دەربڕینی بیروڕای سەیروسەمەرە.

## گرێبەستە نەوتییەکان

شێوازی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەشنی گرێبەستی بەرهەمهێنانی هاوبەشە (Product Sharing Contract ). ئەم جۆرە گرێبەستانە بەزۆری لەو وڵاتانە دەبەسترێن کە خاوەن مێژوویەکی کەم لە پیشەسازیی نەوتن و ناوچە نەوتییە پێشنیازکراوەکانیش پێشتر لە ڕووی ئەندازیارییەوە هیچ کارێکیان لەسەر نەکراوە کە بزانرێت ئایا نەوتیان تێدایە یان ئەو بڕە نەوتەی کە ڕەنگە بدۆزرێتەوە قازانجی هەیە یان نا. کەواتە ئەم گرێبەستانە هەڵگری ریسکن، چونکە لەبەر نەبوونی داتا و پێشینەی کاری تەکنیکی دیار نییە ئەو کۆمپانیایەی کاری لەسەر دەکات دەگاتە نەوت؟. بەپێی ئەو جۆرە گرێبەستە کۆمپانیای نەوت بڕێکی بەرچاو سەرمایە کە خۆی لە نزیکەی یەک ملیار دۆلار دەدات، خەرجی تاقیکردنەوە و ڕووپێوی جیۆلۆجی و هەڵکەندنی بیری نەوت دەکات، ئەگەر هیچ نەوتێک نەدۆزرایەوە ئەوا هەموو سەرمایەی کۆمپانیاکە بەفیڕۆ دەچێت، بەڵام ئەگەر نەوتێکی قازانجدار لەو ناوچە نەوتییە بەرهەمهات، ئەوا گەڕاندنەوەی سەرمایەی سەرەتایی کۆمپانیاکە گەرەنتی دەکرێت. دوای ئەوەش لەو نەوتەی کە بەرهەمدێت کۆمپانیا بەڕێژەیەک و بەپێی فۆرمۆلەیەک بەشدار دەبێت لە داهاتی نەوت.

## دابەشکردنی قازانجی نەوت

وەک چۆن گوتمان، ئەگەر کۆمپانیای نەوت نەیتوانی بگاتە نەوت یان نەوتەکە قازانجدار نەبوو، هەموو سەرمایەکەی دەدۆڕێنێت و لە بلۆکە نەوتییەکە دەردەچێت، بەڵام ئەگەر نەوتی قازانجداری دەستکەوت، قازانجی نەوتەکە بە شێوازی خوارەوە دابەش دەکرێت.

## ڕۆیاڵیتی

جگە لەو نەوتەی کە بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی لە کێڵگە نەوتییەکان بەکاردێت و ڕێژەیەکی کەمە، ئەوەی دەمێنێتەوە بە "نەوتی شیاوی هەناردەکردن" (Export Oil) ناودەبرێت و ڕۆژانە لەڕێی سیستەمێکی ئۆنلاینەوە قەبارەکەی لە وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان ئەژمار دەکرێت. پێش ئەوەی پشکی کۆمپانیاکانی لێ بدرێت، وەک پشکی ڕۆیاڵتی، ڕاستەوخۆ 10%ی لێ دەردەکرێت بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

## قەرەبووکردنەوەی کۆمپانیا

ئێستا 90%ی نەوتی شیاوی هەناردەکردن ماوەتەوە کە پێیدەڵێن "نەوتی لەبەردەست" (Available Oil) . گوتمان کۆمپانیا نەوتییەکان گەرەنتیکراون ئەو هەمووە خەرجییە کە لە قۆناغی گەڕان و دۆزینەوەی نەوت و پەرەپێدانی کێڵگە نەوتییەکان کردوویانە، بۆیان قەرەبوو بکرێتەوە هەر لەو کاتەوە کە یەکەم بەرمیلی نەوت بەرهەمدەهێنن بۆ ئەوەی سەرمایەی سەرەتایی یان مایەی خۆیان دەربهێننەوە. دیارە ماوەیەکی پێدەچێت کە کۆمپانیا نەوتییەکان مایەی خۆیان دەربهێننەوە، چونکە لەسەرەتاوە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکان کەمە، بۆیە کۆمپانیا ئەو داهاتەی کە دەستی دەکەوێت، هێشتا خەرجییەکانی ئەو چەند ساڵەی قەرەبوو ناکاتەوە. لە زۆربەی گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی کۆمپانیاکە خێراتر مایەکەی خۆی دەربهێنێتەوە، تەنیا تا ئەو کاتەی خەرجییەکان و داهاتەکان یەکسان دەبن، دانراوە 40%ی داهاتی نەوتی پێ بدرێت. 60%ی دیکەی نەوتی لەبەردەست کە دەمێنێتەوە پێیدەڵێن نەوتی قازانج (Profit Oil) و بەپێی فۆرمۆلەیەک دابەش دەکرێت بەسەر خاوەن پشکەکاندا.

## فاکتەری R

ڕوونمانکردەوە کۆمپانیا نەوتییەکان چۆن مایەی خۆیان بەدەست دەهێننەوە. ئەوەی کە دەمێنێتەوە، چۆنیەتی دابەشکردنی نەوتی قازانجە چ لەو ماوەیەدا کە هێشتا کۆمپانیا بەتەواوەتی خەرجییەکانی دەرنەهێناوەتەوە و چ لە دوای ئەوەی کە دەکەوێتە سەر قازانج. لە گرێبەستە نەوتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا فاکتەرێک بەناوی فاکتەری R پێناسە کراوە بەمشێوەیە:

R=X/Y

X = کۆی ئەو داهاتەی کە کۆمپانیای نەوتی تا ئەو کاتە وەریگرتووە.

Y =کۆی ئەو خەرجییانەی کە کۆمپانیای نەوتی لە ڕۆژی واژووکردنی گرێبەستەکەوە کردوویەتی.

هەر شەش مانگ جارێک فاکتەری R لەلایەن تیمی تەکنیکی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە بۆ کۆمپانیا نەوتییەکان ئەژمار دەکرێتەوە، چونکە داهات و خەرجییەکان گۆڕینیان بەسەردا دێت.

دیارە بەپێی ئەم فۆرمۆلەیە، ئەگەر کۆمپانیای نەوتی تا ئەوکاتە مایەکەی خۆی دەرنەهێنابێتەوە، کۆی داهاتەکان (X) هێشتا کەمترە لە کۆی خەرجییەکان (Y) و لەبەر ئەوەش فاکتەری R بچووکترە لە یەک (R<1) ، لەم کاتەدا پشکی کۆمپانیاکە لە داهاتی نەوت هێشتا زۆرە و نزیکە لە 32% بۆ ئەوەی زوو مایەکەی خۆی دەربهێنێتەوە.

ئەگەر کۆمپانیا مایەی خۆی دەرهێنایەوە، ئەوە بەو مانایەیە کە کۆی داهاتەکان (X) توانیویەتی لە کۆی خەرجییەکان (Y) پێشبکەوێت و بەو پێیەش فاکتەری R زیاترە لە یەک (R>1) ئەگەر R زیاتر بێت لە یەک بەڵام زیاتر نەبێت لە دوو، ئەوە بەو مانەیەیە کە هێشتا داهاتەکان نەبوونەتە دوو هێندەی خەرجییەکان، لەم کاتەدا چونکە کۆمپانیا هەناسەیەکی ئارامی هەڵکێشاوە، پشکی کۆمپانیاکە لە نەوتی قازانج کەمتر دەکرێتەوە بەپێی ئەو فۆرمولەی خوارەوە کە گرێدراوی ژمارەی R ەو بەو پێیەش دەکەوێتە نێوان 17% و 30%.

(2.25-1)/(R-1)*(%16-%32)-%32= پشکی کۆمپانیا

ئەگەر کۆمپانیای نەوت گەیشتە ئەو ئاستەی کە کۆی داهاتەکان (X) دوو هێندە یان زیاتر لە دوو هێندەی کۆی خەرجییەکان (Y) بوو، ئەوا لەبەر ئەوەی چیدیکە ڕەوشی کۆمپانیاکە خراپ نییە، خەرجییەکانی پێشتری قەرەبووکردووەتەوە، هێشتا پشکی کۆمپانیاکە لە داهاتی نەوتی قازانج کەم دەکرێتەوە بۆ نزیکەی 16%.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە لێرەدا، ئەوەیە کە بڵێین مەبەستمان لە کۆمپانیا، هەموو ئەو کۆمپانیا یان کۆنسێرتیۆم یان گرووپێک لە کۆمپانیاکانە کە زیاتر لە 80%ی پشکی کێڵگەکانیان بەدەستەوە نییە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان لانیکەم لە کێڵگەکان 20%ی پشکی کارکردنی بۆ خۆی هێشتووەتەوە. کەواتە قازانجی کۆمپانیا نەوتییەکان لە داهاتی نەوت سەرەتا 10%ی ڕۆیاڵتی و پاشان 20%ی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دادەشکێت.

بەپێی گرێبەستەکانیشیان لەسەریانە بە ڕێژەی 2.4% تاوەکو 4.8%ی داهاتەکانیان پرۆژەی کۆمەڵایەتی بۆ ناوچە نەوتییەکان خەرج بکەن. بەپێی ئەم شیکارییانە دوای ئەوەی کۆمپانیا نەوتییەکان مایەی خۆیان دەرهێنایەوە لەو نەوتەی کە دەبێتە قازانج، بە ڕێژەی خوارەوە سوودمەند دەبن لە داهاتی نەوت.

ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکان لە داهاتی نەوت

= %16 X0.90X0.80-(%2.4-%4.8) =%6.72-%9.12

# هەڕەشە سەرەکییەکانی سەر کەرتی وزە



ڕووداو- هەولێر

ئەنجوومەنی ئەمریکیی ئەتلانتیک لە ڕاپۆرتێکدا ئەو هۆکارە سەرەکییانەی خستووەتەڕوو کە لە سەرانسەری جیهاندا هەڕەشە لەسەر وەبەرهێنان و چالاکییەکانی بواری وزە دروست دەکەن. لە ڕاپۆرتەکەشدا ئاماژە بە هەشت فاکتەر دەکرێ کە بریتین لە: سەروەریی یاسای نێوخۆی وڵاتان، پیرۆزیی گرێبەستەکان، هەڕەشەکانی سەر ژێرخان، ئاسایشی ستاف، ڕەخنەی سیاسی، هەڕەشە داراییەکان، گەندەڵی و هێرشی ئەلیکترۆنی و سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم. لێرەدا هەندێک لە هەڕەشەکان دەخەینە ڕوو.

## یاسای نێوخۆیی وڵاتان

بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی ئەتلانتیک، پابەندبوون بە سەروەریی یاسا یەکێکە لەو هۆکارانەی متمانەی سەرمایەداران و ئاستی وەبەرهێنان لە پڕۆژە درێژخایەن و پڕبەهاکانی کەرتی نەوت بەرز دەکاتەوە، بەڵام حوکمڕانیی خراپ هەڕەشەیەکی جددی لەسەر ئەم فاکتەرە دروست دەکات، ئەم جۆرە هەڕەشەیەش لەو وڵاتە تازەپێگەیشتووانەدا بەدی دەکرێ کە ئابوورییەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بە داهاتی نەوت و غاز دەبەستێ.

کێشەیەکی دیکە کە یاسای وڵاتان بۆ کەرتی وزەی دروست دەکات پەیوەندی هەیە بەوەی کە ئەو وڵاتانەی ئابوورییەکەیان پشت بە داهاتی نەوت و غاز دەبەستێ، مەیلێکی زۆریشیان بۆ بەنیشتیمانیکردنی ئەو کەرتە هەیە، واتە لەلایەکەوە پڕۆژە گەورەکان بە کۆمپانیای نیشتمانی دەدرێت و لەلایەکی دیکەوە کۆمپانیا نێوخۆییەکان پشکێکی زیاتر لە خزمەتگوزاری و ئیمتیازاتی حکومەتیان بەردەکەوێت. ئەمەش وادەکات کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بە دوودڵییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بکەن.

ئەنجوومەنی ئەتلانتیک سێ ڕێگەچارەی بۆ ئەو هەڕەشەیە داناوە.

**یەکەم:** گرێبەستەکان بە یاسایی و نیشتمانی بکرێن نەک کەرتی نەوت و غاز. واتە مەرجەکانی گرێبەستەکان بخرێنە ناو دەستووری وڵاتەوە کە تێیدا هەلومەرجەکان و ئاکامەکانی لادان لە مادەکانی نێو گرێبەستەکان بۆ حکومەت و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەخرێتەڕوو. ئەم خاڵە شەفافیەتێکی زیاتریش بە کەرتی نەوت دەبەخشێ و ئەمەش متمانەی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بۆ پڕۆژە گەورەکان بەرزتر دەکاتەوە.

**دووەم:** بەکارهێنانی یاساکانی وڵاتێکی سێیەم کە هەردوو لایەن (حکومەت و کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان) لەسەری کۆک بن.

**سێیەم:** کەڵک وەرگرتن لە نێوبژیوانێک لە لایەنی سێیەم

## پیرۆزیی گرێبەستەکان

ئەم فاکتەرەشیان پەیوەندی بە بەرزکردنەوەی متمانەی نێوان حکومەتەکان و کۆمپانیا ناحکومییەکانەوە هەیە، بەڵام جیاوازییەکەی لەوەدایە کە ئەم فاکتەرە زیاتر پەیوەندی بە کۆمپانیاکانەوە هەیە هەتا حکومەت. ئەم فاکتەرەش هاوشێوەی فاکتەری یەکەم لە هەندێک هەلومەرجدا گوشاری دەکەوێتە سەر، لەوانەش دابەزینی داهاتی کۆمپانیا و حکومەت بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت، یان بەرزبوونەوەی بەهای بەرهەمهێنان.

بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئەتلانتیک، ئەو کاتەی نرخی سەرچاوەکانی وزە بەرزە، حکومەتەکان دەستی باڵایان لە دانانی مەرجەکانی گرێبەستەکاندا هەیە، بەڵام لە ڕەوشێکی وەکوو ئەوەی ئێستا نفوزی کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان بەرز دەبێتەوە، بەتایبەتیش لەو وڵاتانەی وەک عێراق بۆ بەرهەمهێنانی نەوت پشت بە کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان دەبەستن. یەکێک لە ڕێگەچارە پێشوەختەکانیش بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گوشارەکانی سەر گرێبەستەکان، دانانی کۆمەڵێک مادەیە لە گرێبەستەکەدا کە تێیدا پێشبینی ئەگەرەکان دەکرێ و چارەسەری پێشوەختیان بۆ دادەنرێ.

## ژێرخان

هەڕەشەکانی سەر ژێرخانی وزە زیان بە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی کەرتی وزە دەگەیەنێ، واتە حکومەتەکان، کۆمپانیاکان، وەبەرهێنەرەکان، کرێکار و فەرمانبەران و بەکارهێنەران. هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم هەڕەشەیەش بریتین لە: هێرشی تیرۆریستی (تەقاندنەوەی دامەزراوە یان بۆڕییە نەوتی و غازییەکان)، جەنگی نێوخۆیی یان جەنگی وڵاتان (دروستبوونی هەڕەشە لەسەر کۆی ژێرخانی وزە) و ڕووداوی سروشتی.

بەگوێرەی ئەنجوومەنی ئەتلانتیک، ڕەواندنەوە و چارەسەری ئەم هەڕەشەیە پێویستی بە هەڵسەنگاندنێکی ئاڵۆزی هۆکارەکان، ئەڵتەرناتیڤەکان، ئاکامەکان و ماوەی بەردەوامیی هەڕەشەکان دەبێت. هەڵبەت بەشێک لەو هەڕەشانەی لەسەر ژێرخانی وزەی وڵاتان دێنە ئاراوە جیهانین و پێویستیان بە چارەسەری هەمەلایەنە هەیە.

ئینجا چونکە بەهای ئەو نەوت و غازەی بە دامەزراوەکاندا تێدەپەڕێت لە کۆی بەهای دروستکردنی دامەزراوەکە زیاترە، بۆیە چاککردنەوەی خێرای دامەزراوەکان بایەخێکی زۆری هەیە. جیا لەمە حکومەتەکان دەبێ ئەوە بزانن کە تێچووی پاراستنی ئاسایشی ژێرخانی وزە کەمترە لە تێچووی چاککردنەوەی دامەزراوەکان پاش ئەوەی تووشی ڕووداو دەبن.

ڕاپۆرتەکەی ئەتلانتیک هەروەها پێشنیاز دەکات دامەزراوەکانی بەرهەمهێنان، عەمبارکردن و گواستنەوەی نەوت و غاز بەسەر کۆمەڵێک بەشی جیاوازدا دابەش بکرێن، بۆ ئەوەی زیانەکانی سەر ژێرخانی وزەش دابەش ببن و لە یەک شوێندا چڕ نەبنەوە.

## هۆکار و هەڕەشە داراییەکان

زۆربەی ئەو هەڕەشانەی لەسەر کەرتی وزە هەن، دواجار خۆیان لەناو هەڕەشەیەکی داراییدا دەبیننەوە، ئەمە جگە لەوەی کە چونکە ئابووریی نەوت و غاز هەموو کات وابەستەی گەشەی ئابووریی وڵاتەکان و گەشەی ئابووریی جیهانییە، بۆیە هۆکارە داراییەکان بەردەوام هەڕەشە لەسەر ئەم کەرتە دروست دەکەن.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ئەنجوومەنە ئەمریکییەکە، لە پاڵ ئەم هۆکارانە، کۆمەڵێک هۆکاری دارایی دیکەش هەن کە ڕووبەڕووی پیشەسازیی وزە دەبنەوە:

یەکەم: سزا و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکان کە نەک هەر ئاستی بەرهەمهێنان کەم دەکەنەوە، بەڵکو پەرەپێدانی کەرتی وزەش دەوەستێنن. حاڵەتی ئێران و سزا نێودەوڵەتییەکان دوایین نموونەی ئەم جۆرە هۆکارەیە.

دووەم: گۆڕانی سیستەمی باجی وڵاتەکان

سێیەم: سیاسەتەکانی پاراستنی ژینگە و بەرەنگاربوونەوەی غازە مەترسیدارەکان لە وڵاتەکاندا کە بەشی زۆریان لە کەرتی نەوت و غازدا بەرهەمدێن. ژمارەیەک لە وڵاتان باجی تایبەت بە دەردانی غازە مەترسیدارەکانیان داناوە.

## گەندەڵی

دەستوور و کولتووری جیاوازەکان پێناسەی جیاوازیشیان بۆ گەندەڵی هەیە، ئەمەش وا دەکات کۆمپانیاکان لە کاتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ وڵاتە جیاوازەکان تووشی کێشە ببن. جگە لەمە پیشەسازیی نەوت و غاز خۆی پیشەسازییەکە بواری گەندەڵیی زۆری تێدایە، لەبەر ئەوەی کاڵاکەی کە بەرهەمی دەهێنێت بەهاکەی بەرزە و خواستی زۆری لەسەرە.

لە ڕاپۆرتەکەی ئەتلانتیکدا ئاماژە بە کۆمەڵێک خاڵ دراوە کە دەریدەخات کەرتی نەوتی وڵاتەکە گەندەڵیی تێدایە:

- حکومەتەکە مێژوویەکی درێژی لەگەڵ گەندەڵیی هەیە.
- حکومەتەکە ئامادە نەبێت بە نووسین یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی قەبووڵ بکات.
- بەرپرسانی حکومەت کەسانی سەرەکیی لایەنی سێیەم پێکبهێنن.
- ئەو وڵاتانەی کە تێیدا لایەنی سێیەم (کۆمپانیا نێوخۆییەکە) لەبری پێشخستنی شارەزایی ستافەکەی و پەرەپێدانی شێوازی کاری خۆی، پشت بە یارمەتییەکانی حکومەت دەبەستێ.
- ئەو حکومەتانەی کە دۆکیومێنتی کامڵ بۆ خەرجی و خزمەتگوزارییەکان ئامادە ناکەن.
- ئەو حکومەت یان لایەنانەی کە داوا دەکەن پارەیان بە بڕێکی زۆر بەدەست یان بە شێوازێکی نائاسایی بدرێتێ.
- ئەو حکومەت یان لایەنانەی داوای دانی پارەی پێشوەخت دەکەن، بەر لەوەی خزمەتگوزارییەکانیان دابین کردبێت.
- ئەو حکومەت و لایەنانەی حەز دەکەن پەیوەندییە بازرگانییەکان یان شوێنی حیسابە بانکییەکان بە نهێنی بمێنێتەوە.

## شوان، دەلاک و دونیای تەواو کرد

**پشتیوان جەمال / ڕووداو- سلێمانی**

هونەرمەند شوان عەتوف کۆتایی بە وێنەگرتنی کورتە فیلمی دەلاک و دونیا هێنا و لە مانگی داهاتووشەوە دەست بە وێنەگرتنی کورتە فیلمی مانگ و زیندان دەکات. شوان عەتوف بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "وێنەگرتنی کورتە فیلمی دەلاک و دونیا لە شاری سلێمانی تەواو بووە و مانگێکی دیکە ئامادە دەبێت بۆ نمایش، لە ناوەڕاستی مانگی داهاتووشەوە دەست بە وێنەگرتنی کورتە فیلمی مانگ و زیندان دەکەین، دواتریش کورتە فیلمی مینا پێدەکەنێت". ئەو سێ کورتە فیلمە، لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی گەورەی هونەریدایە کە شوان عەتوف وەکو دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لەماوەی ساڵانی 2016-2018 تەواویان دەکات.



هونەری
ڕووداو
ژمارە ( 441 ) - دووشەممە 2017/1/16

# پاپا دوعا بۆ کچە گۆرانیبێژێکی کورد دەکات

**کامبیز شەددادی**
**ڕووداو- مۆسکۆ**

سڤێتلانا کاسیان دەگێڕێتەوە کاتێک منداڵ بووە، هەر جارێک لەگەڵ دایکی بە بەردەم شانۆی بۆلشۆیدا تێپەڕیوە، لە دایکی پرسیوە تۆ بڵێی لێرە بخوێنم؟ خەونی سڤێتلانا لە تەمەنی 25 ساڵیدا هاتەدی و چووە سەر سەکۆی شانۆی بۆلشۆی و گۆرانیی ئۆپێرای پێشکەش کرد. ئێستا نەک بۆلشۆی، سەکۆی شانۆی زۆر وڵاتی دیکە دەرگایان بۆ ئەو کچە کوردە کردووەتەوە.

بۆلشۆی لە زمانی ڕووسیدا بە واتای "مەزن" دێت. شانۆی بۆلشۆی، گەورەترین شانۆی ئۆپێرا و بالێی ڕووسیایە. یەکێکە لە ناودارترین سەکۆکانی شانۆی جیهانی. شانۆی بۆلشۆی لە سەدەی هەژدەوە، تاوەکو ئێستا بەبێ پچڕان، میوزیک و گۆرانیی ئۆپێرا پێشکەش بە ڕووسەکان و میوانەکانیان دەکات.

ئەم سەکۆیە، بەردەوام هونەرمەندی بەناوبانگ و گەورەی لەسەر بینراون. ئەوان هەم ئاستی هونەری ڕووسی، هەمیش زەوقی بینەرانی ڕووسیان بەرز کردووەتەوە و بە سەدان هونەرمەند لە ڕێگەی بۆلشۆوە نێویان کەوتووەتە مێژووی هونەری جیهانی. ئێستا کچە کوردێک لەسەر سەکۆی ئەو شانۆیە گۆرانیی ئۆپێرا دەڵێت کە دەنگەکەی بە ماوەیەکی کەم سنووری ڕووسیای تێپەڕاند.

سڤێتلانا کاسیان، کچە کوردێکی ئێزدییە، یەکەمجار لە ساڵی 2010 چووەتە سەر سەکۆی شانۆی بۆشلۆی، بەڵام لە ساڵی 2011ەوە لە سەکۆی شانۆی بۆلشۆی بەشی سەرەکیی ئۆپێرا ""Toskaی جاکۆمۆ پۆچینی دەخوێنێ.

میدیاکانی ڕووسیا دەنگی سڤێتلانا بە "دەنگە هیوابەخشەکەی جیهان" ناو دەبەن، بەڵام هیواکەی سڤێتلانا ئەوەیە ڕۆژێک بێت لە کوردستان، هونەرەکەی پێشکەش بە گەلەکەی خۆی بکات.

سڤێتلانا کاسیان لە شاری باتومی لە جۆرجیا، لە بنەماڵەیەکی کوری ئێزدی لەدایک بووە، بەڵام ئەو هێشتا تەمەنی نۆ ساڵان بوو کە بەهۆی ئەو شەڕەی وڵاتەکەی گرتبوووەوە، خێزانەکەی کۆچیان کرد بۆ کازاخستان.

حەزی سڤێتلانا بۆ ئۆپێرا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت "من کچێکی بچووک بووم، کاتێک بە بەردەم شانۆی بۆلشۆی (Teatra Bolşoy) تێدەپەڕین، بە پەنجەکانم ئاماژەم بۆ دەکرد، لە دایکم دەپرسی دەمەوێت لێرە بخوێنم. لە تەمەنی 25 ساڵیدا چوومە شانۆی بۆلشۆی و من ئێستا زۆر سەربەرزم کە لەسەر سەکۆی شانۆی وڵاتاندا نوێنەرایەتی گەلەکەم دەکەم و هونەرێکی مۆدێرن پێشکەش دەکەم".

کاتێک (ڕووداو) سەرقاڵی ئامادەکردنی فیچەرێک بوو لەسەر ژیانی ئەو کچە کوردە، ئەو خەریکی پرۆڤە بوو بۆ پێشکەشکردنی بەرهەمێکی نوێ. سڤێتلانا لەو بەرهەمەدا ڕۆڵی پەریی دەریای دەبینی. ئەو گوتی "ئەمڕۆ ڕۆڵی سەرەکی دەبینم. ڕۆڵێکی سەخت، ڕۆڵی پەریی دەریا بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە. هەر بۆیە زۆر دڵشادم".

لە ئۆپێرادا وەرگرتنی ڕۆڵی سەرەکی وا بە ساناییی بە نسیبی هەموو کەسێک نابێت، بەڵام سڤێتلانای کورد تەنیا لە بۆلشۆی نا، بەڵکو لە گەورەترین هۆڵەکانی ئەورووپادا، ئەوانەی وەک تۆرین، ڤەنەدیک و سەکری، بەوپەڕی بوێرییەوە لە بەردەم هۆگرانی ئۆپێرادا دەوەستێ.

ساڵی 2013، سڤێتلانا لە شاری ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا سۆلۆ کۆنسێرتێک پێشکەش دەکات، هەر هەمان ڕۆژ پاپای ڤاتیکان داوەتی ئەو کچە کوردە دەکات. سڤێتلانا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی لەبیرنەکراوی خۆی وەسف دەکات و دەڵێت "دیدارێکی زۆر خۆش بوو. دوای کۆنسێرت پاپا منی داوەتی ڤاتیکان کرد. بینینی پاپا کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر من هەبوو، چونکە ئەو مرۆڤێکی زۆر نورانییە. ئەوەی سەرنجڕاکێش بوو ئەوە بوو کە بوومە یەکەمین سترانبێژی ئۆپێرا پاپا نزای خێری بۆ بکات و داوای کرد تەنیا گۆرانی بۆ خێر و ئاشتی بڵێم".

ساڵی 2011، سڤێتلانا لە چین خەڵاتی یەکەمی پێنجەمین پێشبڕکێی نەتەوەیی سترانبێژانی بەدەستهێنا. دیسان هەمان ساڵ، لە شاری باری لە ئیتاڵیا خۆی لە نۆیەمین سەمفۆنیای بتهۆڤن تاقیکردەوە.

سەرگەی نۆڤیکۆڤ، دەرهێنەری ئۆپێرا لە شانۆی بۆلشۆی، زۆر پەسنی ئەو کچە کوردە دەدات و دەڵێت "لەسەر سەکۆی شانۆی بۆلشۆی، کەسانی وەک سڤێتلانا کەمن کە هەم لە ئاستی ئیدیەلدا گەنج بێ و هەم بە دەنگ هێندە دەوڵەمەند بتوانێت هۆڵی شانۆ پڕ بکات".

یەکەم مامۆستای میوزیکی سڤێتلانا، دایکێتی. سەدا خانم هەر لە تەمەنی منداڵیی سڤێتلانادا هەستی بە دوارۆژێکی ڕووناک بۆ کچەی کردووە. بەبێ پشتیوانی دایکی، بۆ سڤێتلانا کارێکی ئەستەم بوو بگاتە ئەو قۆناغە، وەک دایکێک کە منداڵێکی بچووکی هەیە، بتوانێت هێندە بە ئاسوودەیی پرۆڤە بکات و بە هەفتە دوور بێت و لە دەرەوەی وڵات بێت.

دایکی سڤێتلانا کاسیان ماوەی 40 ساڵ مامۆستای میوزیک بووە. کتێبی وانەکانی میوزیکیشی نووسیوە. ئەمڕۆ لە چەندین قوتابخانەی کازاخستان کتێبەکانی دایکی سڤێتلانا دەخوێندرێن، بەڵام گەیاندنی منداڵەکانی بۆ ئاستێکی بەرز بۆ ئەو کارێکی هێندە ئاسان نەبووە.

سەدا خانم دەڵێت، میوزیک و ستران، بەشێکی ژیانی کوردەواریی ئەوان بووە و ئەو ئێستاشی لەگەڵدابێت، سەردولکەی کوردەواری دەڵێت.

سڤێتلانا کاسیان، هەنگاو بە هەنگاوی هونەری ئۆپێرا دەبڕێت، بەڵام خۆزگەکانی زۆرن، بۆیە هێشتا خۆی لە سەرەتای ڕێچکەی هونەری ئۆپێرادا دەبینێ.





## ئەکتەری کلیپەکەی عەمار کۆڤی هاوەڵی شاجوانە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەو کچەی لە یەکەم کلیپی گۆرانیبێژ عەممار کۆڤی دەردەکەوێت، لە دوبەی دەژی و ساڵی 2014 بە هاوەڵی شاجوانی عێراق هەڵبژێردراوە.

تارا فارس کە خەڵکی بەغدایە، لە دوای کوژرانی ئەحمەد کە گەنجێکی کورد بوو لە یانەیەکی شەوانەی ئیستەنبوڵ لە تورکیا لە شەوی سەری ساڵدا بووە یەکێک لە قوربانیانی هێرشێکی تیرۆریستی، بە بەردەوامی وێنەی ئەو گەنجە بڵاودەکاتەوە و پێیدا هەڵدەڵێت، بەجۆرێک کە لە ڤیدیۆیەکدا فرمێسک بۆ مردنی ئەحمەد دەڕێژێت، بۆیە میدیا عەرەبییەکان باس لە پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان ئەو دوو گەنجە دەکەن.

تارا فارس، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "من بەشانازییەوە لە کلیپی عەمار کۆڤی دەرکەوتم و خۆشەویستیم بۆ عەمار هەیە وەک گەنجێکی عێراقی".

تارا کە خاوەنی زیاتر لە یەک ملیۆن هەوادارە لە ئینستاگرام، لە بارەی بڵاوکردنەوەی وێنەکانی ئەحمەد دەڵێت "ئەحمەد هاوڕێیەکی نزیکم بوو، بەڵام پەیوەندی خۆشەویستیمان نەبوو".



## نەدای فارس بەکوردی دەست بە گۆرانی دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

خانمە گۆرانیبێژی فارس، نەدا کە خەڵکی تارانە و ئێستا لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێیە، حەز دەکات گۆرانیی کوردی بڵێت.

نەدا بەنیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا گۆرانییەکی کوردی کلیپ بکات و لەوبارەشەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "تێکست و میلۆدیی گۆرانییەکە لەلایەن هەڵکەوت زاهیر ئامادەکراوە، ئێستا پلان بۆ کلیپکردنی دادەنێین، لە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ یەکەمجار لە ڕێگەی تۆڕی میدیایی ڕووداو بڵاوی دەکەینەوە".

نەدا دەشڵێت "حەزم لە گۆرانی کوردییە، بەنیازم لە داهاتوودا گۆرانی بە زمانی فارسیش بڵێم، بەڵام لە سەرەتادا دەمەوێت چەند بەرهەمێکی باشی کوردی بڵاوبکەمەوە".



## دارین خۆشەویستییەکی مەحاڵ دەکات

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

دارین شاهین، خانمە ئەکتەر و پێشکەشکاری تەلەڤزیۆنیی لوبنانی، ئێستا لە بەیروت و قاهیرە خەریکی وێنەگرتنی زنجیرە درامایەکی نوێیە بەناوی "الحب المستحیل"، واتە خۆشەویستییەکی مەحاڵ.

شاهین بە ڕۆژنامەی (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "زنجیرە دراماکەم ئێستا لە قۆناغی وێنەگرتندایە، بەشی زۆری کارەکانی لوبنانی تەواو بووە و لە مانگی شوبات دەچینە قاهیرە بۆ وێنەگرتنی بەشەکانی دیکەی".

دارین شاهین دەشڵێت "دراماکە باس لە خۆشەویستیی نێوان دوو کەس دەکات کە نازانن لە ڕابردوویەکی دووردا بنەماڵەی ئەو دوو کەسە کێشەی زۆریان لە نێواندا هەبووە، لە دوای ئەو خۆشەویستییە کێشەکان جارێکی دیکە نوێ دەبنەوە، زنجیرە دراماکەش لە کەناڵی ئاسمانیی mbc پەخش دەکرێ".



## دڵنیا شیعری باوکی دەکاتە گۆرانی

**هیوا سەلاح**
**ڕووداو- هەولێر**

دڵنیا ڕەزازی، کچی هونەرمەند ناسر ڕەزازی، گۆرانییەکی نوێ تۆمار دەکات کە تێکستەکەی لەلایەن باوکییەوە نووسراوە.

دڵنیا ڕەزازی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێستا نوێترین ڤیدیۆکلیپم ئامادە دەکەم بۆ بڵاوکردنەوە کە بەشێوەیەکی جیاواز و پێشکەوتوو کاری بۆکراوە. گۆرانیی دووەمیشم لە تێکستی باوکمە و ئەو هاوکاریی زۆری کردووم بۆ ئەم بەرهەمە".

دڵنیا ڕەزازی دوای مردنی مەزرییە فەریقیی دایکی ئەلبوومێکی گۆرانی بڵاونەکراوەی دایکی بە ناوی "لەو ڕۆژەوە" بە دەنگی خۆی بڵاوکردەوە، دڵنیا ئێستا لەگەڵ هاوژینەکەی لە سوید نیشتەجێیە.









LEGACY
CONSTRUCTION

ژنان
ڕووداو
ژمارە (441) - دووشەممە 2017/1/16



## خوشکەکەی خۆی بە تاپڕ دەکوژێ

**ڕووداو- کۆیە**

عەقید شۆڕش کاکە، بەڕێوەبەری پۆلیسی شارۆچکەی کۆیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێوارەی ڕۆژی 2017/1/15، لە گوندی تازەدێی سەر بەناحیەی ئاشتی شارۆچکەی کۆیە، گەنجێکی تەمەن 17 ساڵ بە چەکی تاپڕ خوشکەکەی خۆی کوشتووە کە تەمەن 13 ساڵە. ناوبراو گوتی "ئەو خێزانە لە ناحیەی ئاشتی دەژین و بەسەردان چووبوونە ماڵی مامیان، دوای ڕووداوەکەش براکەی دەستگیرکراوە و بە قسەی خۆی بە هەڵە فیشەکی بە خوشکەکەیەوە ناوە، بەڵام ئێمە گوتەی کەسوکاریان وەردەگرین و لێکۆڵینەوەی وردیش لە ڕووداوەکە دەکەین".

# ژنەکەی خۆی بە بەرد و شیشی ئاسن دەکوژێ

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- هەولێر**

فێنک تەنیا 20 ڕۆژ بوو منداڵی پێنجەمی بووبوو، بەهۆی لێدانی بە شیشی ئاسن و بە بەرد لەلایەن مێردەکەیەوە، کوژرا و پۆلیسیش دەڵێ مێردەکەی سەرخۆش بووە کاتێک ئەو تاوانەکەی کردووە.

شەوی 2017/1/8، ژنێکی دانیشتووی ناحیەی دیبەگەی سەر بە شاری هەولێر بەناوی فێنک سەعید، 29 ساڵ، دوای ئەوەی لەلایەن مێردەکەیەوە بە توندترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێ، بە پەلە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ گیانی دەردەچێ. مێردەکەی بەناوی (ک.ح) کە تەمەنی 30 ساڵە و شوفێری تاکسییە، دوای ڕووداوەکە خۆی ڕادەستی پۆلیسی دیبەگە کرد.

موقەدەم ئەیوب جەوهەر، بەرپرسی پۆلیسی ناحیەی دیبەگە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئەو پیاوە جارجارە مەیی خواردووەتەوە، ئەو شەوەش دوای بانگی مەغریب بە سەرخۆشی گەڕاوەتەوە و لەگەڵ ژنەکەی دەنگە دەنگیان بووە، پاشان پیاوەکە چووەتە دەرەوە و جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە و دووبارە لەگەڵ ژنەکەی بووەتەوە بە دەنگە دەنگیان، هەر لەنێو ماڵەکەیدا بە بەرد و شیش لە ژنەکەی داوە. ژنەکە دوای 12.30 خولەکی شەو لە نەخۆشخانە گیانی سپاردووە و فریای وەرگرتنی ئیفادەی نەکەوتوون.

موقەدەم ئەیوب گوتی "پیاوەکە هەر هەمان شەو هات بۆ بنکە و دەستبەسەرمان کرد، سەرەتا نکۆڵی لێدەکرد کە ژنەکەی خۆی کوشتبێت و دەیگوت شەو کاتێک هاتوومەتەوە، بینیومە لە گەرماوەکە کەوتبوو، بەڵام سەرلەبەیانییەکەی دوای ئەوەی هاتەوە هۆشی خۆی، گوتی ژنەکەی ئەشکەنجە داوە".

وەکو موقەدەم ئەیوب ئاماژەی بۆ کرد، پیاوەکە بۆ بەیانییەکەی قسەی خۆی گۆڕیوە "لەو کاتەدا زۆر پەشیمان بوو دەگریا، چونکە بە قسەی خۆی، بە مەبەستی کوشتن لە ژنەکەی نەداوە و تەنیا ویستوویەتی بیترسێنێ".

ئەو بەرپرسەی پۆلیس لە زاری تۆمەتبارەکەوە باسی کێشەی نێوان ئەو ژن و پیاوە دەکات و دەڵێت "پیاوەکە لە دانپێدانانی خۆیدا دەڵێت هەر کاتێک گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە، ژنەکەی پێیگوتووە بۆچی بە سەرخۆشی دەگەڕێیتەوە، ئیدی هەموو جارێ بووەتە شەڕیان".

گوتیشی "پیاوەکە دوای ڕووداوەکە هاتبووە دەرەوە و هاواری کردبوو ژنەکەیان کوشتم، خزمەکانی چووبوون بە هانایەوە، بەڵام منداڵە گەورەکەی گوتبووی باوکم و دایکم بووە بە دەمەقاڵەیان و باوکم لە دایکمی داوە".

فێنک تەنیا 20 ڕۆژ بوو پێنجەمین منداڵی لەدایک ببوو، هێشتا کاتی زەیستانییەکەی تەواو نەکردبوو کە لەلایەن مێردەکەیەوە کوژرا.

شیروان سەعید، برای فێنک، بە (ڕووداو)ی گوت، کاژێر 12.18 خولەکی ئەو شەوە زاواکەیان ئاگاداری کردووەتەوە و گوتوویەتی "فێنک مرد و خۆم ڕادەستی پۆلیس دەکەم". پاشان لەلایەن کەسوکاری زاواکەیانەوە فێنک گەیەنراوەتە نەخۆشخانە و ئەویش لە نەخۆشخانە بە برینداری بینیویەتی کە دەموچاوی خوێناوی بووە، بەڵام بەهۆی سەختیی برینەکانی قسەی بۆ نەکراوە و گیانی دەرچووە.

شیروان گوتی "هەرچەندە هێشتا ڕاپۆرتی پزیشکیمان نەبینیوە تا بزانین زاواکەمان سەرخۆش بووە یان نا، بەڵام لەو باوەڕەدا نین سەرخۆش بووبێت، چونکە بە قسەی منداڵەکانی کە لای پۆلیس کردوویانە، ئەو شەوە منداڵەکانی لە ژوورێکدا بەند کردووە و دواتر بە دڕندانەترین شێوە و ئەوەندەی بزانین بە دار و شیش لە خوشکەکەمانی داوە".

وەکو ئەو برایەی فێنک ڕوونیکردەوە، فێنک و هاوژینەکەی بەردەوام کێشەیان هەبووە، هەر بەو هۆیەشەوە خوشکەکەی چەند جارێک تۆراوە و چووەتەوە ماڵی باوکی، تەنانەت هەندێکجار گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی لێی جیاببێتەوە، بەڵام لەبەر منداڵەکانی پەشیمان بووەتەوە.

شێروان گوتی "تا دوو ساڵ لەمەوبەریش خوشکەکەمان دەیگوت مێردەکەی مەی دەخواتەوە، قسەمان لەگەڵ مێردەکەی دەکرد دەیگوت ئیدی ناخۆمەوە، بەڵام دوو ساڵە خوشکەکەمان باسی ئەو کێشەیەی نەدەکرد و هاتوچۆشمان لەگەڵیان گەرم بوو".

بە قسەی شیروان، دوای ڕووداوەکە ڕێگەیان نەداوە کەسوکاری زاواکەیان بەشداری پرسەکە بکەن و دۆسیەکەشیان بۆ یاسا جێهێشتووە. (ڕووداو) هەوڵی دا ڕای کەسوکاری تۆمەتبارەکە وەربگرێت، بەڵام گوتیان جارێ قسە لەسەر ئەو ڕووداوە ناکەن.



# ژنی بەسەرهێنرا و خۆی سووتاند

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**



کەلسوم تەنیا هەشت مانگ بەرگەی ژیانی هەوێداریی گرت، لە نیوەشەودا کاتێک هاوژینەکەی و منداڵەکانی خەوتبوون، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. کەلسوم شەو و ڕۆژێک لە نەخۆشخانە مایەوە و گیانی دەرچوو.

شەوی 2017/1/8 لە گەڕەکی کێوەڕەشی شارۆچکەی ڕانیە، ژنێکی تەمەن 44 ساڵ بەناوی (کەلسوم. و) دایکی پێنج منداڵ، خۆی سووتاند، بەو هۆیەشەوە گیانی سپارد.

کەلسوم بە خواستی خۆی شووی بە کەسێک کردووە کە حەوت ساڵ لە خۆی بچووکتر بووە، بەڵام ئەو جیاوازیی تەمەنە هیچ کێشەی بۆ دروست نەکردوون و ژیانێکی ئاساییان هەبووە. کەسوکارەکەی دەڵێن کەلسوم هەتا ژنی بەسەرنەهێنرا هیچ کێشەیەکی نەبوو.

(بەختیار. ئە) کە شووبرای کەلسومە، دەڵێت برا و براژنەکەی هیچ کێشەیەکیان نەبووە، باری ئابوورییان باش بووە، یەکدیشیان زۆر خۆشویستووە. هەشت مانگ لەمەوبەر براکەی بڕیار دەدات ژنی دووەم بهێنێ، بەڵام کەلسوم دژی ئەوە بووە ژنی بەسەر بهێنرێ، بۆیە ڕەزامەندیی دەرنەبڕیوە، بەڵام براکەی چووە ژنێکی عەرەبی هێناوە و لە دادگای مەخموور مارەی کردووە.

بەختیار دەڵێت "ئیدی لەو ڕۆژەوەی براکەم ژنی دووەمی مارەکرد، کێشە لە نێوان برا و براژنم دروست بوو. کەلسوم بەردەوام دەیگوت دڵم توندە، نازانم چی بکەم. هەرچەندە براکەم دڵنەوایی دەدایەوە، زۆر شتی بۆ دەکرد بۆ ئەوەی دڵخۆشی بکات، سەفەری پێدەکرد، زێڕی بۆ دەکڕی، بەڵام سوودی نەبوو. هەوێیەکەی سەردانی ماڵی کەلسومی دەکرد، بەڵام ئەو سەردانی نەدەکرد".

بەختیار پێیوایە هۆکاری خۆسووتاندنی براژنەکەی ئەوەیە کە ژنی بەسەرهێنراوە "کەلسوم ئەگەر دڵی شکابا، وا بە ئاسانی ئاشت نەدەبووەوە، جگە لەوەش زوو هەڵدەچوو. ئەو ژنی بەسەر هێنرابوو، زۆر لەوە نیگەران بوو، بەڵام نیگەرانییەکانی خۆی دەشاردەوە".

بەختیار باسی ئاماژەکانی پێش ڕووداوەکە دەکات کە ڕەنگە ئەگەر چاودێریی کەلسوم کرابا ڕێگری لە خۆسووتاندنەکەی دەکرا. بەختیار گوتی "کەلسوم پێش ئەوەی خۆی بسووتێنێ، چەند جارێک گوتبووی دڵم تەنگە، خەریکە دەمرم، ئەگەر مردم گەردنم ئازاد بکەن، هەمووتانم خۆشدەوێ".

بە گوتەی بەختیار، براژنەکەی لە نیوەشەودا خۆی سووتاندووە. بەختیار دەڵێت "براکەم و منداڵەکانی خەوتبوون، کەلسوم سەعات یەکی شەو چووبووە گەرماوی ماڵەکەیان، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، لەو کاتەدا یەکێک لە کوڕەکانی خەبەری بووەتەوە و بینیویەتی ئاگر لە گەرماوەکەیان دێتە دەرێ، بۆیە باوکی لە خەو هەڵساندبوو، کاتێک دەچن دەبینن کەلسوم خۆی سووتاندووە، بۆیە خێرا دەیکوژێننەوە و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە".

کەلسوم سەرەتا دەبرێتە نەخۆشخانەی گشتیی ڕانیە، بەڵام بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی کە لە سەرووی 90% بووە، هەر ئەو شەوە بەڕێدەکرێ بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی. لەوێ شەو و ڕۆژێک لە نەخۆشخانە دەمێنێتەوە و بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەی دەمرێ.

بەختیار باسی قسەکانی کەلسوم دەکات لە نەخۆشخانە و دەڵێت "ئەو دەیزانی ناژیت، لە نەخۆشخانە گوتی: خۆم ئاگرم لە جەستەی خۆم بەرداوە، کەس تاوانبار مەکەن، پەشیمانم کە خۆم سووتاند، گەردنم ئازاد بکەن، زۆر چاوتان لە منداڵەکانم بێ".

هەرچەندە خۆسووتاندنی کەلسوم بەهۆی ئەوە بووە کە ژنی بەسەرهێنراوە، بەڵام ئەوە هیچ کێشەیەکی لە نێوان بنەماڵەی هەردوولادا دروست نەکردووە. بەختیار گوتی "کەسوکاری کەلسوم هەڵوێستیان زۆر باش بوو، یەک پرسەمان بۆ کەلسوم دانا، کەسوکارەکەشی لە پرسەکەی بوون، تەنانەت دڵنەوایی براکەمیان دایەوە".

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی کەلسوم کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو)ی گوت، تاکە هۆکاری خۆسووتاندنی کەلسوم ئەوە بوو کە ژنی بەسەرهێنراوە. ئەو سەرچاوەیە گوتی "کەلسوم هیچ کێشەی نەبوو تا ئەو ڕۆژەی ژنی بەسەرهێنرا، ئەو بەردەوام دەیگوت ناتوانێ ژیانی هەوێداری قبوڵ بکات، هەر لەبەر ئەوەش خۆی سووتاند".

نینا محەممەد، لێپرسراوی بەشی بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان لە ڕاپەڕین گوتی، بەپێی بەدواداچوونەکانی پۆلیس دەرکەوتووە ئەو ژنە خۆی سووتاندووە، هۆکارەکەشی ئەوە بووە کە چەند مانگێک لەمەوبەر ژنی بەسەرهێنراوە.

### هاوژینی کەلسوم تاوانبارە؟

کەسوکاری کەلسوم و لایەنە پەیوەندیدارەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە کەلسوم ژنی بەسەرهاتووە، بۆیە خۆی سووتاندووە. دژی ئەوەش بووە کە هاوژینەکەی ژنی دووەم بهێنێ. پارێزەر ڕێناس عالی مەلا، دەڵێت "بەپێی یاسای سزادانی عێراقی، هەر کەسێک هاندەر یان یارمەتیدەر بێ بۆ خۆکوشتنی کەسێک جا بە هەر وەسیلەیەک بێ، سزا دەدرێت بە بەندکردن کە لە حەوت ساڵ زیاتر نەبێ".

# بە تاپڕەکەی باوکی، خۆی دەکوژێت

**ڕووداو- کەرکووک**

کچێک لەناو ماڵی خۆیاندا بە چەکێکی تاپڕ کە هی باوکی بووە، گوللەیەک لە سکی خۆی دەدات و خۆی دەکوژێ. خانەوادەکەی دەڵێن ڕووداوەکە "قەزاوقەدەر" بووە و بەهۆی دەستکاریکردنی چەکەوە بووە، بەڵام ئەمە هەر قسەی کەسوکارێتی و هێشتا پۆلیس بە ئەنجامی کۆتایی نەگەیشتووە.

ئێوارەی ڕۆژی 2017/1/6 لە گوندێکی سەر بە ناحیەی شوان لە پارێزگای کەرکووک، کچێکی تەمەن 18 ساڵ بەناوی (جوان.ح)، بە چەکی تاپڕ خۆی کوشت. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان، ئەو کچە، خۆی کوشتووە، بەڵام تائێستا هۆکاری ڕووداوەکە نەزانراوە و لێکۆڵینەوەش بەردەوامە".

ئەو چەکەی کچەکە بەکاری هێناوە چەکی باوکی بووە، کچەکە گوللەیەکی لە سکی خۆی داوە و دەستبەجێ مردووە. سەرچاوەیەکی ئەمنی لە شاری کەرکووک گوتی "باوکی کچەکە دەڵێت ئەوان ئاگایان لە ڕووداوەکە نەبووە. ئەو ڕاوچییە و چەکەکەی سوار بووە، کچەکەی لە کاتی پاککردنەوەی ماڵدا دەستکاری چەکەکەی کردووە و گوللەیەکی لێ دەرچووە".

دانیشتوویەکی گوندەکە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ڕووداوەکە دەنگۆی ئەوە بڵاوە کە ئەو کچە خوازبێنی هاتووە، بەڵام نەیانداوە بە کوڕەکە بۆیە خۆی کوشتووە".

بەڵام سەرچاوەیەک لە خانەوادەی جوان ڕەتیکردەوە کچەکەیان بە ئەنقەست خۆی کوشتبێت و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کچەکەمان تەمەنی کەمتر لە 10 ساڵ بووە، دەستکاریی چەکی کردووە و لەوکاتەدا گوللەی لەدەست دەرچووە و مردووە". سەرچاوەکە گوتیشی "ئەو دەنگۆیانەی باسی خوازبێنی دەکەن دوورن لە ڕاستییەوە، هیچ کێشەی خێزانیمان نییە و بە قەزا و قەدەر مردووە".

زانیارییەکانی کەسوکاری لەگەڵ قسەی پۆلیس تێکناکەنەوە، بەگوێرەی بەڵگەنامەکانی کە لای پۆلیسن، ئەو کچە لەدایکبووی ساڵی 1999یە.

هەڵاڵە عەلی، توێژەری کۆمەڵایەتی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، لەبەرئەوەی ئەو کچە لە گوند ژیاوە، بەپێی کولتووری گوندیش، کچان زووتر بیر لە شووکردن دەکەنەوە، تەمەنی ئەو کچەش بۆ خۆشەویستی و شووکردن گونجاو بووە. ناوبراو گوتی "بەپێی ئەو دەنگۆیە بێت کە خۆشەویستەکەی چووەتە داوای و پێیان نەداوە، یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە بەهۆی نەگەیشتن بە خۆشەویستەکەی، خۆی کوشتبێت".

ڕووداوی خۆکوشتنی جوان بە قەزاوقەدەرەوە بەستراوەتەوە، بەڵام ئەفسەرێکی پۆلیس دەڵێت بە ئەنقەست خۆی کوشتووە. ڕائید عەلی جەمال قەدووری، ئەفسەری پۆلیس کە 13 ساڵە لە سلکی ئەمنی کاردەکات، دەڵێت: ئەو کچە بە مەبەست گوللەی بەخۆیەوە ناوە "کاتێک کەسێک دەیەوێت بەو چەکە خۆی بکوژێت، گوللەکە بە شوێنی هەستیارییەوە دەنێت لەوانەش سەر، دەم، سک، بەڵام زۆرجار کەسوکاری قوربانییەکە لەبەر لایەنی کۆمەڵایەتی ڕووداوەکە پەردەپۆش دەکەن و دەڵێن قەزاوقەدەر بووە، لێرەدا ئەرکی ئەفسەری لێکۆڵینەوە قورسە تا بگاتە ئەو ڕاستییەی ئەو کەسە بە هەڵە گوللەی لەخۆی داوە".



كۆمەڵایەتی
ڕووداو
ژمارە ( 441 ) - دووشەممە 2017/1/16





## هاوڕێکەی خۆی کوشت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، شەوی 2017/1/14 لە گەڕەکی ڕاستی شاری هەولێر دوو هاوڕێ کە ویستوویانە کۆمپانیایەک دابنێن، هەر لەو شوێنەدا دەستکاری دەمانچەیان کردووە، لەو کاتەشدا گوللەیەک دەرچووە و بەر یەکێکیان کەوتووە کە تەمەنی 25 ساڵە و دەستبەجێ گیانی لەدەستداوە. ناوبراو گوتی "بکوژ خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە و گوتوویەتی بە هەڵە گوللەی لەدەست دەرچووە، بەڵام تائێستا گوتەی کەسوکاری کوژراوەکە وەرنەگیراوە تا بزانرێت سکاڵایان هەیە یان نا، لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکەش بەردەوامە".

# بەساڵاچوویەکی 80 ساڵان خۆی دەسووتێنێ

**عومەر چاوشین**
**ڕووداو- ڕاپەڕین**

مام حەمەد ڕۆژێک بەرلەوەی خۆی بسووتێنێ، گۆبەندێکی گەورەی لە کۆڵانی ماڵی کوڕەکەی نایەوە. بە گوتەی کوڕەکەی، پاڵنەری دەروونی لە پشت ئەو کارەی بووە، هەر بەهۆی ئەو پاڵنەرە دەروونییەش خۆی سووتاندووە.

ڕۆژی 2017/1/5 ، پیاوێکی تەمەن 80 ساڵان بەناوی (حەمەد.ح) لەدایکبووی شارۆچکەی قەڵادزێ، لە ماڵی کوڕەکەیدا لە گوندی تیتۆکەی سەر بە قەزای ڕانیە، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و هەر لە شوێنی ڕووداوەکە گیانی دەرچوو. کوڕەکەی دەڵێت باوکی نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بەڵام ئەوان نەخۆشییەکەیان بە هێند وەرنەگرتووە و نەیانبردووەتە لای پزیشک.

(ش) کە کوڕی گەورەی حەمەدە، باسی نەخۆشییەکەی باوکی دەکات و دەڵێت "باوکم ناوبەناو دەروونی بە تەواوی تێکدەچوو، لەو کاتانەشدا حەزی لە ئازاردانی خۆی دەبوو، هەروەها دەستی لە ئازاردانی کەس نەدەپاراست".

بە گوتەی (ش)، باوکی ڕۆژێک بەرلەوەی خۆی بسووتێنێ، باری دەروونیی تێکچووبوو "ئەو ڕۆژە هاتبووە کۆڵان هەموو جلەکانی لەبەرخۆی داکەندبوو، زۆر پێوەی ماندووبووین هەتا جلەکانی پۆشییەوە".

سەبارەت بە خۆسووتاندنەکەشی دەڵێت "ئێمە ئاگامان لێ نەبوو، نەوتی سۆبای ماڵەکەمانی بەتاڵ کردبوو، بەخۆیداکردبوو، پاشان ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو".

هەرچەندە کوڕەکانی حەمەد زانیویانە باوکیان باری دەروونیی تەواو نییە، بەڵام قەت نەیانبردبووە لای پزیشک. (ش) دەڵێت "ڕاستە باوکم نەخۆشیی دەروونی هەبوو، بەڵام ئێمە نەخۆشییەکەمان بەهەند وەرنەگرت، چونکە زوو زوو باری دەروونیی تێکدەچوو، دواتر هیچ عەیبی نەدەما".

ڕێبوار قادر، لێپرسراوی پزیشکی دادوەریی نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە پشتڕاستی کردەوە ئەو پیاوە بەساڵاچووە خۆی سووتاندووە و لەوبارەیەوە گوتی "دوای توێکاری و پشکنین بۆ جەستەی، دەرکەوت بە نەوت خۆی سووتاندووە، بەهۆی زۆریی ڕێژەی سووتانەکەشی کە لە سەرووی 90% بوو، دەستبەجێ مردبوو". گوتیشی "هیچ شوێنەوارێکی ئەشکەنجەدان لەسەر جەستەی قوربانییەکە دەرنەکەوتبوو، بۆیە تەرمەکەمان ڕادەستی کەسوکارەکەی کردەوە.

هەرچەندە کەسوکاری حەمەد دەڵێن ئەو پیاوە خۆی سووتاندووە، بەڵام پۆلیس دەڵێت لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەن. نەقیبی پۆلیس کاروان مەحموود، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ڕاپەڕین بە (ڕووداو)ی گوت "ئەو پیاوە خۆی سووتاندووە و کەسوکارەکەی دەڵێن نەخۆشیی دەرونی هەبووە، بەڵام مەرج نییە قسەی کەسوکاری ڕاست بێت، ئێمە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە دەکەین بۆ ئەوەی دڵنیا ببینەوە لە هۆکاری خۆسووتاندنی پیاوەکە.



### بۆچی پیرەمێردەکان خۆیان دەسووتێنن؟

ئەوە یەکەمین حاڵەتی خۆسووتاندنی پیاوانی بەساڵاچوو نییە لە کوردستان و پێشتریش حاڵەتی هاوشێوە ڕوویداوە. بورهان عەلی فەرەج، سکرتێری یەکێتیی پیاوانی کوردستان لەوبارەیەوە دەڵێت "پیاوانی بەساڵاچوو، وەکو ئەو گەنجانە نین کە پەنا بۆ خۆکوشتن دەبەن، بە ئاسانی دەستیان بە چەک ڕاناگات، یان ناتوانن خۆیان هەڵبواسن، بۆیە پەنا بۆ خۆسووتاندن دەبەن، چونکە بە ئاسانی دەستیان بە ئاگر و سووتەمەنی دەگات".

# برا پێشمەرگەکەی خۆی بە چەقۆ کوشت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- خانەقین**

ڕائید، مۆڵەتێکی دوو کاژێریی لە بەرپرسەکەی وەرگرت بۆ ئەوەی سەردانی ماڵەوە بکات، بەڵام بەسەر شەڕێکدا دەچێتەوە و دەبینێ منداڵەکەی دەگری، کاتێک لێی دەپرسێ بۆچی دەگری، منداڵەکەی دەڵێت مامی لێیداوە، ئیدی ڕائید لەگەڵ برا بچووکەکەی دەبێتە دەمەقاڵەیان و هەر لەوێدا بە چەقۆیەک دەکوژرێ.

ڕۆژی 2016/1/10 ، لە گەڕەکی بەختیاریی شارۆچکەی خانەقین، ڕائید ئەکرەم، تەمەن 37 ساڵ کە پێشمەرگە بوو، لەلایەن برا بچووکەکەی خۆیەوە بەناوی (ح) تەمەن 24 ساڵ، بە چەقۆ کوژرا. ڕائید خێزاندار بوو، سێ منداڵی هەبوو.

د.خالید عەباس، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی خانەقین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، قوربانییەکە چەقۆیەک بەر ڕانی کەوتووە، بەو هۆیەوە تووشی خوێنبەربوون بووە و پێش گەیاندنی بە نەخۆشخانە، گیانی دەرچووە.

ڕائید لە ناوچەی کۆباشی لە فەوجی یەکی لیوای سێی وەزارەتی پێشمەرگە دەوامی دەکرد. هاوڕێیەکی نزیکی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت، ئەو ڕۆژە ڕائید بۆ ماوەی دوو کاژێر داوای مۆڵەتی لە بەرپرسەکەی کردووە، ئەویش مۆڵەتی پێداوە.

ئەو هاوڕێیەی ڕائید گوتی "دەبوو کاژێر چوار بگەڕێتەوە، بەڵام کە دیار نەبوو، لە نزیکەی 4.30 خولەک بەدواوە پەیوەندیمان پێوە کرد وەڵامی نەبوو، نزیکەی کاژێر 5.30 خولەک هەواڵەکەیان پێگەیاندین".

موقەدەم ئەحمەد مستەفا، بەرپرسی هەواڵگریی فەوجی یەکی لیوای سێی وەزارەتی پێشمەرگە، گوتی "ئەو پێشمەرگەیە لەگەڵ برایەکی بەهۆی کێشەی خێزانییەوە بووەتە دەمەقاڵەیان و پەلاماری یەکدییان داوە، براکەی چەقۆیەکی لە قاچی ڕائید داوە و دەماری بڕیوە، بەو هۆیەوە مردووە".

عەمید ئازاد عیسا، بەڕێوەبەری بەشی پۆلیسی خانەقین لە گەرمیان بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە "تۆمەتبارەکە بە قسەی خۆی لە منداڵەکانی براکەی داوە و بەو هۆیەشەوە لەگەڵ براکەی بووەتە شەڕیان و بە چەقۆ لە یەکیان داوە، جگە لەوەی چەقۆیەک بەر ڕانی کوژراوەکە کەوتووە، چەقۆیەکیش بەر شانی تۆمەتبارەکە کەوتووە، تۆمەتبارەکە دەڵێت مەبەستی کوشتنی براکەی نەبووە".

ماڵی تۆمەتبارەکە نزیکەی 100 مەتر لە ماڵی باوکییەوە دوورە. ئارام ئەکرەم، برای ڕائید بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، پێش ڕووداوەکە، منداڵێکی ڕائید لە بەردەم ماڵی ئەوان لەگەڵ سەگ یاری کردووە و (ح)ی براشیان لێی تووڕە بووە کە نابێت لەگەڵ ئەو ئاژەڵە یاری بکات و لێی داوە. کاتێکیش ڕائید گەڕاوەتەوە ماڵەوە، کوڕەکەی پێیگوتووە مامی لێیداوە.

ئارام گوتی "ڕائید بە (ح)ی گوتووە بۆچی لە منداڵەکەت داوە و بەو هۆیەوە بووەتە دەمەقاڵەیان. سەرەتا ڕائید چەقۆی لە (ح) هەڵگرتووە و چەند شوێنێکی بریندار کردووە، لەکاتی شەڕەکەدا بەسەر یەکدیدا کەوتوون، چەقۆکەی ڕائید بەر ڕانی خۆی کەوتووە، نەک (ح) لێی دابێت، بۆ ئەو مەبەستەش کەسوکارمان لە ماڵەوە بوون و شایەتی ڕووداوەکەن".

# لە باخەکەی خۆیاندا، خۆی کوشت



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

محەممەد لە گوندەکەی خۆیان بە دوو کارەوە سەرقاڵ بوو، دووکاندار بوو، لە هەمانکاتدا ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری هەبوو، سەوزە و میوەی دانیشتووانی گوندی دەبردە شار و دەیفرۆشت، جاروباریش سەرقاڵی خزمەتکردنی باخەکەی دەبوو، بەڵام سەرقاڵبوونی محەممەد هیچی لە دەردەکەی کەم نەکردەوە، دوای نیوەڕۆیەک لە نێو باخەکەیاندا خۆی کوشت.

محەممەد حەیدەر، 21 ساڵ و دانیشتووی گوندی بێستانسووری سەر بە ناحیەی عەربەتی نزیک سلێمانی، ڕۆژی 2016/1/9 لە باخەی خۆیدا خۆی کوشت.

نەقیب سائیب سەلام، گوتەبێژی پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو گەنجە بە چەکی تاپڕ خۆی کوشتووە، بە گوتەی باوکیشی، باری دەروونیی باش نەبووە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

بەشێک لە دانیشتووانی گوندەکە قسەی دیکە سەبارەت بە خۆکوشتنی ئەو گەنجە دەکەن. جووتیارێکی ئەو گوندە بە (ڕووداو)ی گوت، وەکو باسی دەکەن، ئەو گەنجە لە ماڵەوە چەکەکەی دەرکردووە و لەو کاتەشدا دایکی ئاگادار بووە و هاواری کردووە ئەو کارە نەکات، بەڵام بە دایکی گوتووە "ئاگات لە خوشکەکەم بێت"، پاشان لە باخەکەی خۆیان، خۆی کوشتووە.

ئەو جووتیارە گوتی "محەممەد گەنجێکی ڕێکوپێک بوو، بەرهەمی کشتوکاڵی گوندەکەی بۆ سلێمانی دەگواستەوە. دوای ساغکردنەوەی، پارەی بۆ خەڵکەکە دەهێنایەوە، بەڵام دەنگۆ هەیە لە سلێمانیش ئیشی کردووە و بەو هۆیەوە قەرزار بووە و خۆی کوشتووە".

دانیشتوویەکی دیکەی ئەو گوندە کە بەشداریی مەراسیمی بەخاکسپاردن و پرسەکەشی کردووە، قسەیەکی دیکەی کرد و گوتی "لە کاتی بەخاکسپاردنی ئەو گەنجە لە گۆڕستان، دەیانگوت حەزی لە کچێک کردووە، بەڵام خێزانەکەی ڕازی نەبوون بیخوازێت، ڕەنگە بەو هۆیەوە خۆی کوشتبێت".

بەڵام عەلی عەبدوڵڵا، خزمی نزیکی گەنجەکە ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردنەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "کوڕێکی ڕێکوپێک بوو، کاسبکار بوو، لە هەموو کوڕەکانی دیکەی بنەماڵەکەشمان باشتر بوو، ئەو قسانەی کە باسی قەرزداری و پەیوەندیی خۆشەویستی دەکەن، دوورن لە ڕاستی".

عەلی عەبدوڵڵا پێیوایە محەممەد بە هەڵە چەکی لەدەست دەرچووە و گوللەی بەرکەوتووە "ئەو چەکەی محەممەد خۆی پێ کوشتووە چەکی باوکی بووە، بەڵام بە ئەنقەست خۆی نەکوشتووە، ڕەنگە لە نێو باخەکەیاندا خەریکی ڕاوکردنی باڵندە و شتی وا بووبێ و گوللەی بەرکەوتبێ، چونکە ئەو کوڕە هیچ کێشەیەکی نەبوو، تاوەکو گومانی ئەوەی لێ بکرێ بە ئەنقەست خۆی کوشتبێ".

کۆتایی مانگی ڕابردووش لە شاری هەولێر گەنجێک لە ماڵی خۆیاندا خۆی خنکاند و دوای خۆیشی نامەیەکی جێهێشتبوو ئاماژەی بەوە دابوو کە کچێکی خۆشویستووە، بەڵام شووی کردووە و بەو هۆیەوە خۆی کوشتووە. بەپێی ئاماری یەکێتیی پیاوانی کوردستان، لە ساڵی ڕابردوودا 70 کەس لە سەرتاسەری کوردستاندا خۆیان کوشتووە.



**موقەدەمی مافپەروەر**
**ژیلەمۆ عەبدولقادر**

## ئەنجامی بڕیاری هەڵە

ئافرەتێک بۆی گێڕاینەوە دوو ساڵ پێش ئێستا لەڕێی قوتابخانە کوڕێکی ناسیوە کە لە خۆی گەورەتر بووە، پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوانیاندا دروست بووە، کوڕەکە خۆی وا نیشانداوە کە زۆر زۆری خۆشدەوێ. ئەو ئافرەتە باوک و دایکی لە یەکدی جیابببوونەوە، باوکی ژنێکی دیکەی هێنابوو، ئەویش بە تەنیا لەگەڵ دایکی دەژیا. پەیوەندییان بەردەوام بووە، تاوەکو ڕۆژێک کوڕەکە پێیگوتووە دەیەوێ هاوسەرگیری بکەن. دواتر پێیگوتووە ژنی هەیە و منداڵی هەیە، بەڵام ئافرەتەکە کوڕەکەی هێندە خۆشویستووە چاوپۆشی لەوە کردووە و ئامادەیی خۆی نیشانداوە شووی پێ بکات.

کوڕەکە چوو بۆ خوازبێنی کچەکە، بەڵام دایکی کچەکە ڕازی نەبووە، پێیگوتووە نابێت مێردی پێ بکەی و تۆ قوتابیت، جوانی و گەنجی، چۆن مێرد بە کەسێک دەکەی کە ژن و منداڵی هەیە. بەڵام کوڕەکە هەر وازناهێنێ و دەچێتە لای باوکی کچەکە، وەڵامی ئەویش هەر "نەخێر" دەبێت. بۆیە کچەکە ماڵ جێدێڵێت و دەچێتە خانەی داڵدەدانی ژنان، سکاڵاش لەسەر دایک و باوکی تۆمار دەکات بە تۆمەتی ئەوەی ڕێگرییان لێکردووە شوو بکات.

لەوێ دایک و باوکی سەردانی دەکەن و زۆر ئامۆژگاریی دەکەن کە شوو بەو کوڕە نەکات، بەڵام سوودی نەبوو. توێژەرانی کۆمەڵایەتیش زۆر ڕێنمایی دەکەن، بەڵام کچەکە دەڵێت شوو بەو کوڕە نەکەم لێرە ناچمە دەرەوە.

دواجار کچەکە لە دادگا مارە دەکرێ، دایک و باوکیشی دوای ئەوەی نائومێد بوون، بەناچاری بە شووکردنی کچەکەیان ڕازی دەبن، بەڵام ئەو ژیانەی ئەو کچە خەونی پێوەدەبینی تەنیا دوو ڕۆژی خایاند. ڕۆژی سێیەم مێردەکەی بردییەوە لای ماڵی ژنی یەکەمی، لە قوتابخانەش دەریهێنا. پێیگوت ئیدی ئێرە شوێنتە و دەبێت لەگەڵ هەوێیەکەت خۆت بگونجێنی. وەک ئەو ئافرەتە دەڵێت، کردی بە "خزمەتکار"ی ژنە گەورەکەی. ئەو ژنە دەیگوت بۆی نییە بچووکترین گلەیی بکات، هاوژینەکەی یەکسەر پێیدەڵێت "دەرگا لەسەر پشتە دەتوانی بڕۆی".

داواکاریی ئەو ژنە ماڵی جیا نەبوو، تەنیا دەیویست ئامۆژگاریی مێردەکەی بکرێ کە چیدی سەرزەنشتی نەکات و پشتی تێنەکات. کە بانگی هاوژینەکەی کرا، یەکسەر گوتی ژیانم نەماوە بە دەست ئەو ژنەوە، هەڵەیەک بوو کردم، مەمنوونم لە کۆڵم ببێتەوە. من پێشتر پێمگوتبوو ژنم هەیە، با وازی لێ هێنابام. ئەو ژنە دڵی لە من پیسە کە دەچمە دەرەوە بەردەوام تەلەفۆنم بۆ دەکات.

هەرچەندە ژنەکە دەیزانی پیاوەکەی لێی بێزارە و دەیزانی هەڵەیەکی کردووە و ڕاست ناکرێتەوە، بەڵام دەیگوت من ڕوو لە کوێ بکەم، من بەبێ ڕەزامەندی دایک و باوکم مێردم بەتۆ کرد، بۆیە وا خۆت لەسەر من گران دەکەی. سەرباری ئەوەی مێردەکەی کۆمەڵێک مەرجی قورسی بۆ دانا کە چیدی بۆڵەبۆڵی لەسەر نەکات و زۆر تەلەفۆنی بۆ نەکات، بەڵام ژنەکە ڕازی بوو بگەڕێتەوە لای مێردەکەی. بۆ ژنەکە ڕوونکرایەوە ئەگەر داوا بکات یاسا ڕێگەی داوە ماڵی سەربەخۆی هەبێت، بەڵام لەبەرئەوەی نەیدەویست لەماڵی داڵدەدان بێ، لە ترسی تەڵاقدان و لەدەستدانی ماڵی باوکیشی، بە ناچاری گەڕایەوە لای مێردەکەی. بەڵێننامەش بە هاوژینەکەی پڕکرایەوە کە لە نێوان ژنەکانیدا عادل بێت.

*** بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**




## ئەوروپییەکان دژی کۆچبەران خۆپیشاندان دەکەن

ڕووداو- پاریس

لە هەریەک لە وڵاتانی نەمسا، فەرەنسا و ئیتاڵیا ڕاستڕەوەکان لە دژی موسڵمانان و کۆچبەران خۆپیشاندانیان کرد و داوایان کرد، ڕێگە لە کردنەوە و بوونی ناوەندە ئیسلامییەکان لە وڵاتەکانیان بگیرێت. خۆپیشاندەرە ڕاستڕەوەکان چەندین دروشمیان دژ بە موسڵمانان و کۆچبەران دەگوتەوە و، داوای دەرکردنیان دەکردن. ڕۆبێرتۆ فیۆر، سەرۆکی پارتی هێزی نوێی ئیتاڵیا ڕایگەیاند "دەبێت ئەوە ببینین کە لە نەمسا و وڵاتانی دیکەی ئەوروپا لە چەند مانگی داهاتوودا ڕوودەدات، ئەو کاتە خەڵک بەتەواوی ئاگادار دەبنەوە".

# کۆچبەرانی کورد بە کۆمەڵ ڕوو لە ئیتاڵیا دەکەن

شوان سدیق
ڕووداو- ڕۆما

بەڵێن و هاوڕێکانی یەکەمجار لە وڵاتەکەی ئەنجێلا مێرکل، ڕاوێژکاری ئەڵمانیا کە بە دۆستی کۆچبەران ناسراوە، بەختی خۆیان تاقیکردەوە، بەڵام لەوێ داواکەیان ڕەتکرایەوە، ئێستا ڕوویان لە ئیتاڵیا کردووە بەو ئومێدەی ئیتاڵیا مافی پەنابەرێتییان بداتێ.

پەنجەمۆر و ڕەتکردنەوەی کەیس ڕێگرە لە بەردەم بەدیهێنانی خەونی گەنجانی کورد لە ئەوروپا کە مافی پەنابەرییە، بۆیە ناچارن لە پێناوی بەدیهێنانی ئەو خەونەیان زیاد لە وڵاتێک تاقیبکەنەوە.

ئێستا زۆربەی ئەو کۆچبەرانەی لە وڵاتانی دیکە پەنجەمۆریان وەرگیراوە و داوای مافی پەنابەرێتییان ڕەتکراوەتەوە، ڕوو لە ئیتاڵیا دەکەن، بە تایبەتی دوای ئەوەی دەرکەوت کە عێراقییەکان لە هاووڵاتیانی وڵاتانی دیکە زۆرتر چانسی وەرگرتنی مافی مانەوەیان هەیە لە ئیتاڵیا.

بەڵێن سەلام کە خەڵکی سلێمانییە، پاش ساڵێک و پێنج مانگ مانەوەی لە ئەڵمانیا، لەلایەن کۆمیسیۆنی کاروباری کۆچی ئەو وڵاتەوە داواکەی ڕەتدەکرێتەوە، بۆیە بە ناچاری ڕوو لە ئیتاڵیا دەکات. ئەو کە ماوەی دوو مانگە لە ناوچەی مۆڵتادۆی هەرێمی کالابریا نیشتەجێیە، بە (ڕووداو)ی گوت "چوار مانگە هاتوومەتە ئیتاڵیا بە ئومێدی وەرگرتنی مافی پەنابەری، بەداخەوە مافی پەنابەری ئەوەندە قورس و سەخت بووە، پەنابەریش ئەوەندە زۆرە نازانین چی بکەین. خۆشبەختانە چوار مانگە بۆ جاری دووەمە چانسی خۆم لە ئیتاڵیا تاقی دەکەمەوە، چاوەڕێم بەمزووانە کەیسەکەم یەکلا بکرێتەوە".

ڕەتکردنەوەی داوای کۆچبەران بۆ مافی پەنابەرێتی لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە، بەشێکی پەیوەندی بە بارودۆخی سیاسی و ئاسایشی وڵاتەکانیانەوە هەیە. هەرێمی کوردستانیش بەلای وڵاتانی ڕۆژئاواوە ناوچەیەکی ئارامە.

بەشێکی دیکەی داوای پەنابەران کە ڕەتدەکرێتەوە، پەیوەندی بە ڕێککەوتننامەی دبلنی نێوان وڵاتانی ئەوروپاوە هەیە کە 30 وڵات ئەو ڕێککەوتننامەیەیان واژۆ کردووە.

هەر پەنابەرێک لەیەکەم وڵاتی ئەوروپا پەنجەمۆری وەرگیرابێ، بەگوێرەی ڕێککەوتنی دبلن وڵاتی دووەم بەرپرسیارێتی مافی پەنابەرییەکەی ناگرێتە ئەستۆ، بۆیە ئێستا بەشی زۆری وڵاتانی ئەوروپا، پەنابەران ڕەوانەی وڵاتی یەکەم دەکەنەوە کە پەنجەمۆرەکەی لێ وەرگیراوە. پەنابەرانیش دووبارە بە قاچاغ وڵاتێکی دیکە تاقیدەکەنەوە.

هەرچەندە ئیتاڵیا یەکێکە لەو وڵاتە ئەوروپیانەی واژۆی لەسەر ڕێککەوتنی دبلن کردووە، بەڵام زۆر پابەند نییە بە نێوەڕۆکەکەی. هەر کۆچبەرێک پەنجەمۆری لە وڵاتێکی دیکە وەرگیرابێ و بچێتە ئیتاڵیا داوای مافی پەنابەری بکات، ئەوا دەتوانێت لە ڕێگەی گرتنی پارێزەرێکەوە کێشەی پەنجەمۆر چارەسەر بکات و نەگەڕێتەوە وڵاتی یەکەم.

ئەو ئاسانکارییەی بۆ مەسەلەی پەنجەمۆر لە ئیتاڵیا هەیە، وایکردووە ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەرانی کورد کە لە وڵاتانی دیکە مافی پەنابەرییان ڕەتکراوەتەوە، ڕوو لە ئیتاڵیا بکەن.

کاروان ساڵح، پێشتر لە سویسرا پەنجەمۆری خۆی و خێزانەکەی و منداڵەکانی وەرگیراوە، بەڵام ئەو وڵاتە مافی پەنابەریی نەداوەتێ، بۆیە ڕووی لە ئیتاڵیا کردووە. ئێستا لە شاری بۆڵزانۆی سەر بە هەرێمی ترینتینۆ نیشتەجێیە. ئەو دەڵێت "بەئومێدی وەرگرتنی مافی پەنابەری ڕووم لە ئیتاڵیا کردووە، ئەوە حەوت مانگە چاوەڕێم".

لە ئیتاڵیا کاروباری خێزان باشتر بەڕێوەدەچێت، بەڵام گەنجەکان کاتێک خۆیان بە پۆلیس و فەرمانگەی کاروباری کۆچ دەناسێنن، ناویان تۆمار دەکرێ و دەبێت چاوەڕوانی شوێنی نیشتەجێبوون بکەن.

هەر کەسێک توانای بەکرێگرتنی خانووی نەبێت، ناچارە لە پارکی ڕاگرتنی ئۆتۆمبێل و وێستگەکانی شەمەندەفەر بخەوێ.

ئیسماعیل ڕەشید، 27 ساڵ، شەش مانگ لە دانیمارک بوو، بەڵام هیچ وەڵامێکی نەدرایەوە، بۆیە ڕووی لە ئیتاڵیا کرد. ئەو ئێستا لە شاری میلانۆی ئیتاڵیایە و دەڵێت "مانگێکە لە ئیتاڵیام، نزیکەی بیست شەو لە پارکی ئۆتۆمبێل و شوێنی گشتی خەوتم، ئەوەندە ناخۆشیم بینیوە ئەم ماوەیە، لە ڕێگای تورکیا بۆ یۆنانیش هەر ئەوەندە ناخۆشیم بینی". گوتیشی "تازە لەگەڵ دوو هاوڕێم خانوویەکمان بە 350 یۆرۆ گرتووە کە تەنیا شوێنی خەوتنی تێدایە. چاوەڕێین حکومەت لە کەمپ شوێنمان بۆ بکاتەوە یان خانوومان بداتێ".

ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە کۆچبەرانی کورد و عێراقی ڕوویان لە ئیتاڵیا کرد. بەپێی ئاماری پێگەی "لینیوس"ی ئیتاڵی، ساڵی ڕابردوو 160 هەزار کەس داوای مافی پەنابەرییان لە فەرمانگەی کاروباری کۆچی ئیتاڵیا کردووە. 21%ی ئەوانەی داوای مافی پەنابەرییان کردووە خەڵکی نەیجیریا بوون، 12% ئەریتیری، 18% خەڵکی گامبیا و سۆماڵ و کینیا و مالی و سەنیگال بوون، ئەوانی دیکەش خەڵکی عێراق و ئۆکراین و هیندستان و پاکستان و ئەفغانستان بوون.

سەرەڕای هاتنی ئەو لێشاوە زۆرەی پەنابەران بۆ ئەم وڵاتە، بەڵام عێراقی چانسی زیاتری وەرگرتنی مافی پەنابەرێتییان هەیە لە ئیتاڵیا. شارەزایەکی یاسای مافی پەنابەری لە ئیتاڵیا کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "لە نێو پەناخوازاندا هاووڵاتیانی عێراقی بەگشتی زۆرینەیان داوای مافی پەنابەرێتییان ڕەتناکرێتەوە. بەهۆی ئەوەی بارودۆخی عێراق لەچاو وڵاتانی دیکە کێشەی زیاترە، بۆیە عێراقییەکان چانسی وەرگرتنیان زیاترە".


ساڵی ڕابردوو 160 هەزار کەس داوای مافی پەنابەرییان لە فەرمانگەی کاروباری کۆچی ئیتاڵیا کردووە

### ئیتاڵیا.. وڵاتی هەژاران

ئیتاڵیا یەکێکە لە وڵاتە گەورەکانی یەکێتیی ئەوروپا و ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە 60 ملیۆن کەسە. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەرەڕووی قەیرانی دارایی بووەتەوە، بۆیە توانای هاوکاری بۆ کۆچبەران سنووردارە. شارەزایانی ئابووری هۆشداری دەدەن لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری لە ئیتاڵیا. بەپێی دوایین ڕاپۆرتی پەیمانگای نیشتیمانی ئیتاڵی، چوار ملیۆن و 6000 کەس لە ئیتاڵیا لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

## پازدە ساڵ بەسەر کوشتنیدا تێدەپەڕێت

# مەرگی ژنێکی کورد سوێدییەکان بەئاگا دێنێتەوە

### چالاکڤانێکی سوێدی:

### کوشتنی فادیمە، سوێدییەکانی بەخەبەر هێنا کە لە وڵاتەکەیاندا پێشێلکاری بەرامبەر ژنان هەیە

### فادیمە بەر لە کوژرانی: دەبێت سوێد ڕێ لە کوشتن لەسەر نامووس بگرێ

ڕووداو- ستۆکهۆڵم

"فادیمە شاهیندال، سوێدییەکانی بەئاگا هێنایەوە، ئەو بە تەنیا سیمبول نییە بۆ کورد، بەڵکو بۆ سوێدییەکان و هەموو جیهان". ئەوە قسەی ڕیتا ئێندرشۆنە کە چالاکڤانێکی ناسراوی بواری مافی مرۆڤە لە سوێد.

ئێندرشۆن پێیوایە دوای مەرگی فادیمە، سوێدییەکان فێر بوون داکۆکی لە مافەکانی ژنانی خۆیان بکەن

"فادیمە زۆر هاواری کرد بۆ ئەوەی کارەساتەکان ڕوونەدەن، بەڵام دەوڵەت گوێی نەگرت، تاوەکو خۆیشی بووە قوربانی".

فادیمە شاهیندال چالاکڤانی ناسراوی سوێدی، بە ڕەچەڵەک لە خێزانێکی کوردی باکووری کوردستان بوو. ڕۆژی 2002/1/21 لەلایەن باوکییەوە لە شاری ئۆپسالای سوێد کوژرا.

پێشتر هەموو ساڵێک لە یادی مەرگی ئەو کچە کوردەدا، باس لە کورد و کولتووری نامووسپەرستی و ژنکوشتن لە نێو کورد دەکرا، بەڵام ئێستا ئەو ڕۆژە بووەتە ڕۆژی کۆبوونەوەی چالاکڤانانی ناسراوی ئەوروپا و جیهان لە سوێد، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کەموکورتیی یاسا و ڕێساکانی وڵاتەکانیان.

ئێندرشۆن دەڵێت "فادیمە بیری خستینەوە کە لە وڵاتەکەمان پێشێلکاری بەرامبەر ژنان هەیە".

ئێندرشۆن باسی یادی 15 ساڵەی کوشتنی فادیمە دەکات و دەڵێت "ئەمساڵ ئەو کارەساتە بە شێوەیەکی دیکە یاد دەکرێتەوە. لە یادی فادیمەدا ڕەخنە لە یاساکانی سوێد دەگیرێ کە هاوشێوەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ژن دەچەوسێنێتەوە".

ئێندرشۆن هاوڕێی فادیمە شاهیندال هەبووە، ئەو دەڵێت "ئەگەر فادیمە بمابا، ئێستا یاساکان بەشێوەیەکی دیکە دەبوون".

لە پەراوێزی یادی فادیمەدا، لەماوەی یەک هەفتەدا دەیان چالاکی و کۆڕ و کۆبوونەوە ساز دەکرێن، هەر لە ئێستاوە سەتان بابەت لە میدیاکانی سوێد لەبارەی ڕەوشی ژنانەوە بڵاوکراونەتەوە.

گوڵان ئاقجی، پەرلەمانتاری پێشتر و سەرکردەیەکی پارتی گەلی لیبراڵ دەڵێت "بەشێوەیەکی ئاشکرا سەدان حاڵەتی پێشێلکاری بەرامبەر مافەکانی مرۆڤ و ژنان هەیە". ئاقجی کە بابەتێکی لە ڕۆژنامەی ئێکسپرێسنی سوێدی بڵاوکردووەتەوە، دەڵێت "بوونی 132 حاڵەتی بەشوودانی منداڵ، نیشانەی کارەساتێکی مرۆییە لە سوێد. ئەوە نیشانەی بێدەنگییە بەرامبەر بە دەستدرێژی و ئەتککردنی منداڵان".

وەزیرێکی دەوڵەت لە لیستی سۆسیال دیموکراتەکان، پێیوایە تا ئێستا لە سوێد ژن دەچەوسێنرێتەوە. ئۆسا ڕیگنەر وەزیری کاروباری یەکسانی لە سوێد دەڵێت "پێشێلکاری بەرامبەر ژنان هەیە". ئەو وەزیرە بە ڕۆژنامەی (ئافتن بلادێت)ی گوتووە "لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە یاساییەی کە بۆ دوو ساڵە لە سوێد دەستی پێکردووە، بەڵام حاڵەتی پێکەوەنانی خێزان لەنێو کەسانی خوار تەمەن 18 ساڵ و بێدەنگیی دەوڵەت، نیشانەی پێشێلکارییە".

چالاکڤانانی مافەکانی مرۆڤ داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێسایە دەکەن کە ڕێگای بە کۆچبەران داوە لە خوار هەژدە ساڵی هاوسەرگیری بکەن، لە کاتێکدا لە ساڵی 2014ەوە یاسا ڕێگەی لەو حاڵەتە گرتووە.

ئەلیزابێس ماسیفرێتز کە پارێزەرێکی ناسراوی سوێدە، دەڵێت "ڕووداوی کوشتن لەسەر نامووس دەبێت بەر لە ڕوودانی ڕێی لێ بگیرێت، سوێد لەم ڕووەوە کەمتەرخەمە". ئەو پارێزەرە هەروەها دەڵێت "جەختکردنەوە تەنیا لەسەر توندکردنی سزای تاوانباران بەس نییە، دەبێت ڕێوشوێنەکان بەجۆرێک بن کە تاوانی شەرەف ڕوونەدات".

ئەلیزابێس خۆی پارێزەری پێلا ئەتروشی بووە کە یەکێک بوو لە قوربانیانی تاوانی نامووسپارێزی لە سوێد.

ئەلیزابێس لە وتارێکدا لە ڕۆژنامەی ئێکسپرێسن، باسی وشەی (Heder)، نامووس یان شەرەف دەکات وەک زاراوەیەکی تازە لە زمانی سوێدیدا کە تەمەنی ئەو وشەیە لەگەڵ کوشتنی کچانی وەک (پێلا) و (فادیمە) هاتە نێو فەرهەنگی سوێدییەوە. هەروەها باس لە یەکەمین دادگای تاوانی نامووسپارێزی لە مێژووی سوێد دەکات کە دادگایی مامەکانی (پێلا) و باوکی (فادیمە) بوون.


فادیمە شاهیندال بەناوی کڕینەوەی شەرەفی بنەماڵە، بەدەستی باوکی کوژرا

### ژنانی سوێد ناوێرن بچنە دەرەوە

بەپێی ئامارێکی دامەزراوەی (ڕێگرتن لە تاوان) کە هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە "یەک لەسەر سێی ژنانی سوێد، لە ترسی لێدان و دەستدرێژی و گێچەڵ ناوێرن بچنە دەرەوە". بەپێی ئامارەکە، بەراورد لەگەڵ ساڵی 2006، ڕێژەی ئەو ژنانەی ترسیان لە دەستدرێژی هەیە 31% زیادی کردووە. هەروەها بەراورد لەگەڵ ساڵی 2015 و لەماوەی یەک ساڵدا بەڕێژەی 25% زیادی کردووە.

ڕاپۆرتی دامەزراوەکە ئاماژەی بەوە داوە، زیادبوونی نائارامییەکانی ژنان پەیوەندی بە نەمان و کەمبوونەوەی متمانەیە بە دامەزراوەی پۆلیس و دادوەری.



# گوشاری دەروونی تووشی جەڵتەت دەکات

رووداو- فۆکس نیوز

توێژینەوەیەکی نوێی ئەمریکایی روونیدەکاتەوە ئەوانەی گوشاری دەروونییان لەسەرە، ناوچەیەکی مێشکیان چالاک دەبێ کە هانی تووشبوونی کەسەکە دەدات بە جەڵتەی دڵ و مێشک.

ئەنجامی توێژینەوەکە رۆژی 2017/1/11 لە جۆرناڵی زانستی "The Lancet medical journal" بڵاوبووەتەوە و دەڵێ ئەوانەی گوشاری دەروونییان لەسەرە، لە بەشی (ئەمیگدالا)ی مێشکیان ئاماژەی ئەوتۆ دەردەچن کە مۆخی ئێسک دەوروژێنێ بۆ دروستکردنی خرۆکەی سپیی زۆرتر، ئەوەش رێگە خۆش دەکات بۆ هەوکردنی دیواری بۆرییەکانی خوێن و پەیدابوونی کلۆ لەنێو ئەو بۆرییانە.

ئەحمەد تەوەکول، سەرۆکی تیمی توێژینەوەکە و مامۆستا لە زانکۆی هارڤەرد دەڵێ "ئەنجامەکانی ئێمە بەرچاوڕوونییەک دەدات سەبارەت بەوەی چۆن گوشاری دەروونی دەبێتە هۆی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن".

تەوەکول دەڵێ ئیدی روونە کە دووربوون لە گوشاری دەروونی بە تەنیا لەڕووی دەروونییەوە هەستی باشیمان پێ نابەخشێ، بەڵکو بۆ جەستە و تەندروستی دڵ و بۆرییەکانی خوێنیشمان باشە.

توێژەرەکان سکانی جەستە و مێشکی 293 کەسیان کرد و راددەی چالاکییەکانی مێشک، مۆخی ئێسک و سپڵیان تۆمارکرد و ئاستی هەوکردنی بۆرییەکانی خوێنی ئەوانیان پێوا.

ماوەی سێ ساڵ و حەوت مانگ چاودێریی بەشداربووان کرا تاوەکو بزانرێ کێیان تووشی نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن بوون. لەو ماوەیەدا 22 کەس تووشی ئەو جۆرە نەخۆشییانە هاتن، هەر لە سنگەگوشێ تاوەکو جەڵتەی دڵ، سستبوونی دڵ، جەڵتەی مێشک و نەخۆشیی خوێنهێنەرەکانی پەلەکان.

ئەوانەی تووشی ئەو نەخۆشییانە بوون، زۆرتر ئەو کەسانە بوون کە گوشاری دەروونییان لەسەر بوو.

پێشتر کاتێک باسی هۆکارەکانی پەیوست بە شێوازی ژیان دەکرا لە تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دڵ و بۆرییەکانی خوێن، زۆرتر ئاماژە دەکرا بە قەڵەوی، وەرزشنەکردن، جگەرەکێشان و زێدەڕەوی لە خواردنەوە کحولییەکان، تووشبوون بە شەکرە و بەرزیی گوشاری خوێن.

# منداڵەکەت به دەرمان مەخەوێنە

رووداو- DW

لە سەدەکانی نێوەڕاستدا دایکان و باوکان شەوانە کەوچکێک مادده سەرخۆشکەرەکانیان بە منداڵەکانیان دەدا بۆ ئەوەی خەوێکی قووڵ و ئارامیان هەبێ، ئێستاش بە بەهانەی جۆراوجۆر ماددەی خەوێنەر لە شێوەی حەب و شروب بە منداڵان دەدرێ و پزیشکانیش لەو بارەیەوە هۆشداری دەدەن.

بەشێک لە پزیشکان لە ئەڵمانیا دەڵێن لێکەوتە نەخوازراوەکانی ئەو دەرمانانە، رەنگە لەوە زۆرتر بن کە دایکان و باوکان دەیبینن.

لە وێبلۆگە پەروەردەییە ئەڵمانییەکاندا دایکان و باوکان لە مشتومڕی بەردەوامدان سەبارەت بە بەکارهێنانی دەرمانە خەوێنەرەکان بۆ منداڵان. یەکێک لە خانمە ئەڵمانەکان لە وێبلۆگێکی ئەڵمانیدا نووسیویەتی "خۆزگە دەخوازم ئەگەر بۆ جارێکیش بێ شەوێک 8 کاژێر بخەوم، جەستەم ئێجگار ماندووە، بەڵام ناشمەوێ بە دەرمان منداڵەکەم بخەوێنم، تاوەکو خۆشم بە ئارامی بنووم". بەڵام یەکێکی دیکە دەڵێ "دەرمانی خەوێنەری منداڵ دوا بژاردەی ناچاریم بوو بۆ ئەوەی خەوێکی خۆشم هەبێ".

## پزیشکەکان چی دەڵێن؟

وەزارەتی تەندروستیی هەرێمی باڤاریای ئەڵمانی دەڵێ ژمارەی ئەو دایک و باوکانەی دەرمانی خەوێنەر بە منداڵەکانیان دەدەن، روو لە زۆربوونە. وەزیری تەندروستیی ئەو هەرێمە دەڵێ "دەبێ کۆتایی بەم دیاردە مەترسیدارە بهێنین. ئەو دەرمانانە وادەکەن منداڵان پێیانەوە ئالوودە ببن و بە تێپەڕبوونی کاتیش، کاریگەریی نەرێنییان لەسەر جگەر و گورچیلە دەبێ".

لەلایەکی دیکەوە، جۆزێف کال، گوتەبێژی رێکخراوی پزیشکانی نەخۆشییەکانی منداڵان لە ئەڵمانیا، گوتوویەتی "بەشێک لەو دەرمانانە دەبنە هۆی راوەستاندنی هەناسەی منداڵان، هەندێکجار ئەگەر تەنانەت بە بڕێ کەمیش بدرێ".

کال هەروەها دەڵێ "90-95%ی ئەو منداڵانەی بە لێکدانەوەی دایک و باوکیان خەویان خراپە، تەندروستن و تەنیا ریتمی خەوتن و هەستانیان جیاوازە".

سەبارەت بەوەی پێدانی مادده سەرخۆشکەرەکان سەلامەتە یان دەرمانە خەوێنەرەکان بۆ منداڵان، دکتۆر کال دەڵێ "نابێ هیچیان بەکاربهێنرێن، دایکان بۆ ئەوەی پشوویەکی باشتر بدەن، با داوای هاریکاریی لە کەسە نزیکەکانیان بکەن، نەک دەرمانی خەواندن بە منداڵەکانیان بدەن".





# گوێیەکانتان پاک مەکەنەوە

رووداو- یو ئێس ئەی تودەی

ئەکادیمیای ئەمریکایی بۆ پزیشکانی قورگ و گوێ و لووت دەڵێن چیدی گوێ پاککەرەوە مەخەنە نێو گوێیەکانتان بە مەبەستی دەرهێنانی واکسە زەردەکەی نێو گوێ.

رێنماییە نوێیەکان کە لە چەند رۆژی رابردوودا بڵاوکراونەتەوە، لە دە ساڵی رابردوودا یەکەمین رێنمایی رێکخراوە پزیشکییەکەن لەبارەی مامەڵەکردن لەگەڵ واکسی نێو گوێ.

لە رێنماییە نوێیەکاندا هاتووە کە واکسی نێو گوێ هاوشێوەی برژانگی چاو و لینجاوی دیواری لووت گرنگە و تاوەکو دەتوانرێ دەبێ لێبگەڕێین لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە تاوەکو بە سروشتی خۆی دێتە دەرەوە.

ئەکادیمیای ئەمریکایی بۆ پزیشکانی قورگ و گوێ و لووت دەڵێن واکسی نێو گوێ وەکوو تەڵەیەک وایە بۆ هەرشتێکی پۆخڵ، تۆز و تەنی بێگانە کە دەیانەوێ بگەنە نێو گوێ. بەهۆی گەشەی پێستی نێو گوێ و جووڵەی شەویلگەکانەوە بەشێوەیەکی سروشتی بە ئاراستەی دەرەوە دەجووڵێ و کاتی پێویست فڕێ دەدرێ و بە واکسی نوێ جێگەی دەگیرێتەوە.

وەک لە رێنماییە نوێیەکاندا هاتووە، دەستوەردان لەم پرۆسە سروشتییە بە بەکارهێنانی پاککەرەوەی گوێ، پەنجە یان هەر ئامرازێکی دیکە، کارێکی هەڵەیە و بە زیان بۆ جەستە دەشکێتەوە.

د.سێت شوارتز، یەکێک لە داڕێژەرانی رێنماییە نوێیەکە دەڵێ "بەو دەستوەردانانە لەوانەیە زۆرتر پاڵ بە واکسەوە بنێی بۆ ناوەوە و زیانیش بە پەردەی گوێ بگەیێنێ، دیواری نێو گوێ بڕوشێنێ کە ئازار و هەوکردنی گوێی لێ دەکەوێتەوە".

پزیشکەکان دەڵێن ئەگەر کەسێک هەستی کرد گوێیەکانی بەشێوەیەکی نائاسایی پڕن، یان بە ئازارن، دەخورێن، هەستی بیستن لاواز بووە، گوێ دەزرنگێتەوە یان خوێنی لێدێ، دەبێ سەردانی پزیشک بکات، نەک بەدەستی خۆی و بە گوێ پاککەرەوە دەستکاری بکات.

# ئایا ریخۆڵە کوێرە ئەندامێکی زیادەی جەستەیە؟

رووداو- تایمز

توێژینەوەیەکی نوێ رەتیدەکاتەوە ریخۆڵەکوێرەی مرۆڤ ئەندامێکی زیاددەی لەش بێ، روونیشی دەکاتەوە ئەو ئەندامە رۆڵی ئەرێنی دەگێڕێ لە پاراستنی تەندروستیی کەسەکە.

ریخۆڵەکوێرە نێوبانگێکی خراپی لەنێو خەڵکی هەیە، بەوەی تووشی هەوکردن دەبێت و لە زۆربەی حاڵەتەکاندا دوای هەوکردن بە ناچاری بە نەشتەرگەری لادەبرێ. پزیشکان و نێوەندە پزیشکییەکانیش دەیانگوت کە ئەندامێکی زیادەیە و فرمانێکی ئەوتۆی نییە لە لەشدا.

بەڵام توێژینەوەیەکی نوێ روونیدەکاتەوە کە ریخۆڵە کوێرە کۆئەندامی بەرگریی مرۆڤ بەهێزدەکات و بەکتریا سوودبەخشەکانی ریخۆڵەش دەپارێزێ.

توێژینەوە نوێیەکە لەلایەن تیمێکی هاوبەشی ئەمریکایی، فەرەنسایی و ئەفریقای باشوور کراوە و بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ ریخۆڵە کوێرە بەرگریی جەستەی مرۆڤ لە دژی نەخۆشییەکان زیاد دەکات و بەکتریا سوودبەخشەکانی ریخۆڵە دەپارێزێ.

توێژینەوەکانی پێشوو دەریانخستبوو ئەو کەسانەی ریخۆڵەکوێرەیان بۆ لابراوە، زۆرتر تووشی هەوکردنە میکرۆبییەکان دەبن و کە نەخۆشیش دەکەون بەو زیندەوەرانە، درەنگتر چاک دەبنەوە.






# خووگرتن بە خواردنی رۆژئاوایی چۆن قەڵەومان دەکات

رووداو- ساینس دەیلی

ئێستا لە وڵاتێکی وەک ئەمریکا زۆرتر لە 66%ی کەسانی ئاسایی کێشیان لە کێشی ئاسایی زیاترە، بەڵگەی زۆریش هەن دەریدەخەن خواردنی رۆژئاواییانە (کە بەوە جودا دەکرێنەوە شەکر و چەوری زۆریان تێدایە) هۆکارێکی رێگەخۆشکەرە بۆ قەڵەوبوون.

توێژینەوەیەکی نوێی زانکۆی کالیفۆرنیا دەڵێ ئەو کەسانەی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ خۆراکی رۆژئاواییانە دەخۆن و لە خواردنە میللییەکانی پێشوو دووردەکەونەوە، گۆڕانکاریی بەسەر سیستمی پەیامە کیمیاییەکانی نێو دەمارەکانیان دێت کە بە (The endocannabinoid system (ECS ناسراوە و دەبێتەهۆی زۆرخۆری کەسەکە.

لەبارەی گرنگی ئەم دۆزینەوە نوێیە، د.نیکۆلاس دیپاتریزیۆ، سەرۆکی تیمی توێژینەوە نوێیەکە، دەڵێ "توێژینەوەکەی ئێمە دەریدەخات ئەگەر بە رێگەی دەرمانێکی نوێ ئەو گۆڕانکارییانە پێچەوانە بکەینەوە کە بەهۆی خواردنی رۆژئاوایی لە سیستمی پەیامە کیمیاییەکانی نێو دەمارەکان روودەدەن، رەنگە لە داهاتوو بەشێوەیەکی سادە و ئاسان و کارا بەسەر گرفتی زۆرخۆریی مرۆڤی ئەم سەردەمە زاڵ ببین کە هۆکارێکی سەرەکی قەڵەوییە".

توێژینەوە نوێیەکە لە جۆرناڵی زانستی Physiology & Behavior بڵاوبووەتەوە و یەکەمجارە دەریدەخات خواردنی رۆژئاوایی لە رێگەی گۆڕینی سیستمی دەمارییەوە مرۆڤ وا لێدەکات زۆر بخوات و قەڵەو ببێ.

# ئەلباب شوێنی یەکلابوونەوەی واشنتنە لەنێوان تورکیا و پەیەدە



(فۆتۆ: AFP)

ڕووداو- هەولێر

ساڵێک لەمەوبەر رووسیا و تورکیا لەسەر لێواری بەرپاکردنی جەنگ بوون. هێزی ئاسمانیی تورکیا، لە تشرینی دووەمی 2015دا، بە بیانووی بەزاندنی سنووری ئاسمانیی تورکیا، فڕۆکەیەکی رووسی خستبووە خوارەوە. لە وەڵامدا رووسیا کۆمەڵێک سزای ئابووری و بازرگانیی بەسەر تورکیادا سەپاند. لە حوزەیرانی 2016دا ئەردۆغان داوای لێبووردنی لە رووسیا کرد، دواتریش میدیاکانی نزیک لە ئەردۆغان خەتای خستنەخوارەوەی فڕۆکە رووسییەکەیان دایە پاڵ لایەنگرانی فەتحوڵڵا گولەن.

هێنری جەی بارکی، توێژەر لە ناوەندی لێکۆڵینەوەی ویلسن، لە وتارێکدا لە گۆڤاری ئەمریکیی فۆرین پۆلیسی دەڵێت "پوتین هەرچی بێت، ساویلکە نییە". واتە بڕوای بەم پاساوەی حکومەتی تورکیا نەکردووە. کاتێکیش لە کۆتایی ساڵی رابردوو، باڵیۆزی رووسیا لە تورکیا کوژرا، ئەنقەرە جارێکی دیکە هەمان پاساوی هێنایەوە و مۆسکۆش قەبووڵی کرد.

بارکی پێیوایە نزیکبوونەوەی ئەردۆغان لە پوتین هێندەی پەیوەندی بە شکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا، ترسی فراوانبوونی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی کورد لە باکووری سووریا و بێزاربوون لە سیاسەتەکانی ئەمریکا لە سووریا هەیە، هێندە پەیوەندی بەوەوە نییە کە پوتین کردوویەتی و دەیکات.

توێژەرەکەی ناوەندی ویلسن پێیوایە کۆمەڵێک فاکتەر رۆڵیان هەبووە لەوەی تورکیا نزیکبوونەوە لە رووسیا هەڵبژێرێت:

**یەکەم:** هاوکارییەکانی ئەمریکا بۆ یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) لە جەنگی کۆبانێ و شەڕەکانی دواتر.

**دووەم:** روانگەی ئەمریکا بۆ ئەو هێزە کوردییانە، وەکوو کاریگەرترین هێزی چەکداری دژی داعش لە سووریا. بەمەش نەک هەر ئەو هێزانەی کردە هێزێکی شەرعی، بەڵکو یارمەتیشی دان بۆ ئەوەی چەند ناوچەیەک لەسەر سنووری نێوان سووریا و تورکیا کۆنترۆڵ بکەن.

**سێیەم:** دەستێوەردانی راستەوخۆی رووسیا لە جەنگی نێوخۆی سووریا کە ئەگەری رووخانی حکومەتی سووریای زۆر کەم کردەوە.

**چوارەم:** کودێتاکەی 15ی تەمووز کە هەتا ئێستاش زۆربەی لایەنگرانی ئاکپارتی پێیانوایە ئەمریکا دەستی تێدا هەبووە.

پلانی دانوستاندنی ئاشتیی نێوان حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنی سووریا (بەبێ بەشدارکردنی ئەمریکا) دوایین هەنگاوی لێکنزیکبوونەوەی مۆسکۆ و ئەنقەرە بوو. لەم نێوانەدا تورکیاش هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئەسەد گۆڕیوە. ئاماژەی هەرە زەقی ئەمەش لە هەڤپەیڤینەکەی رۆژنامەی حوریەت لەگەڵ نوعمان کورتولموش، جێگری سەرۆکوەزیرانی تورکیا دەبینرێت، کاتێک رایگەیاند "سیاسەتی ئێمە لە سووریا هەڵەیەکی گەورە بوو... ئێمە ناتوانین بڕیاری لادانی ئەسەد بەسەر خەڵکی سووریادا بسەپێنین". گوتیشی "ئەم بڕیارە دەبێ بۆ لایەنەکانی سەر مێزی دانوستاندن جێبهێڵین".

ئەم هەڵوێستە نەک هەر لە هەڵوێستی رووسیا و ئێران بەڵکو لە هەڵوێستی سەرۆکی نوێی ئەمریکاش نزیکە کە چەندین جار جەختی کردووەتە سەر ئەوەی لادانی ئەسەد لە ئەولەویەتی سیاسەتەکانی ئەودا نییە. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئاخۆ دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، بەدەم ئەم ئاماژانەوە دەچێت کە ئەنقەرە دەینێرێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە و تەنانەت ئاسۆی هاوکارییەکانی تورکیا و رووسیاش هەر پەیوەندی بە ستراتیژی ئیدارەی ترەمپەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەیە. لەبەر ئەوەی چاوەڕێ ناکرێت لە درێژخایەندا تورکیا پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ناتۆ و ئەمریکا بە پەیوەندی لەگەڵ رووسیا بگۆڕێتەوە.

ترەمپ هەر لە کاتی دەستپێکردنی کەمپینی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتییەوە لەناوبردنی داعشی بە یەکێک لە کارە ستراتیژییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکەی خۆی زانیوە. بۆیەش چاوەڕێ دەکرێ ستراتیژێکی بەرفراوان بۆ ئەم مەبەستە دابڕێژن. لەناو ئەم ستراتیژەشدا دەبێ ئەولەوییەتەکان دیاری بکرێن، ئەمەش وا دەخوازێ پەرە بە کۆمەڵێک هاوپەیمانێتی بدرێ و کۆتاییش بە هەندێکی دیکەیان بهێنرێت. ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لە سووریا دوو بژارەی سەرەکی لەپێشە کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە بەرژەوەندییە ستراتیژییەکانی ئەنقەرەوە هەیە: یان ئەوەتا دەبێتە بەشێک لە هەنگاوەکانی تورکیا و رووسیا بۆ ئارامکردنەوەی رەوشی سووریا، یان دان بە کۆمەڵێک ئامانجی سەربەخۆدا بنێ کە دواجار تورکیا ناچار بێت خۆی لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کۆشکی سپیدا بگونجێنێ. بەڵام لە چەقی هەردوو بژارەکەدا پرسی ئەو هێزە کوردییانەی سووریا هەیە کە ئەنقەرە کێشەی لەگەڵیان هەیە و دەیەوێت سنووری ناوچەکانی ژێر دەستیان کەمتر بکاتەوە.

فابریس بالانش، توێژەر لە پەیمانگای واشنتن، پێیوایە ئۆپەراسیۆنی ئەلباب یەکێکە لەو شوێنانەی تێیدا ئەمریکا رووبەڕووی "بڕیاری قورس" دەبێتەوە، چونکە لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ئەو شارەی ژێر کۆنترۆڵی داعشدا دەردەکەوێ بە کام لایەندا دەشکێتەوە: تورکیا یان هێزە کوردییەکان، ئەمەش لە کاتێکدا رووسیا بە هێرشی ئاسمانی لە ئۆپەراسیۆنی گرتنەوەی ئەم شارەدا یارمەتی تورکیا و هێزەکانی نزیک لە ئەنقەرەیان داوە.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی واشنتن پۆستی ئەمریکیش، هێزەکانی ئەمریکا هاوکاریی خۆیان بۆ هێزەکانی تورکیا زیاتر کردووە، ئەم هاوکارییانەش هێرشی ئاسمانی، زانیاریی هەواڵگری و پێداویستی جەنگی لەخۆدەگرێت. بەڵام بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا لەم هاوکارییانەدا هەستیان بە کێشەیەک کردووە کە لە داهاتوودا بەرۆکی ئیدارەی ترەمپیش دەگرێ. کێشەکەش پەیوەندی بە فڕینی فڕۆکە رووسی و تورکییەکان لە هەمان سنووری ئاسمانیدا هەیە، وەک یەکێک لە بەرپرسانی ئەمریکی بە (واشنتن پۆست)ی راگەیاندووە "ئەمجۆرە هێرشە ئاسمانییانە پێویستیان بە هەماهەنگیی ورد لە نێوان رووسیا، ئەمریکا و تورکیا هەیە".

بەڵام کێشەکە هەر لەمەدا کۆتایی نایەت، شاری ئەلباب شارێکی ستراتیژییە کە دەکەوێتە نزیکترین ناوچەی نێوان هەردوو کانتۆنی کۆبانێ و عەفرین. هاوکاریکردنی تورکیا لە ئەلباب هێزە کوردییەکان دڵگران دەکات، چونکە بە کردەوە کۆتایی بە خەونی دروستکردنی ناوچەیەکی یەکگرتووی کوردی لە باکووری سووریا دەهێنێ کە هەتا مانگی پێشوو لەلایەن تەڤگەری دیموکراسی (تەڤدەم) بە "رۆژئاڤا" ناودەبرا.

ئەگەر ئیدارەی ترەمپ بڕیار بدات بۆ گرتنەوەی ئەلباب هاوکارییەکی بەرفراوانی سەربازی و هەواڵگری پێشکەشی تورکیا بکات، بەمە ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی دەوروبەری رەققە بە کردەوە کۆتایی دێت، ئەمەش نەک هەر لەبەر ئەوەی هێزەکانی سووریای دیموکرات چیدی ئامادە نابن هێزی پیادەی خۆیان بخەنە خزمەت واشنتنەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەی ئەگەری هەیە پەیەدە و هێزەکانی سووریای دیموکرات هێزەکانیان بگەڕێننەوە ئەو ناوچانەی خۆیان بە هاوکاریی ئەمریکا کۆنترۆڵیان کردوونەتەوە و دەکرێ دوای ئەلباب بکرێن بە ئامانجی هێرشەکانی تورکیا، لەوانەش منبج و گرێسپی.

هەر بۆیە بالانش پێیوایە کێشەی ئیدارەی داهاتووی ئەمریکا تەنیا لەوەدا کورت نابێتەوە کە ئایا یارمەتی کام لایەن دەدات، بەڵکو کێشە سەرەکییەکە ئەوەیە واشنتن چی بکات بۆ ئەوەی رێگە لە پێکدادانی هێزەکانی تورکیا و کورد بگرێ، چونکە ئەمە خاڵێکی سەرەکییە بۆ کۆنترۆڵکردنەوەی رەققە، بە تایبەتیش ئەگەر ئەمریکا بیەوێت بە جۆرێک رەققە رزگار بکات کە پێویستی بە هاوکاری و هەماهەنگییەکی زۆر لەگەڵ رووسەکان نەبێ".

# واشنتن.. کابینەیەکی ناتەبا چاوەڕێی ئەمریکییەکان دەکات



ڕووداو- هەولێر

"رووسیا هەڕەشەیە"، "ئەمریکا دەبێ پابەند بێت بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکە"، "حکومەتی ئەمریکا نابێ خەڵک ئەشکەنجە بدات"، "قەدەغەکردنی هاتنی موسڵمانان بۆ ئەمریکا هەڵەیە"، "دروستکردنی دیوار لەسەر سنووری مەکسیک کاریگەرییەکی ئەوتۆی نابێ"، "کێشەی گەرمبوونی گۆی زەوی هەڕەشەیەکی راستەقینەیە". ئەمانە قسەی کۆمەڵێک کۆنگرێسمانی دیموکرات، رۆژنامەنووسی تووڕە و چالاکڤانی مەدەنی، سیاسی و ژینگەپارێز نین، بەڵکو وەڵامی وەزیرە پێشنیازکراوەکانی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکان لەبەردەم لیژنەکانی ئەنجوومەنی پیران. هەمووشیان پێچەوانەی ئەو بەڵێن و دروشمانەن کە دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا، دابووی.

ژەنەراڵ جەمیز مەتیس، کاندیدی پۆستی وەزیری بەرگریی ئەمریکا، لە دانیشتنی پرسیار و وەڵامی لیژنەی سەربازیی ئەنجوومەنی پیراندا گوتی، ئەمریکا دەبێ پابەند بێت بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان گرووپی 5+1 و ئێران، هەرچەندە رێککەوتنەکە کەموکورپیشی هەبێ. لەمبارەیەوە مەتیس بە لیژنە سەربازییەکەی راگەیاند "کاتێک ئەمریکا بەڵێن دەدات، دەبێ بەڵێنەکەی خۆی بەرێتەسەر و لەگەڵ هاوپەیمانەکانیدا هاوکاری بکات". ترەمپ پێشتر رایگەیاندبوو رێککەوتنەکەی ئێران خراپترین رێککەوتنی ئەمریکایە و پێویستە "پارچە پارچە بکرێت" یان "پێداچوونەوەیەکی تەواوی بکرێت".

ترەمپ هەموو کات جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە پێویستە واشنتن و مۆسکۆ لێک نزیک ببنەوە. بەڵام مەتیس کە بە "سەگی هار" ناسراوە، بۆچوونێکی پێچەوانەی هەیە. مەتیس کە حەزێکی زۆری لە خوێندنەوەی مێژووی سیاسی و مێژووی وڵاتاندا هەیە، لە دانیشتنەکەی ئەنجوومەنی پیراندا پەنای بۆ مێژوو برد و گوتی "باشترین رێپیشاندەر بۆ هەنگاونان بەرەو پێشەوە لێکۆڵینەوە لە مێژووە. لە کاتی کۆبوونەوەی 1945ی یاڵتاوە، چەندین جار هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی ئەرێنیمان لەگەڵ رووسیا داوە، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان سەرکەوتوو بوون"، مەتیس پێیوابوو گرنگترین پرس کە ئێستا جێگەی سەرنج بێت ئەوەیە "پوتین هەوڵی تێکدانی هاوپەیمانێتی باکووری ئەتلانتیک دەدات".

## پۆمپیۆ: ئەشکەنجە بەکارناهێنین

مایک پۆمپیۆ، کاندیدی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئاژانسی هەواڵگریی ناوەندی (CIA) لەبەردەم لیژنەی هەواڵگریی ئەنجوومەنی نوێنەراندا دڵنیایی بە خەڵکی ئەمریکا دا کە ئاژانسەکەیان لە کاتی لێکۆڵینەوە لە تۆمەتبارەکانی کەیسی تیرۆر، بەهیچ شێوەیەک کەڵک لە تەکنیکی دڕندانە وەرناگرێت، تەنانەت ئەگەر سەرۆکی ئەمریکاش فەرمانیان پێبکات.

پێشتر دۆناڵد ترەمپ رایگەیاندبوو ئەگەر پێویست بکات، فەرمانی ئەشکەنجەی قورس لە دژی گومانلێکراوەکانی کەیسی تیرۆر دەردەکات.

سەبارەت بە هەوڵەکانی رووسیا بۆ دەستێوەردان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکاش پۆمپیۆ رایەکی جیاواز لەوەی سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکای هەبوو. بە بۆچوونی پۆمپیۆ روون و ئاشکرایە چی روویداوە و رووسیا چۆن هەوڵی داوە زانیارییەکان هاک بکات و کاریگەری لەسەر دیموکراسی ئەمریکا دابنێت، ئەمە شتێکە ئەمریکا دەبێ بە جدی وەریبگرێت.

## موسڵمانان و دیواری مەکسیک

پێشتر ترەمپ رایگەیاندبوو کە هاتنی موسڵمانان بۆ ئەمریکا قەدەغە دەکات و دیوارێکیش لەسەر خەرجیی مەکسیک لە نێوان ئەمریکا و مەکسیک دروست دەکات، بەڵام جۆن کێلی، کاندیدی پۆستی وەزیری ئاسایشی نیشتمانیی ئەمریکا، لەبەردەم لیژنەیەکی ئەنجوومەنی پیران گوتی "من لەگەڵ ئەوەدا نیم ناوی خەڵک لەسەر بنەمای ئەتنیک یان ئایین یان هەر شتێکی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە تۆمار بکرێ". کێلی پێداگری لەسەر ئەوەش کرد کە ئەو ئامادە نییە پرۆگرامێکی ناونووسی لەو جۆرە بهێنێتەوە "مەگەر ئەوەی هۆکار هەبێ ناچارمان بکات ئەمە بکەین".

سەبارەت بە پرسی دروستکردنی دیوار لەسەر سنووری نێوان ئەمریکا و مەکسیک، جۆن کیلی گوتی دیوارێکی لەمجۆرە "ئامانجەکە ناپێکێت"، لە بری ئەمە کێلی پێشنیازی کرد "بە هاوکاریی بەرپرسانی ویلایەتەکانی باشوور رێگەیەک بدۆزرێتەوە بۆ ئەوەی بە سەرچاوەی خۆیان کێشەکە بنبڕ بکەن".

## تیلەرسن پێچەوانەی ترەمپ بیردەکاتەوە

رۆژی چوارشەممە، رێکس تیلەرسن، کاندیدی پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لەبەردەم لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەنی پیراندا ئامادە بوو، بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکانی ئەو لیژنەیە بداتەوە و تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە پرسە گرنگەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بخاتەڕوو. خاڵی سەرنجڕاکێش لەو دانیشتنەدا ئەوە بوو کە تیلەرسن لە ژمارەیەکی زۆر پرسدا تێڕوانینێکی جیاواز لە سیاسەتەکانی ترەمپی خستەڕوو.

سەبارەت بە رووسیا و هەوڵەکانی بۆ دەستێوەردان لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا، کاندیدی پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، هەنگاوەکانی رووسیا "کێشەسازن". هەروەها رەخنەشی لە هەڵسوکەوتی رووسیا لەسەر ئاستی جیهانی گرت، بە تایبەتیش لە لکاندنی نیمچە دوورگەی کریمیاوە بە رووسیا، ئەمەش ئەو شتەیە کە سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەمریکا خۆی لێ بەدوور دەگرێت. تیلەرسن، بەڕێوەبەری پێشووی جێبەجێکاری کۆمپانیای ئێکسن مۆبیل، گوتی کە ئەو پشتیوانی لە سزاکانی سەر رووسیا کردووە، ئەگەرچی کۆمپانیاکەی خۆی لەدژی ئەو سزایانە لۆبیی کردبوو.

پارساڵ دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند "شتێکی زۆر خراپ نییە، ئەگەر ژمارەیەکی زیاتر لە وڵاتان خاوەنی چەکی ئەتۆمی بن". بەڵام تیلەرسن لە دانیشتنەکەی ئەنجوومەنی پیراندا رایگەیاند ئەو لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ سەرۆکی داهاتووی ئەمریکا هاوڕا نییە.

تیلەرسن هەروەها ئەو بۆچوونەی ترەمپ و بەشێک لە کۆمارییەکانیشی رەتکردەوە کە کێشەی کەشوهەوا و گەرمبوونی گۆی زەوی کێشەیەکی ساختە بێت، گوتیشی ئەمریکا لە رێککەوتنە نێودەوڵەتییەکەی پاریسدا دەمێنێتەوە کە ساڵی 2015 بۆ رووبەڕووبوونەوەی کەمکردنەوەی گازە قەتیسماوەکان واژۆکرابوو. تیلەرسن کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سەرکردەکانی وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە، دژایەتی خۆی لە قەدەغەکردنی هاتنی موسڵمانان بۆ ئەمریکا راگەیاند.

کاندیدی پۆستی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا بە ئەنجوومەنی پیرانی راگەیاند، ئەو پێشتر ئاگاداری جیاوازییەکانی بۆچوونی خۆی و سیاسەتەکانی سەرۆکی هەڵبژێردراو بووە، بەڵام گوتی "ترەمپ بە دڵێکی کراوەوە مامەڵەی لەگەڵ بۆچوونەکانم کرد و رێزی لە تێڕوانینەکانم گرت".

## سێشنز متمانەی بە دەزگا ئەمنییەکان هەیە

رۆژی سێشەممەی رابردوو جێف سێشنز، کاندیدی ترەمپ بۆ وەزیری دادی ئەمریکا، لە بەردەم لیژنەی دادوەریی ئەنجوومەنی پیراندا رایگەیاند "کۆنگرێس کۆمەڵێک هەنگاوی ناوە کە وایکردووە سەر خستنە ژێر ئاوی بەندکراوەکان تەواو نایاسایی بێت". ئەمەش هەمان ئەو ئەشکەنجەیە بوو کە ترەمپ پشتگیری لێدەکرد. سێشنزیش هاوشێوەی کێڵی پێیوایە قەدەغەکردنی هاتنی موسڵمانان بۆ ئەمریکا بڕیارێکی دروست نییە و پشتگیری خۆی بۆ دەزگا ئەمنییەکانی راگەیاند.

# ئێران لە ترسی داعش هاوکاریی تاڵیبان دەکات

ڕووداو- هەولێر

لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا باس و خواسی سەرەکی لەبارەی کێشەکانی نێوان ئەفغانستان و ئێران لەسەر هەوڵەکانی تاران بۆ دروستکردنی میلیشیای شیعی لە ئەفغانستان چڕکرابوونەوە، بەڵام ئێستا بەرپرسانی حکومەتی ئەفغانستان دەڵێن حکومەتی ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرکردایەتی بزووتنەوەی تاڵیبان قووڵتر کردووەتەوە، بەتایبەتیش لەو سێ پارێزگایەی دەکەونە سەر سنووری نێوان هەردوو وڵات. ئەم گۆڕانکارییە دەریدەخات ستراتیژی ئێران لە ناوچەکەدا چەندە فرەلایەن و پێشبینی نەکراوە.

ناسر مێهری، گوتەبێژی پارێزگای فەراە لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان، بە ڕۆژنامەی (8 صبح)ی ئەفغانی ڕاگەیاندووە "سوپای پاسداران لە پێکدادانەکانی ئەمدواییەی نێوان هێزەکانی ئەفغانستان و تاڵیباندا دەستی هەیە و یارمەتی تاڵیبانی داوە". گوتیشی کە دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەفغانستان "زانیارییان دەستکەوتووە تەرمی کوژراوەکانی تاڵیبان بۆ ئێران دەگوازرێنەوە و لەوێ دەنێژرێن".

لەلایەکی دیکەوە جەمیلە ئەمینی، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای فەراە، گوتی "ئێران پێشتریش هاوکاریی تاڵیبانی دەکرد، بەڵام پاش دەستپێکردنی پڕۆژەی بەنداوی بەخش ئاباد ئەم هاوکارییانە زیادیان کردووە". بە گوتەی ئەمینی، تاران دەیەوێت دەست بە پڕۆژەی بەنداوەکە نەکرێ. دروستکردنی بەنداوی بەخش ئاباد کێشەی کەمیی ئاو بۆ پارێزگای سیستان و بەلوجستان لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێران دروست دەکات. ڕاوێژکارەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای فەراە هەروەها دەڵێت، ئێران پشت بە ئەفغانە موهاجیرەکان دەبەستێت، واتە ئەو ئەفغانیانەی لە ئێران دەژین.

بەڵام پەیوەندی و هاوکارییەکانی سوپای پاسداران لەگەڵ فەرماندەکانی تاڵیبان لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان لە کێشەی بەنداوی بەخش ئابادا کورت نابێتەوە، بەڵکو مێژووی پەیوەندییەکانیان بۆ ساڵی 2002 دەگەڕێتەوە، کاتێک تاران بەهۆی ئامادەیی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان هەستی بە مەترسی دەکرد. لە دوای کەمبوونەوەی ژمارەی سەربازانی ئەمریکا لە ئەفغانستانیش، سەرهەڵدان و فراوانبوونەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم گرووپە لە ئەفغانستان، بیانوویەکی نوێی بە ئێران دا بۆ ئەوەی هاوکارییەکانی بۆ تاڵیبان بەردەوام بن. ئێران و تاڵیبان بە هۆکاری جیاواز، داعش بە دوژمن دەزانن.

## تاڵیبان.. لە دوژمنەوە بۆ دۆست

تا کۆتایی ساڵانی نەوەتەکان، ئێران بزووتنەوەی تاڵیبانی وەکوو هەڕەشەیەک بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیی وڵاتەکەی دەبینی. هەر بۆیە پشتگیریی هێزە نەیارەکانی ئەو بزووتنەوەیەی دەکرد. دوژمنایەتیی ئێران لەگەڵ تاڵیبان تەنانەت هەتا ئەو شوێنەش چوو کە ئێران بەنیاز بوو هێرش بکاتە سەر خاکی ئەفغانستان، ئەمەش دوای ئەوەی لەساڵی 1998 چەکدارانی تاڵیبان هێرشیان کردە سەر کونسوڵخانەی ئێران لە مەزار شەریف کە لە ئاکامدا 10 دیپلۆماتی ئێرانی و ڕۆژنامەنووسێک کوژران. بەڵام لە ساڵی 2002 بەدواوە ئێران و تاڵیبان بەهۆی دوژمنی هاوبەشەوە کە بریتی بوو لە هێزەکانی ئەمریکا، لە یەکدی نزیک بوونەوە.

لە دەیەی یەکەمی پەیوەندییەکانیاندا، هەم تاڵیبان و هەم ئێران ڕەتیاندەکردەوە هیچ جۆرە هاوکاری و هەماهەنگییەک لەنێوانیاندا هەبێت، بەڵام بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئێران لە پاڵ پاکستان، هاوکاریی تاڵیبانی کردووە بۆ ئەوەی ئەم گرووپە بتوانێ ڕیزەکانی ڕێکبخاتەوە، بەڵام لە دەیەی دووەمدا، پەیوەندییەکانی تاران و تاڵیبان ئاشکراتر بوون.

ساڵی 2014 پەیوەندییەکانی هەردوولا پێی نایە ئاستێکی فەرمی، کاتێک تاران ڕێگەی بە تاڵیبان دا ئۆفیسی خۆی لە مەشهەد، ناوەندی پارێزگای خوراسانی ڕەزەوی بکەنەوە. مانگی ئایاری پارساڵیش کاتێک فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکانی ئەمریکا مەلا ئەختەر محەممەد مەنسوور، ڕێبەری تاڵیبانیان لە پارێزگای بەلوجستانی پاکستان کوشت، گۆڤاری فۆرێن پۆلیسی ئەمریکی لە بەدواداچوونێکدا ئاشکرای کرد کە مەلا ئەختەر بۆ ماوەی دوو مانگ لە ئێران بووە. لەو ماوەیەشدا لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئەمنیی ئێران کۆبووەتەوە. مانگی پێشووش محەممەد ڕەزا بەهرامی، باڵیۆزی ئێران لە ئەفغانستان، هەموو ئەفغانییەکانی تووشی شۆک کرد کاتێک ڕایگەیاند، وڵاتەکەی بۆ مەبەستی چاودێری و ئاسایش پەیوەندی لەگەڵ تاڵیباندا هەیە.



تاران بە یارمەتیدانی تاڵیبان گوشار لەسەر کابول دروست دەکات بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی ئێران لەبەرچاو بگرێت.

## هۆکارەکانی نزیکبوونەوەی ئێران و تاڵیبان

لێکنزیکبوونەوەی ئەم دوو لایەنە دەریدەخات تاڵیبان، بە پێچەوانەی دروشمە بەرایییەکانی، ئامادەیە لە ساتەوەختی هەستیاردا لەگەڵ دەسەڵاتێکی شیعە مەزهەبیشدا پەیوەندی دروست بکات. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکەی پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، تاران لە هاوکارییەکانی خۆی بۆ تاڵیبان بەدوای دەستەبەرکردنی چوار ئامانجی سەرەکییەوەیە:

**یەکەم:** شکستهێنان بە پڕۆژەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خێراکردنی پڕۆسەی کێشانەوەی ئەو هێزانە لە ئەفغانستان. ئێران هەوڵی هاوشێوەی ئەمەی لە عێراقیش داوە.

**دووەم:** دروستکردنی ناوچەیەکی پارێزراو لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکانی داعش لەسەر سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران. چونکە متمانەی بە توانای هێزە ئەمنییەکانی ئەفغانستان نییە بۆ ئەوەی بتوانن ڕێ لە هێرشەکانی چەکدارانی داعش لە ڕۆژئاوای ئەفغانستان بگرن. ئێران دەترسێ لەوەی داعش کۆمەڵگەی سوننەی پارێزگای سیستان و بەلوجستان بەکاربهێنێ بۆ پەرەپێدانی ئەجێندای خۆی لە ئێران. بەگوێرەی ڕاپۆرتی دەزگای هەواڵگریی ئەفغانستان، تاڵیبان بە هاوکاریی ئێران توانیویەتی ڕێگە لە پێشڕەویی داعش لە سنوورەکانی ڕۆژئاوای ئەفغانستان بگرێت.

**سێیەم:** ئێران پەیوەندییەکانی خۆی و تاڵیبان بەکاردێنێ بۆ ئەوەی کۆمەڵێک ئامانجی جیۆپۆلیتیکی لە باشوور و ناوەڕاستی ئاسیا مسۆگەر بکات، بە تایبەتیش ئەو پرسانەی پەیوەندییان بە وزە و سەرچاوەکانی ئاوەوە هەیە، لەم نێوانەشدا دەکرێ ئاماژە بە سەرچاوەکانی ئاو بکرێت کە سەرچاوەکەیان لە ئێراندا نییە.

**چوارەم:** تاران لە ڕێگەی هاوکاری و پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاڵیبان گوشار لەسەر کابول دروست دەکات بۆ ئەوەی مەرج و بەرژەوەندییەکانی ئێران لەبەرچاو بگرێت. بۆ نموونە کاتێک لە ساڵی 2013 حکومەتی ئەفغانستان و ئەمریکا خەریکی تاوتوێکردنی پاکێجی هاوکاری دوو لایەنەی ئەمنی بوون، ئێران میوانداری شاندێکی تاڵیبانی کرد، ئامانج لەمەش ئەوە بوو کە ئەگەر لە پاکێجەکەدا بەرژەوەندییەکانی تاران ڕەچاو نەکرێت، ئێران دەتوانێ تاڵیبان بۆ تێکدانی ئاسایش و سەقامگیریی ئەفغانستان بەکاربهێنێ.

ئەحمەد مەجیدیار، توێژەر لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پێیوایە پەیوەندی ئێران و تاڵیبان لە خۆیدا پەیوەندییەکی ستراتیژی نییە، بەو مانایەی "ئێران هیچکات نایەوێت ڕۆژێک لە ڕۆژان تاڵیبان بگەڕێتەوە سەر کورسی دەسەڵات. بەڵام بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ئەفغانستان و مەترسی فراوانبوونەوەی دەسەڵاتی داعش لە ئەفغانستان وا دەکەن ئێران هاوکاریی ئەم گرووپە بکات". بەڵام هەر ئەم هاوکارییە سنووردارەی ئێران لە پاڵ هاوکارییە بەرفراوانەکەی پاکستاندا بەسن بۆ ئەوەی حکومەتی ئەفغانستان لە داهاتوویەکی نزیکدا نەتوانێ سەقامگیری مسۆگەر بکات.

# ستراتفۆر:
# ڕەنگە کێشەی تورکیا و هێزە کوردییەکان ئۆپەراسیۆنی ڕەققە دوابخات

ناوەندی ئەمریکیی ستراتفۆر (ستراتیجیک فۆرکاستینگ) وەک نەریتێکی ساڵانەی خۆی زنجیرەیەک پێشبینی تایبەت بە ساڵی نوێ دەخاتەڕوو، کە بەپێی بابەت یان پرس پۆلێن دەکرێن. لێرەدا پێشبینییەکانی ستراتفۆر سەبارەت بە داعش لە ساڵی 2017 دەخەینە بەرچاوی خوێنەرانی (ڕووداو) کە لەلایەن سکۆت ستیوارت، لێکۆڵەری ستراتفۆر بۆ کاروباری تیرۆریزم و پرسە ئەمنییەکان، ئامادەکراوە.

ڕووداو- هەولێر

بەگوێرەی ناوەندی ستراتفۆر، داعش هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە "وزەیەکی نوێی بە بزووتنەوە جیهادییەکان بەخشی". ڕاگەیاندنی خەلافەت لەلایەن ئەم گروپە و دڵنیایی بەخشین بە چەکدارەکانی سەبارەت بە کۆتایی جیهان، وایکرد هەزاران چەکداری بیانی ڕوو لەم گرووپە بکەن. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی داعش بتوانێ "لە قۆناغی بەراییدا بە خێرایی هێز و توانایەکی مرۆیی زۆر کۆبکاتەوە". بەڵام "کات و جوگرافیا" دوو هۆکار بوون کە لە دژی ئامانجەکانی داعش کاریان دەکرد.

سکۆت ستیوارت، ئامادەکاری پێشبینییەکان، پێیوایە "ئەگەرچی داعش ڕەخنەی توند لە ئەیمەن زەواهیری، سەرۆکی قاعیدە دەگرێت، بەڵام ئەم گرووپە هەتا ئێستاش کەم تا زۆر پەیڕەوی لە هەمان پلان دەکات کە ساڵی 2005 زەواهیری لە نامەیەکدا بۆ ئەبوموسعەب زەرقاوی، سەرکردەی قاعیدەی عێراق، خستبوویە ڕوو".

لە نامەکەی زەواهیریدا هاتووە: "قۆناغی یەکەم دەرکردنی ئەمریکییەکانە لە عێراق. قۆناغی دووەم دروستکردنی دەسەڵات یان ئیمارەتێکی ئیسلامییە کە دواتریش ئەم دەسەڵاتە دەکرێ لە ڕێگەی پەرەپێدان و پشتگیریکردنەوە بۆ ئاستی خەلافەت بەرز بکرێتەوە". زەواهری پێیوابوو خەلافەتەکە دەبێ "لە ناوچە سوننەکاندا بێت". ئامانجیش لە دروستکردنی ئەو دەسەڵاتە ئیسلامییە "پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە دەبێت کە دوای دەرچوونی ئەمریکییەکان دروست دەبێ".

ستیوارت سەبارەت بە خشتەی کاتیی جێبەجێکردنی پلانەکە (واتە دروستکردنی خەلافەت) دەڵێت "جیاوازیی گرنگ لە نێوان قاعیدە و داعشدا هەیە"، چونکە داعش بە پێچەوانەی سەرکردایەتی گشتیی قاعیدە، ڕێگەیەکی خێراتری گرتووەتەبەر. سەرکردایەتی داعش بڕوایان وایە "کاتی دەستگرتن بەسەر ناوچەکان و حوکمڕانیکردنیان ئێستایە"، بەڵام بۆ ئەم مەبەستە داعش دەبووایە بتوانێ "کەڵک لە شوێنەکان، سەرچاوەکان و چەکدارانی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی وەربگرێ و بۆ فراوانکردنەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆی بەکاریان بهێنێ".

لێکۆڵەرەکەی ستراتفۆر پێیوایە هەر لەم سۆنگەیەوە دەبێ لەوە تێبگەین کە "بۆچی داعش پاش کۆنترۆڵکردنی ناوچەیەکی بەرفراوان لە سووریا و عێراق یەکسەر بناغەکانی خەلافەتی دامەزراند". داعش دەیویست ئەو پەیامە بە جیهانی ئیسلامی بدات کە "خەلافەت ڕاستییەکی مێژووییە و ناکرێت بەر بە بڵاوبوونەوەی بگیرێت و موسڵمانەکانی هەموو جیهان دەبێ ڕووی تێبکەن بۆ ئەوەی پشتگیری و هاوکاری پێشکەش بکەن".

## جوگرافیا دەستی داعشی بەست

لەم بەشە لە ڕاپۆرتەکەی ستراتفۆردا ئاماژە بەوە دەکرێ کە داعش بە ڕاگەیاندنی خەلافەت و دروستکردنی دامەزراوەی ئیداری لە جوگرافیایەکی دیاریکراودا خۆی لە زۆر لەو ئیمتیازاتانە بێبەش کرد کە گروپە پارتیزانییەکان هەیانە. چونکە گروپە پارتیزانییەکان "خۆیان کات و شوێنی هێرشەکان هەڵدەبژێرن، بۆ ئەم مەبەستەش پشت بە خاڵە لاوازەکانی دوژمن دەبەستن، کە تێیدا هێرشی لەناکاو سەر لە لایەنی بەرامبەر دەشێوێنێ". جگە لەمە گروپە پارتیزانەکان لە جموجۆڵدا ئازادترن، بۆیەش دەستیان لە هێزە حکومییەکان واڵاترە، چونکە هێزە حکومییەکان دەبێ ئاگایان لە شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵک، سەرچاوە سروشتییەکان و هێڵەکانی پەیوەندیی بێ، بەڵام گروپێکی پارتیزانی مەرج نییە پابەند بێت بە هیچکام لەم ئەرکانە.

بۆیەش دروستکردنی خەلافەت ژمارەیەک بەرپرسیارێتی و کێشەی تووشی داعش کرد، لەوانەش: پاراستنی شارەکان. دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان. بوون بە ئامانجێکی ئاسان بۆ هێرشە ئاسمانییەکان.




ستراتفۆر: داعش ئەمساڵ زۆربەی سەرکردەکانی خۆی لەدەست دەدات

ئەمانە داعشیان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک شکستی گەورە کرد، یەکێک لە گرنگترین ئەو شکستانەش لە دەستدانی دابق لە مانگی تشرینی یەکەمی 2015 بوو کە لە ڕووی سیمبۆلیک و پڕوپاگەندەییەوە زیانێکی گەورەی بەو ڕێکخراوە گەیاند. هەر بۆیە سەیر نییە دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەم شارە لەلایەن هێزەکانی سوپای ئازادی سووریا، داعش یەکسەر ناوی گۆڤاری "دابق"ی بۆ "ڕومیە" گۆڕی، بۆ ئەوەی فۆکەسی چەکدارەکان و لایەنگرەکانی لە جەنگی دوارۆژ لە دابق (لە نێوان موسڵمانەکان و کافرەکان) بۆ داگیرکردنی ڕۆم بگۆڕن.

جگە لەمە هێزەکانی سووریای دیموکرات بە هاوکاری هاوپەیمانان توانیان شاری منبج لە ژێر کۆنترۆڵی داعش دەربکەن، ئەمەش ڕێڕەوێکی سەرەکی جموجۆڵ و گواستنەوەی چەکدار و تەمەنی لە داعش گرت. جگە لەمە، تورکیا و هێزەکانی نزیک لەم وڵاتە گەمارۆی شاری ئەلبابیان داوە، بەمەش ڕێگەیەکی سەرەکیی جموجۆڵی چەکدارانی داعشیان گرتووە.

## پێشبینییەکان بۆ داعش لە عێراق و سووریا

ناوەندی ستراتفۆر پێشبینی دەکات ئەمساڵ شاری مووسڵ بە تەواوەتی کۆنترۆڵ بکرێتەوە. سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنەوەی شاری ڕەققە، پایتەختی دیفاکتۆی داعش، ناوەندە ئەمریکییەکە چاوەڕێ دەکات ئەمساڵ دەست بەو ئۆپەراسیۆنە بکرێ، هەڵبەت ئەگەری شەڕ و پێکدادانی نێوان تورکیا و هێزە کوردییەکانی سووریا دەکرێت ئەم ئۆپەراسیۆنە دوابخات، چونکە ڕەنگە ئاراستەی هێزە کوردییەکان لە ناوچەکانی دەوروبەری ڕەققەوە بەرەو باکووری سووریا بگۆڕێ.

ناوەندە ئەمریکییەکە چاوەڕێ دەکات ئەمساڵیش داعش ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردایەتی خۆی لەدەست بدات، هەروەها ناوچە و سەرچاوەکانی بەردەستی بەشێوەیەکی سەرەکی کەم دەبنەوە. بەم حاڵەشەوە داعش توانای ئەوەی بۆ دەمێنێتەوە هێرشی پارتیزانی یان خۆکوژی لە ناو عێراق و سووریا بکات. سکۆت ستیوارت هەروەها پێشبینی دەکات توانای داعش بۆ ئەنجامدانی هێرش لە دەرەوەی عێراق و سووریا هەم لە ڕووی ژمارە و هەمیش لە ڕووی قەبارە و بایەخی ئامانجەکانی کەمتر ببنەوە.

## داعش و ویلایەتەکانی:

جگە لەو خەلافەتەی داعش لە 2014ەوە لە عێراق و سووریا ڕایگەیاندووە، ئەم ڕێکخراوە خاوەنی کۆمەڵێک ویلایەتیشە کە لە فیلیپینەوە هەتا نایجیریا درێژ دەبێتەوە. هەڵبەت داعش ئەم ویلایەتانەی لە سفرەوە دروست نەکردووە، بەڵکو خۆیان پێشتر وەکوو ڕێکخراو هەبوون و دواتر بەیعەتیان بە خەلیفەی داعش داوە. هەر بۆیە بەردەوام ئەگەری ئەوە هەیە بەیعەتەکەی خۆیان وەربگرنەوە.

بەگوێرەی ستراتفۆر هەرچەندە ئەم ویلایەتانە لەڕووی پانتاییەوە ناوچەیەکی بەرفراوانی زەوییان داگرتووە، بەڵام خاوەنی ئەو هێزە نین کە قاعیدە لە زۆربەی وڵاتەکاندا هەیەتی، بۆ نموونە لە ئەفغانستان، تونس، جەزائیر، مالی، لیبیا، یەمەن و سومال ڕێکخراوەکانی سەر بە داعش ناتوانن خۆ لە شانی ڕێکخراوەکانی قاعیدە بدەن. بۆ نموونە داعش لە لیبیا شاری "سرت"ی لەدەستداوە و لە بەناو ویلایەتی سینا لە میسریش توانای ئەوەی نەماوە هێرشی هاوشێوەی هێرشەکەی ساڵی پار بۆ سەر فڕۆکەکەی هێڵی ئاسمانی ڕووسیا بکات کە لە شەرم شێخەوە بەڕێکەوتبوو.

نیاز حاجی

# ئاماژەکانی پشتی گۆڕینی باڵیۆزی ئێران لە بەغدا

میدیاکانی نزیک لە ناوەندی بڕیار لە ئێران باس لە گۆڕینی (حەسەن دانایی فەڕ) باڵیۆزی ئێستای ئێران لە بەغدا دەکەن، لە شوێنی ئەو باس لە دەستنیشانکردنی (ئیرەج مەسجدی) دەکرێت وەک باڵیۆزی نوێی ئێران لە بەغدا.

ئیرەج مەسجیدی جگە لەوەی پلەیەکی بەرزی سەربازیی هەیە، یەکێکە لە یاریدەدەرەکانی قاسم سولەیمانی و پلەی بەرزی لە سوپای قودسی ئێراندا هەیە.

ئەم گۆڕانکاریە لەم کاتەدا دوای ئەوە دێت کە عێراق و ناوچەکە بە دۆخێکی هەستیاردا تێدەپەڕن، کەسێک و حزبێکی نوێ دەسەڵاتی ئەمریکا دەگرنە دەست کە ترامپ و کۆمارییەکانن، بەمەش ستراتیژی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکە بەجۆرێکی تر، جیاواز لە کاتی ئۆباما دادەڕێژرێتەوە. ئەمریکا هێزەکانی خۆی لە بنکە سەربازییەکانی ناو عێراق زیاد کردووە و بنکەی نوێی کردووەتەوە. پرۆسەی ئازادکردنی مووسڵ خێراتر لە جاران قۆناغی دووەمی دەستپێکردووە.

تورکیا و حکومەتەکەی عەبادی لەیەکگەیشتنێکی باش لە نێوانیاندا دروست بووە سەبارەت بە هێزەکانیان لە بەعشیقە و پەکەکە و حەشدەکەی نوجەیفی، پێدەچێ لە دوای قۆناغی رزگارکردنی مووسڵ باشتر سیماکانی ئەو لەیەکترگەیشتنە دەربکەون.

کوێت و سعودیە و ئوردن بە هەمان شێوە کەوتوونەتە جموجۆڵی دیارتر لە جاران، ئەو جموجۆڵانەشیان دوای ئەوە دێت کە هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەی (نخێب) نزیک لە سنوورەکانی سعودیە خەریکی مانۆڕکردنن، کوێت 12 هەزار سەربازی یەدەگی بانگهێشت کردووە، سعودیەش هێزەکانی لە سنوورەکانی نزیک لە عێراق لە ئامادەباشیدا داناوە. ئوردنیش لە سەرەتای ساڵی نوێدا سەرۆک وەزیرانی خۆی ناردە بەغدا، ئەو سەردانە، ئێرانی نیگەران کردووە و بەچەندین شێواز خەریکی لێدانی تانە و تەشەرن لێی.

لە ناوخۆی عێراقیشدا دۆخی ئەمنیی ناو بەغدا بەرەو ئاڵۆزییە، کابینەکەی عەبادی پۆستی سێ وەزارەتی گرنگی چەند مانگێکە بە بەتاڵی ماوەتەوە، گوشارەکانی مالیکی بۆ سەر کابینەکەی عەبادی وای کردووە کە عەبادی ناچاربێ دووربکەوێتەوە لەبەرەی ئێران، سەدر و عەبادی جۆرێک لە هاوپەیمانی لە نێوانیاندا هەستی پێدەکرێ ، ئەگەر ئەو ململانێیەی نێوان سەدر و مالیکی بەردەوام بێ، ئەوا بەرەی شیعەکان بەرەو دابەشبوون و رووبەڕووبوونەوەی یەکتر دەبات .

ئاگربەستی سووریا و نزیکبوونەوەی تورکیا و رووسیا گۆڕانکارییەکی تری پراگماتیکیترە کە ئێرانی تووشی نیگەرانی و بەدگومانی کردووە، بەوپێیەی ئێران لەڕێی سوپای قودس و میلیشیاکانیەوە، بەشێکە لە لایەنەکانی شەڕ و ململانێی ئەو وڵاتە، چاوەڕێ دەکرێ لەگەڵ ئەسەد بەتەنیا لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا بمێنێت.

ئەو رووداو و گۆڕانکاریانەی سەرەوە وا دەخوازن کە ئێران لە هەریەک لە عێراق و سووریا بە پلانەکانی خۆیدا بچێتەوە، گۆڕانکاری لە باڵیۆزەکەی لە بەغدا ئەو ئاماژەیەمان نیشان دەدات .

ناردنی کەسێکی سەربازیی توندڕەو و سەرکردە لە سوپای قودس خوێندنەوەی ئەوەی بۆ دەکرێ کە ئێران لە عێراقدا خۆی بۆ دۆخێکی ئاڵۆز ئامادە دەکات، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ئەو گۆڕانکارییە دوای سەردانی (نووری مالیکی) بۆ ئێران ئەنجام دەدرێت .

پێدەچێ بۆ لەمەودوا (قاسم سولەیمانی) تەواو خۆی تەرخان بکات بۆ دۆسیەی سووریا و دۆسیەی عێراقیش بۆ جێگرەکەی (ئیرەج مەسجدی) جێبهێڵێ.



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# بارزانی بۆ ناچێت بۆ تاران

لە رابردوودا پەیوەندیی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، پەیوەندییەکی توندوتۆڵ بوو، لە ساکارترین دەربڕیندا دەکرێت بڵێین بەهۆی ئەوەی ئێران دەوڵەتێکی شیعی بووە و عێراق و سەدامیان وەک گەورەترین لەمپەر و دیواربەندی سوننی لە بەردەم خۆیان دەبینی، بەو هۆیەوە کە حیزبە کوردییەکانی باشوور لە دژی عێراق بوون، ئێران لە روانگەی ئەو تیۆرەوە کە (دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە)، کوردی عێراقی وەک دۆستێک دەبینی.

سەرباری ئەو راستیەی کە پێشکەوتنی بزووتنەوەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان دەبووە هاندەر و یارمەتیدەر بۆ گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی پارچەکانی تر، ئێران بێ گوێدانە مەترسیی گەشەکردنی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات، کۆمەکی بە شۆڕش و راپەڕینەکانی باشووری کوردستان دەکرد. تەنانەت لەکاتی شکستی شۆڕش و لێقەومان و ئاوارەیی خەڵکی باشووردا بەفریای خەڵک دەکەوت، لە ساتی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و تاوانەکانی ئەنفالدا سنوورەکانی بەڕووی میدیای جیهاندا کردەوە تا ئازار و مەینەتیەکانی کورد ببینن و رۆڵی گەورەی هەبوو لە ناساندنی کورد و کێشەکەی لە عێراق.

لە راپەڕین و لە کۆڕەوی خەڵک و دواتریش لە بنیاتنانی یەکەم ئەزموونی خۆبەڕێوەبەرێتی کوردی، لە مامەڵەکردنی راستەوخۆی لەگەڵ حکومەتی هەرێم، پێش هەموو وڵاتانی تری ناوچەکە و جیهان کردنەوەی نوێنەرایەتی ئێران لە هەولێر و سلێمانی، لە ئاستی باڵادا پێشوازیکردن لە وەفدی حکومەتی هەرێم و بەرپرسە باڵاکانی کوردستان. کردنەوەی دەرگاکانی لە سەردەمی ئابلۆقەی ئابووری و تا روخانی سەدام، لە زۆر رووەوە هاوکاریکردنی هەرێمی کوردستان ئامانجی ستراتیجیی ئێران بووە.

دوای رووخانی سەدام و کەوتنی عێراق، هاوکێشەکان پێچەوانە بوونەوە، بەجۆرێک کە ئەمجارە پشتیوانیکردنی بەغدا بوو بە ئامانجی ستراتیجیی ئێران. دەبوو هەرێمی کوردستان ئەم هاوکێشەیە بەباشی بخوێنێتەوە، ئەوەی لەبەرچاوبێت کە لەهەر ئەگەرێکدا هەرێمی کوردستان یان هەر حیزب و لایەنێکی سیاسی کوردی هەڕەشە بێت لەسەر سیستەم و پرۆسەی حوکمڕانی عێراق، ئەوە ئێران راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەکەوێتە دوژمنایەتیکردنی.

ئێستا بەدەر لەوەی هەرێمی کوردستان کێشە و ناکۆکی لەگەڵ بەغدا هەیە کە ئەمە تا ئەندازەیەک کاریگەری لەسەر هەڵوێستی ئێران دەبێت، بەڵام لە دیدی ئێرانەوە خەریکە هەرێمی کوردستان خۆی دەبێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر خودی ئێران. بێگومان لە حاڵێکی وادا ئێران هەروا دانانیشێت رۆڵی تەماشاکەر ببینێت. لای هەموو لایەک روونە ئێران بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی و بۆ گەیشتن بە ئامانجە ستراتیجیەکانی دەست و پەلی هاویشتووە بۆ زۆر جەمسەری ئەم دونیایە، چۆن هەروا بە ئاسانی لێدەگەڕێت مەترسییەک لە بندەستی خۆیەوە گەشە بکات.

بۆیە ئەگەر هەرێمی کوردستان گۆڕینی سەرنجی ئێران و رەواندنەوەی ئەو گومان و نیگەرانیانەی هەیەتی نەکاتە ئەولەویەتی خۆی، بە دڵنیاییەوە لە ئێستا بەدواوە ئێران کێشە و گیروگرفتی زۆرمان بۆ دروست دەکات و دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە و مەترسی لەسەر ئەزموونی کوردی لە باشووری کوردستان. هەرێمی کوردستان بەو قەیرانە سیاسی و دارایی و کێشە ناوخۆییانەیەوە بەرگەی کێشەی تر ناگرێت.

بۆ ئەوەی هەڕەشە و مەترسییەکان لە خۆمان دووربخەینەوە، پێویستە پێش هەر شوێنێکی تر، رێگەی تاران بگرینەبەر. وەک چۆن پێشتر لەو تێڕوانینە ستراتیژییەوە کە پێمان وابوو (تورکیا تاکە دەروازەی بەستنەوەی کوردستانە بە جیهانەوە)، مام جەلال و کاک مەسعود و نێچیرڤان بارزانی چەندین ساڵ و لە چەندین کەناڵەوە کاریان کرد بۆ گۆڕینی سەرنجی تورکیا بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان کە ئەوکات سەرکردەکانی هەرێم وەک سەرۆک خێڵیش پەسەند نەدەکران لە تورکیا، سەرئەنجام بە تێگەیشتن و بە دروستکردنی بەرژەوەندیی هاوبەش، نەک هەر نیگەرانییەکان رەوینەوە، بەڵکوو کاریگەرییەکانی بەجۆرێک بوو کە سەرکردەکانی باشوور (مام جەلال و بارزانییەکان) رۆڵی گەورەیان هەبوو لە قەناعەتپێهێنانی تورکیا لە گرتنەبەری رێگەی ئاشتی بۆ چارەسەری پرسی کورد لە تورکیاش.

ئەگەر ئەوکات بایەخی تورکیا و درککردن بە پێویستیی پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ ئەو وڵاتە، لە تێڕوانینێکی ستراتیژییەوە بوو بێت بۆ بەستنەوەی کورد بە جیهانەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە ئێستاش ئێران لەبەر مەترسیەکانی لەسەر ئەزموونەکە و ئایندەی کورد لەم ناوچەیە، بایەخی لەوکاتەی تورکیا زیاترە بۆ هەرێمی کوردستان. رەواندنەوەی نیگەرانی و دروستکردنی متمانە و دڵنیاییدان بە ئێرانیش کارێکی مەحاڵ نییە.

تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەکی بابەتیانە کێشەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێران و کێشەکانی ئەوکاتەی لەگەڵ تورکیا بەراورد بکەین، بەدڵنیاییەوە گرتنەبەری رێی ئێران و کردنەوەی دەرگای تاران بەڕووی چارەسەردا ئاسانترە وەک لە گۆڕینی دیدی تورکیا بۆ قبوڵکردنی کورد لە ناوچەکە و دانان بە قەوارەی هەرێمی کوردستان. کورد بۆچی توانی ئەو گۆڕانکاریە لە بیر و تێڕوانینی تورکەکاندا دروست بکات، بۆ ناتوانێت بەرچاوی ئێران رۆشن بکاتەوە؟ بەڵام کێشەکە ئەوەیە هەرێمی کوردستان هیچ هەنگاوێکی بەو ئاراستەیە نەناوە. ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە نییە کە هەستیان بە نیگەرانییەکانی ئێران نەکردبێت، چونکە جیا لە پێویستیی خوێندنەوەی هاوکێشەکان و تێگەیشتنی هەرێم لە ناسینی پێشهات و هاوکێشە ناوخۆیی و هەرێمایەتییەکان، بەرپرسانی ئێرانیش لە چەندین بۆنەدا ئاماژەی مەترسیداریان خستووەتە روو دژ بە هەرێمی کوردستان.

ناکرێت بەچاوێکی کەمبایەخ لەو هەڕەشە و نیگەرانیانەی بەرپرسە سەربازییەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بڕوانین و بێباک بین لەو وڵاتە، پێویستە ئەوەش بزانین کە هەرێمی کوردستان هیچ قازانجێک ناکات لە قوڵبوونەوەی کێشە و ناکۆکییەکانی لەگەڵ ئێران، بۆیە ئەرکمانە بەدوای رێگاکانی ئاساییکردنەوە و رەواندنەوەی نیگەرانی و مەترسیەکانیدا بگەڕێین کە ئەوەش لە هەمانکاتدا بەرپرسیارێتی سەرشانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستانە.

زیاتر لە ساڵێکە باس لە چوون و نەچوونی بارزانی بۆ ئێران دەکرێت، هەر جارەی بە پاساوێکەوە دیدارەکان هەڵدەوەشێنەوە، گەرچی بارزانی عەسای سیحریی پێ نییە تا بە سەردانێک کۆتایی بە هەموو مەترسیەکان بهێنێت، بەڵام نەچوونیشی هیچ خزمەت بە چارەسەر ناکات و کێشەکان ئاڵۆزتر دەبێت و دواجار لەسەر حسابی ئەم میللەتە کۆتایی دێت. بۆیە وەک بەرپرسیارێتیەکی ئەم قۆناغە پێویستە زیاد لە جارێک ئەو رێگەیە بگرێتە بەر، تا ئەمەش بە دەردی کێشە ناوخۆییەکانی هەرێم نەچێت کە لەماوەی ئەم ساڵ و نیوەدا زۆرترین داواکاری ئاراستەی بارزانی کرا کە دەتوانێت کێشەکان چارەسەر بکات و پێویستە ئەو موبادەرە بکات، لەکاتی پێویستدا بەدەنگ ئەو داواکاریانەوە نەچوو، تا لە دۆخێکدا دەستپێشخەری نواند کە وەک پێویست لایەنەکانی تری کێشەکە بە دەنگییەوە نەهاتن.

ئەمەی ئێرانیش وای لێدێت، ئەگەر ئێستا تا کێشەکان زۆر ئاڵۆز و تا ناکۆکییەکان زۆر قووڵ نەبوونەتەوە، بارزانی خۆی مەلەفی پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ ئەو وڵاتە نەگرێتە دەست، بەدڵنیاییەوە دەگەینە دۆخێک کە ئەوکات هەوڵەکانی دەبنە کەپنەکی پاش باران.



زریان رۆژهەڵاتی

# سیاسەت بەناوی خەڵک!

لەوانەیە قسەکردن بەناوی "خەڵک" و "داواکاریی جەماوەر" رێگایەکی ئاسان بێت بۆ ئەوەی کەس یان لایەنێک پێگەی سیاسیی خۆی قایم بکات، بەڵام زیادەڕۆیی لەمەدا، شوێن بە عەقڵانییەتی سیاسی لێژ دەکات و کاریگەرییەکی خراپ لەسەر کۆمەڵگە دادەنێ.

کوردستان لە شەڕێکی بێ ئاماندایە و هەڵەوگیری قەیرانێکی چەند سەرەی ئابووری – سیاسی بووە، ئەمەش رێک هەلومەرجی بۆ دەرکەوتنی رەفتار و سیاسەتە پۆپۆلیستییەکان رەخساندووە. هەڵبەت هەر ئەوە نییە، گەورەبوونی درز و کەلێنی ناعەدالەتی و گەندەڵی، بوونی کێشەی کولتووری و شوناس، کەمبوونەوەی متمانە بە دامودەزگا رەسمییەکانی حکومەتیش بوونەتە هۆی ئەوەی ئەمجۆرە سیاسەتانە گەشە بکەن. ئەو کاتەی گەندەڵی و قەیران لە کۆمەڵگایەکی وەک هەرێمی کوردستاندا دەگاتە لوتکە، ویستی چارەسەری خێرا بۆ کێشەکان لەلای جەماوەر زیاتر دەبێت و ئەمەش بەستێنی گەشەکردن و دەرکەوتنی پۆپۆلیزم و عەوامگەرایی دروست دەکات.

رەوتی گەشەکردنی پۆپۆلیزم لە کوردستان لەگەڵ باقی شوێنەکانی تری جیهان جیاوازیی هەیە. پۆپۆلیزمی نوێ لە جیهاندا، لەگەڵ هاتنی خێرای ئابووری جیهانی، شەپۆلی کۆچ و تیرۆر و دروستبوونی هەڕەشە لەسەر شوناسی رەسەنی نەتەوەیی گەلان لە تەنیشت قەیرانی سیاسی و ئابووریدا پەیدا بووە، بەڵام ئەم رەوتە لە کوردستان، ئەولەویەتی بە پرسە ئابووری و سیاسییەکان داوە و بابەتەکانی وەک هەڕەشەی تیرۆر و گرفتەکانی شوناسی نەتەوەیی پشتگوێ خستووە و دەشێ ئەم ئەنجامانەی لێبکەوێتەوە:

**1- ناسەقامگیریی سیاسی**

ئەو چارەسەرانەی پۆپۆلیستەکانی کوردستان دەیخەنە روو، زیاتر بەشێوەیەکی میدیاتیک و بە مەبەستی راکێشانی سۆزی خەڵک ئامادەکراون و پاشخانێکی عەقڵانیی بەهێزی لە پشت نییە. ئەمەش وادەکات کێشەی نێوان لایەنەکان درێژە بکێشێ و چارەسەری راستەقینەی بۆ نەدۆزرێتەوە و ناسەقامگیریی سیاسی بەردەوام بێت.

**2- دروستکردنی کاریزما و رابەری بێ رکابەری نوێ!**

هەرچەندە لە روانگەی یەکەمدا جەماوەریبوون و قسەکردن بە ناوی خەڵک وەک شتی باش دێنە پێشچاو، بەڵام ئەزموونەکان دەریدەخەن کە ئەو سیستەمە حیزبی و دەوڵەتییانەی زۆرتر باسی جەماوەریبوون دەکەن، زیاتر مافەکانی خەڵک پێشێل دەکەن. لەمەشدا نموونەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و چین لەبەرچاون. لە کاتێکدا باسی مافی گەل و جەماوەر و رەتکردنەوەی دەسەڵاتی کەسەکان دەکرێت، وردە وردە ئەستێرە و کاریزمای نوێ بۆ رابەرایەتیکردنی خەڵک دروست دەکرێت. چونکە بەبێ بزوێنەرێکی رابەری، هیچ جەماوەرێک بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکان تەیار ناکرێت.

**3- دووركەوتنەوە لە عەقڵانییەتی سیاسی**

پۆپۆلیزم چەپ و راستی بۆ نییە و رەفتارێکە کە زیاتر لەوەی رێگەچارەی عەقڵانی بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە، ئیدیعای رێگەچارەی خێرا و ئاسان دەکات. جۆرێکی سیاسەتکردنە کە تێیدا بە پشتبەستن بە نارەزایی و ترسی جەماوەر و کێشەکانی کۆمەڵگا، هەوڵی بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆی دەدات. بۆیە لێرەدا هەقە ئەو پرسیارە جەوهەرییە دووبارە بکرێتەوە کە ئایا دەشێ سیاسییەکان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان بە شێوەیەکی ماکیاڤیلییانە دەست بۆ هەموو ئامرازێک بەرن؟

**4- پەراوێزخستنی نوخبە/ ئەلیتی سیاسی!**

پۆپۆلیستەکان کەمتر گوێ بە دیدگای پسپۆڕان و نوخبەکانی کۆمەڵگا دەدەن و هەموو هەوڵەکانیان بۆ ئەوەیە قسەیەک بکەن، یان بابەتێک بورووژێنن کە مایەی دڵخۆشی و رەزامەندیی جەماوەر بێت. بۆیە زۆرجار لەچاو جەماوەردا، وەک فریادڕەسی کۆمەڵگا دەردەکەون! لەبەر ئەوە، رەزامەندییەکی کورتخایەنی جەماوەر دروستدەکەن، بەڵام لەوانەیە داهاتووەکەیشی وێران بکەن. تاقە رێگای بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی پۆپۆلیزم لە کوردستان ئەوەیە هەنگاوەکان بۆ چارەسەرکردنی لاوازی و کەموکوڕییەکان خێراتر بکرێن و لە جیاتی یاریکردن بە هەست و سۆزی جەماوەر، رێگای سیاسەتێکی عەقڵانی بگیرێتەبەر.

لە کوردستان جیلێکی سیاسەتمەداری نوێ پەیدابوون کە تازە پێیان ناوەتە دنیای سیاسەت و بەشێوەیەکی بێباکانە، لە میدیاوە دەست بۆ هەموو بابەتێک دەبەن. مەیلی زۆربەشیان بەرەو لای سیاسەتێکی پۆپۆلیستانە دەچێ! بە واتایەی دیکە زیاتر دەیانەوێت لاوازی و قەیرانەکان بۆ تەیارکردنی جەماوەر بەکاربهێنن. ئەمانە، زیاتر لە دامودەزگا جەماوەرییەکانی وەک میدیاوە روویان لە سیاسەت کردووە کە دەزگایەکی جەماوەری و پۆپۆلیستییە! ئەمجۆرە سیاسەتکردنە، قازانجی درێژخایەنی بۆ هیچ یەک لە ئەحزابی سیاسی نابێت و خەساری گەورە دروست دەکات. بارودۆخی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی ئەو کەشتییەیە کە ئەگەر نوقم بوو، هەمووان تێدا دەچن نەک تەنیا گرووپ و لایەنێک!



سلێمان ئالیخان

# پارتی.. بەردانی شەنگال و گرتنی یەزدا

هاتنی داعش بۆ شنگال و وێرانکردنی گوند و ناوچەکانی ئەو قەزایە، هەروەها کوشتن و بەدیلگرتنی هەزاران کچ، ژن، منداڵ و پیاو، دونیایەک رەخنەی بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان هێنا بە حوکمی ئەوەی کە دەسەڵاتدارێتی ئەو ناوچەیەی دەکرد. پارتی بەوە تۆمەتبارکرا کە شنگال و خەڵکەکەی رادەستی داعش کردوون. بەڵام بەباوەڕی من مەنتیقی نییە بڵێین پارتی شەنگالی رادەست کرد، چونکە پارتی زەرەرمەندی سەرەکیی لەدەستدانی شنگالە وەکو جەماوەر کە بەدەیان هەزار لایەنگری مسۆگەری لێ هەبوو. هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقیش باشترین بەڵگەن لەسەر ئەوە و شەنگال ئەو قەزایە بووە کە هەمیشە زۆرترین ئەندامی پارتیی گەیاندووەتە پەرلەمانی عێراق، بەڵام راستە ئەگەر بڵێین پارتی شەنگالی بەردا. چونکە توانای رووبەڕووبوونەوەی داعشی نەبوو. هەروەها راستە ئەگەر بڵێین لە ماوەی 11 ساڵی دەسەڵاتدارێتیدا پارتی شتێکی ئەوتۆی بۆ شەنگال نەکرد و راستترە ئەگەر بڵێین پارتی لە بنەڕەتدا پلانی بۆ ئەو قەزایە نەبووە!

هەڵبەت کۆنترۆڵکردنی شەنگال لەلایەن داعشەوە، دەرفەتی بۆ نەیاران و تەنانەت هاوپەیمانانی پارتیش رەخساند بۆ کارکردن لەسەر دوورخستنەوەی کۆمەڵگەی ئێزدی بەگشتی و خەڵکی شەنگال بە تایبەتی لەو پارتە. ئەو لایەنانە هەموو هەوڵێکیان دا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و دەرخستنی ئەو خەڵکە لە ژێر هەژموونی پارتی و بۆ ئەو مەبەستەش پاڵپشتی ئەو بیرۆکەیەشیان کرد کە ئێزدی کورد نین و تا رادەیەک تێیدا سەرکەوتووبوون. ئێستا زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەی ئێزدی دژی پارتین و خۆیان بە "نەتەوەی ئێزدی" و جودا لە نەتەوەی کورد دەزانن. تەنانەت ئەوانەی مووچەش لە پارتی وەردەگرن و بەو چەند هەزار پێشمەرگەیەی فەرمانده‌یی شنگالیشەوە. هەڵبەت پارتیش لەلایەن خۆیەوە هەوڵێکی زۆری دا و دەدات بۆ گۆڕینی ئەو رەوشە و گەڕاندنەوەی ئەو خەڵکە بۆ باوەشی خۆی و بۆ ئەو مەبەستەش پارە و رەنجێکی مەزن خەرج دەکات تا بتوانێت باڵانس رابگرێت.

بەڵام ماوە ماوە هەندێک رووداو دێنە پێش و دەبنە هۆکاری شڵەژان و دووبارە کولاندنەوەی برینەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە پێموایە بەشێکی زۆری ئەو کارانە ئەنجامی کاری بەپەلە و بڕیاری هەڵەی بەرپرسانی پارتییە. وەک دەستبەسەرکردنی فەرماندەی هێزی ئێزیدخان پێش ساڵێک و گرتنی دەزگای یەزدا پێش چەند رۆژێک کە دووبارە دەرگای رەخنەی لەسەر پارتی کردەوە لەلایەن خەڵکی لێقەوماوی ئێزدی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیش. چونکە یەزدا لە ماوەی کارکردنیدا سۆزی کۆمەڵگەی ئێزدی بۆ خۆی راکێشاوە بەهۆی پێشکەشکردنی کۆمەک و هاوکاری بەسەر ئاوارەکاندا لە بواری کۆمەڵایەتی، تەندروستی، پەروەردەیی و لەلایەنی ماددی و مەعنەوی و زۆر بواری دیکە. هەروەها سەرنجی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیشی راکێشاوە بۆ ئەو چالاکییانەی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بۆ خەڵکی لێقەوماوی ئێزدی ئەنجامی دەدات.

یەزدا کە رێکخراوێکی مرۆیی و نێودەوڵەتی کۆمەکبەخشە، هەڵەی کرد کاتێک داخۆیانییەکی بڵاوکردەوە و بەهۆیەوە ئێزدییەکانی بە نەتەوەیەکی جودا لە کورد ناساند. بەمەش وەکو پارتێکی سیاسی لێهات و رێگەی بۆ دەسەڵات خۆشکرد بۆ راگرتنی کارەکانی لە کوردستان. پارتیش لەلایەن خۆیەوە پەلەی کرد کە کاری ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییە بەناوبانگەی راگرت. هەڵبەت یەزدا زەرەری زۆری کرد. چونکە چیدی کۆنتاکتی لەگەڵ خەڵکی ئێزدی نامێنێ و بەمەش ناتوانێ کۆمەک و پەیامەکەشی بگەیەنێتە ئەو خەڵکە. لەلایەن خۆیەوە پارتی دیموکراتی کوردستانیش زەرەری کرد، چونکە خەڵکی لێقەوماوی ئێزدی بەهۆکاری بڕینی کۆمەک و هاریکارییەکانی یەزدای دەزانن و هەست دەکەن کە ئەو پارتە دژی بەرژەوەندییەکانیان کاردەکات، بەڵام زەرەرمەندی سەرەکی و راستەوخۆ خەڵکی لێقەوماوی ئێزدییە.

بە کورتی و کوردی کارکردنی یەزدا واتە سەرکەوتنی پلان و پرۆژەکانی ئەو رێکخراوە. لە هەمان کاتدا نەهێشتنی رەخنەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کەمکردنەوەی گلەیی و داواکارییەکانی خەڵکی ئێزدییە لە پارتی. ئەوەش خاڵێکی هاوبەشە کە دەکرێ پارتی و یەزدا لەسەری بوەستن و بیکەنە دەستپێکێکی تازە بۆ بەدیهێنانی هەماهەنگیی باشتر لە داهاتوودا.

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بەدیلی بارزانی، بارزانییەکی دیکەیە

## 1

ڕێککەوتنی یەکێتی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان، هێندەی دیکە ناکۆکیی نێوان دوو باڵەکەی ناو یەکێتی قووڵتر کردەوە و وایکرد بۆ یەکەمجار پارتی کار لەسەر تەفرەقەی ناومالّی یەکێتی بکات (ئەڵبەتە بە نهێنی). ڕاگەیەندراوی باڵی ناوەندی بڕیار لە یەکی ئەیلولی 2016دا، ئەگەر بە ئاشکرا دەستی پارتیشی تێدا نەبووبێت، بەبێ ڕەزامەندی و زەمینەسازیی پارتی نەکراوە. بۆیە ئەو نمایشی هێزەی لە 17ی مایس کرا، سەری نەگرت و پتر لەوەی یارمەتیدەر بێت بۆ هێنانەوەی گۆڕان بۆ ناو کایەی سیاسی، هێندەی دیکە دووری خستەوە.

دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی (بە سەرنجدان لە پێکهاتە و سەرۆکایەتیی شاندەکان) دەریدەخات کە ڕێککەوتن و هاوڕێیەتی لەگەڵ پارتیدا، عامیلی خێرە بۆ یەکخستنەوە و یەکدەنگیی ناو یەکێتی. دوو باڵەکەی یەکێتی ئەگەر نەشتوانن بەیەکەوە لەسەر یەک مێز دانیشن، زۆر بە ئاسانی دەتوانن لەگەڵ پارتیدا نەک هەر دانیشن، بگرە ڕێککەوتنیش بکەن. ئەساسی ئەو ماڵکردنانەی ناو یەکێتی سەرچاوەکەی لەوەدابووکە بەشێکی یەکێتی بەرپرسیارێتی و خەباتی مێژوویی خۆیان کردە قوربانیی لایک و شێرەکانی ناو سۆشیال میدیا و، لەبیریان چووەوە کە سەنگی یەکێتی لە سیاسەت و حوکمڕانیدا، بە ژمارەی کورسیی پەرلەمان ناپێورێت. هاوکات، بەیاننامە هاوبەشەکەیان لەگەڵ پارتی، دەریدەخات کە یەکێتیش بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سیاسیی کوردستان، وەک پارتی بیر دەکاتەوە.

پارتی لە ناوخۆیدا بۆ هەموو بژارەیەک خۆی حازر کردووە، گرنگترینی ئەوانەش مەسەلەی گۆڕینی سەرۆکایەتییەکانە و لەوەشیاندا ئەگەرەکان ئاشکران.

ئەگەری یەکەم: گۆڕینی سەرۆکی پەرلەمان بە کەسێکی دیکە لەناو بزووتنەوەی گۆڕان و گەڕاندنەوەی بارودۆخ بۆ پێش 12ی ئۆکتۆبەری 2015، یانیش گۆڕینی دەستەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان بە شێوەیەک کە بتوانێ لێسەندنەوەی متمانە لە دەستەی ئێستا مسۆگەر بکات و لەوەشیاندا، ئەگەر بەپێی حیساب و کتاب بێت، مەرج نییە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بدرێتە یەکێتی و لەوانەیە بۆ دەستبەرکردنی دەنگ بەر یەکگرتووی ئیسلامی بکەوێت.

ئەگەری دووەم: لە حاڵەتی ئەوەدا کە گۆڕان بکەوێتە دەرەوەی بازنەی حوکمڕانی، پارتی دەبێ بیر لە دوو بژارە بکاتەوە بۆ هەر دوو سەرۆکایەتییەکەی دیکە. هێشتنەوەی ئەو دۆخە تا هەمواری یاسای سەرۆکایەتیی هەرێم لە پەرلەمان و جۆری هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، دووەمیان، ڕادەستکردنی سەرۆکایەتیی حکومەت بە یەکێتی و دانانی سەرۆکی کاتیی هەرێم (هەر وەک لە پەیامەکەی بارزانیشدا هاتووە) تا هەڵبژاردنی داهاتوو. لەو حاڵەتەدا، سەرۆکایەتیی هەرێم لای پارتی دەمێنێتەوە و بە ئیحتیمالی زۆریش نێچیرڤان بارزانی ئەو پۆستە لەئەستۆ دەگرێت.

## بەرەو ڕێککەوتنێکی نوێی ستراتیژی

## 2

بە سەرنجدان لە بەیاننامەی کۆتایی دوایین کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسیی هەردوولا کە بە وشەیەکیش ناوی بزووتنەوەی گۆڕانی تێدا نەهاتووە و باس لە هیچیەک لە داواکانی گۆڕان نەکراوە، دەردەکەوێ کە یەکێتی دەستی لە گۆڕان شوشتووە و ئیتر ترسیشی لێی شکاوە. ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە، یەکێتی وەک حیزبێکی خاوەنی سەرخان و ژێرخان، ناتوانێ چیدیکە لەسایەی هەڕەشە و گوڕەشەکانی گۆڕاندا، خۆی لە گۆڕەپانی سیاسی و دەستکەوتە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان بێبەش بکات. یەکێتی پاشماوەی مەدرەسەی جەلال تاڵەبانییە کە بە چێرچڵی عەسری خۆی ناوبراوە و، ناتوانێ لەوە زیاتر غەرقی هەرزەکاریی سیاسی بێت.

گۆڕان لە سەرەتای دروستبوونییەوە، ئامانجی ئەوە بوو کە لە هەنگاوی یەکەمدا، یەکێتی بکاتە حیزبێکی ناوچەیی و بیخاتە ژێر گوشاری گەڕەک و لە پارتیی دووربخاتەوە. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە یەکێتی نەک خۆی پێ حیزبی ناوچەیەک نەبوو، بگرە لە سایەی پۆستەکەی تاڵەبانی خۆی پێ حیزبی هەموو عێراق و ناوچەکەش بوو! لەقکردن و لەباربردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان پارتی و یەکێتی، گەورەترین ئامانجی گۆڕان بوو کە نەهاتە دی. چونکە گۆڕان پێش ئەوە لە 17ی شوباتدا، مەبەستی بوو کە بە ئینقیلابێک دەست بەسەر ئیدارەی سلێمانیدا بگرێت. ئەڵبەتە پارتی نەیهێشت ئەوە سەربگرێت، یەکێتی زۆر سیاسییانە هەم هێزی پارتیی بەکارهێنا بۆ چاوترسێنکردنی گۆڕان و هەمیش ڕێگەی نەدا پارتی وەک ڕزگارکەری دەسەڵاتەکەی لە زۆنی سەوز و نیلی خۆی نمایش بکات، بە هێمنی هەردوو تەڕەفی بەرتەرەف کرد.

ئیتر هەردوو باڵەکەی یەکێتی بەرەو ئەوەن کە لەگەڵ پارتی ڕێکبکەون (ڕێککەوتنێک بۆ پاش و پێش هەڵبژاردنی داهاتوو)، وردەکارییەکانی چۆن و چی دەبێ گرنگ نین، گرنگ ئەوەیە کە ئەو ڕێککەوتنە بتوانێ ناو ماڵی یەکێتیش ڕێکبخاتەوە.

## لە خواش بوون و لە خورماش

## 3

بەیاننامەی کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی گۆڕان لەهەمبەر جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان ئەوان و یەکێتی، زۆر بێمانایە! لەو ڕووەوە کە دەریدەخات گۆڕانخوازەکان دەبێ دوو جار فریویان خواردبێ، جارێک کە دەساڵ پێش ئێستا لە یەکێتی جیابوونەوە، جاری دووەمیش کە چوونەوە پاڵ یەکێتی! کامیان ڕاست بوو تا بتوانن گلەیی لەوە بکەن بۆچی ڕێککەوتنە ستراتیژییەکەیان لەگەڵ یەکێتی جێبەجێ نەکراوە؟ ئەو ڕۆژەی ڕێککەوتنەکە ئیمزا دەکرا و پارووی چەوریان بادەدا، کەسیان جورئەتی ئەوەیان هەبوو بپرسێ ئەرێ مادام یەکێتی ئەو حیزبە ئایدیاڵەیە، بۆ لێی جیابووینەوە؟ کە یەکێتی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لەگەڵ ئێمە ئیمزا دەکات، ڕێککەوتننامەی خۆی لەگەڵ پارتیدا هەڵوەشاندووەتەوە؟ لە حکومەت کشاوەتەوە؟ بایکۆتی پەرلەمانی کردووە؟ ئەگەر ئەوانەی نەکردووە، کوێی ڕێککەوتنەکەمان لەگەڵ یەکێتی ستراتیژییە؟

هەردوو باڵەکەی یەکێتی، گۆڕانیان لەخشتە برد. گۆڕانیان لە خواش کرد و لە خورماش، بەڵام نەبووە خورمش!

---



سەلام ناوخۆش

# هەدەپە.. ئاکەپەی کوردی

هەدەپ و ئاکەپە دوو ئایدیۆلۆژیا و جیهانبینیی جیاوازیان هەیە. ئەم جیاوازیانە زۆربەی خوێنەران پێی ئاشنان، بۆیە من بەلای ئەمەدا ناچم و ئامانجی وتارەکەی من قسەکردن دەبێ لەسەر لایەنی تر.

لە مێژووی سیاسیی تورکیادا هەردوو ڕەگەزی (ئیسلامی) و (کوردی) بۆ ماوەیەکی زۆر تابوو بوون، بەتایبەتی لە نێوان ساڵانی 1923–1950، بەجۆرێک لەم ماوەیەدا جگە لە دەمکوتکردنی سیاسی، چەندین کۆنفرانس لە تورکیا بەستران بۆ ئەوەی لەڕووی ئەکادیمییەوە شوناسی قەومی لە کورد بستێننەوە، هەروەها ڕەگەزی تورک بە سیرەی پێغەمبەری ئیسلامەوە ببەستنەوە. کۆنگرەکانی (زمانی خۆر) و (تێزی تورک) بۆ مێژوو چەندین تیۆری تورکییان بەرهەم هێنا وەک تیۆری (قەدری پەرک) و (شەریف فرات) و (فەخرەدین ئۆغلۆ) و (ئەرۆز) و (ئارن ئەنگین). ئەم هەموو تیۆرە تورکییە کاریان لەسەر شوناسی تورک و بێ شوناسیی کورد دەکرد، هەموو لە خزمەتی پتەوکردنی زمانی خۆردا بوون لە پەروەردەی سیکیولاری، بۆیە شکستی تیۆری زمانی خۆر پەیوەست کرابوو بە هەرەسی عەلمانیەت (کەمالیەت)ی تورکی!

دێرک کینان لە کتێبی کورد و کوردستاندا دەنووسێت :"لە هەڵبژاردنی ئایاری 1950دا (پارتی دیموکرات) لە کۆی (482) کورسی (403) کورسی بەدەست هێنا. پارتی دەسەڵاتدار ، پارتی گەلی کۆماری، تەنیا (69) کورسی بردەوە!". ئەو ئەفسانە شکاندنەی (پارتی دیموکرات ) وەک ئەفسانە شکاندنەکەی (نیکیتا خرۆشۆڤ) لە شوورەوی وابوو، هەردوو پەردەیان لەسەر قەدەغەکراوەکان لابرد، بەڵام نەیانتوانی ببنە گۆرباتچۆڤی ڕووسیا و ئەردۆگانی تورکیا!

پارتی دیموکرات بە پێچەوانەی پارتی گەل زۆر گرنگی بە دین (ئیسلام) دەدا، بۆیە زۆربەی دیندارەکانی تورکیا و باکووری کوردستان دەنگیان پێدا.

پاش 10 ساڵ لە حوکمڕانیی پارتی دیموکرات بە سەرۆکایەتی عەدنان مەندەریس و جەلال بەیار، کۆمەڵێک پلەداری سەربازی لە شەوی 27ی ئایاری 1960دا بە سەرۆکایەتی جەمال گورسیل، بە کودەتایەکی سەربازی خەونی ئیسلامی و کوردەکانی باکووریان پووچەڵ کرد!

لەوساوە، هەر لالێکردنەوەیەک لە تورکیا ڕوویدابێ، بە کودەتا وەڵامی دراوەتەوە، وەک کودەتای 1980 و کودەتای 1990 (تیرۆرکردنی سەرۆک).

### دەرکەوتنی ئەردۆگان وەک گۆرباتچۆڤی تورکیا

پێش ئەردۆگان و ئاکەپە حیزبی دیکەی ئیسلامخواز هەبوون وەک حیزبەکەی ئەربەکان و گولەن و نوورییەکان و سۆفییەکان، بەڵام ئەم حیزبانە نەیانتوانی هیچ گلاسنۆست و بیروسترۆیکایەک لە تورکیادا دروست بکەن. لە هەڵبژاردنی 2001 دا ئەردۆگان و پارتەکەی دەسەڵاتی تورکیایان وەرگرت. لەو مێژووەوە هەتا دوا هەڵبژاردن حیزبەکەی ئەردۆگان کە تابوویەک بوو لە دوو تابووەکەی تورکیا، زۆر لە تابووەکانی لەسەر ئیسلام و کورد هەڵگرت: بەمجۆرە دینداری و قسەکردن بە کوردی هەر هەڵنەگیرا، بەڵکو تەلەفزیۆنێکی دەوڵەتییش بە ناوی تەرەتە شەش کرایەوە.

ئەمە لە تورکیا زۆر بوو، سەرۆک و سەرۆک وەزیرەکانی تورکیا لە ماوەی 1923 تاوەکو2001 لە ترسی تاکی تورکیی گۆشکراو بە کەمالیەت، بوێریی ئەوەیان تێدا نەبوو بە لای دۆزی کورددا بچن. ئێمەی باشووری با بە چاوی باشوور تەماشای ڕەوشی باکوور نەکەین: کوردی باشوور هەر لە ساڵی 1918ەوە ناسنامە و زمانی خۆی هەبووە و نکۆڵی لە بوون و زمانی کوردیی نەکراوە!

### هەدەپە لە نێوان دوو شوناسدا

ڕەوشی باکوور ڕەوشێکی نالەباری سیاسییە، بۆیە دامەزراندنی پارتی (کوردی) و (ئیسلامی) ئاسان نییە.

هەدەپە لە 15ی ئۆکتۆبەری 2012 دامەزراوە. ئەم مێژووەش وادەی داکشانی کوردی ناو ئاکەپە بوو. لە زهنیەتی دەسەڵاتی ئاکەپەدا، هەدەپە هەر پارتێکی کوردی نەبوو، بەڵکو کۆکەرەوەی چەپی تورکیایی بوو، کەواتە هەدەپە لە دوو ڕووەوە شەڕی کەلامی و ئایدیۆلۆژیی ئاکەپەی دەکرد:

1. کەمکردنەوەی کورد لە نێو ئاکەپە.
2. زیندووکردنەوەی بەرەی چەپ و سۆشیال دیموکرات.

هەدەپە لە باکوور حیزبێکی کوردی بوو، لە ئەنقەرە و ئیستەنبوڵ حیزبێکی تورکیایی بوو. ئەم ڕاستییەش لە ئاراستەی ئایدیۆلۆژیی پەیڕەوی حیزبدا هاتووە: "هەدەپە حیزبێکی تورکیاییە هیچ شوناس و نەتەوەیەک نانوێنێت و نکۆڵی لەوە دەکات حیزبێکی کوردی بێت".

ئەمە لە پەیڕەودا هاتووە، کەچی هەندێک بە نیاز و بێ نیاز بە کۆپیی پارتی (ئاشتی و دیموکراتی)ی کوردی دادەنێن، هەندێکی تر بە باڵی شاریی پەکەکەی دادەنێن.

شیکاری ئێمە لەبارەی شوناسی حیزبەکە پشتئەستوورە بە دیتنی زۆربەی خەڵکی باکوور کە باوەڕیان وابوو هەدەپ هەڵگری ئایدیا و تێڕوانینی (ئاشتی و دیموکراتی)یە بۆیە دەنگی زۆربەی کوردی باکووری گەیاندە پەرلەمانی تورکی).

خەڵک چاوەڕێی دەکرد دەمیرتاش ببێتە گۆرباتچۆڤی کوردی باکوور ، چونکە لە پەیڕەوەکەیدا هاتووە: "هەدەپ نوێنەرایەتی چەوساوە و فەرامۆشکراوەکان بە پلەی یەک دەکات، هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای تورکیا بە جیاوازیی دین و ئاراستەی سیاسی و کولتووری، هەروەها کەمینەکانیش".

کورد لە باکوور هەم چەوساوە و هەم فەرامۆشکراو بوو، هەروەها ئۆجەلانی سەرۆکی پەکەکە زیندانی بوو. لەسەر ئەم بنیاتە زۆربەی کوردی باکوور و کەمینەکان دەنگیان بە هەدەپ دا، ئەفسووس لە دوای هەڵبژاردن هەدەپ ئەوەی لەبیری نەبوو (کوردی چەوساوە) و (چارەنووسی ئۆجەلان) بوو، دەمیرتاش گوتی: "هاوپەیمانی لەگەڵ ئاکەپە ناکەین و حکومەت لەگەڵ ئاکەپە پێکناهێنین!"

کەسێک مافی خۆیەتی بپرسێت: ئەدی هەدەپە بە چ بیانوویەک چووە پەرلەمان؟!

### کورتە

ئەردۆگان توانی ببێتە گۆرباتچۆڤی تورک، بە تایبەتی تورکی دیندار و عەلمانیەت بەرەو پەراوێز ببات بە تایبەتی دوای کودەتای 15ی تەمووزی 2016 توانی هەژموونی ئەمریکا لەنێو عەسکەر کاڵ بکاتەوە و ببێتە هاوپەیمانی ڕووسیا کە ئەمەش پەیوەندیی ڕووسیا لەگەڵ هەدەپ و پەیەدە لاواز دەکات!

دەمیرتاش نە توانی ببێتە گۆرباتچۆڤی ڕووسیا و نە ئۆبامای ئەمریکا، بەڵکو چارەنووسی وەک ئۆجەلان زیندان بوو. دەمیرتاش و ئاڵتان و چەندانی تر گەیشتنە ئەو قەناعەتە کە وجودی پەکەکە لە هاوکێشەکەدا واتای بێ ئارگیومێنتی و خولانەوەیە لە بازنەی بۆشدا، چونکە دۆگمای شاخ لە شار جێی نابێتەوە!

---



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# ڕۆژئاوا لەسەر کەلی شەیتان

ژمارەیەک کەسایەتیی عەشایەری ڕۆژئاوای کوردستان داوایانکردووە پەیەدە و پارتەکانی نێو ئەنەکەسە و ئەوانی دیکە پێکەوە دابنیشن و ڕێبکەون. وەک بڵێی بۆنی ئەوەیان کردبێت کە ئەو گۆڕانکارییانەی ئەمساڵ لە سووریا و ڕۆژئاوای کوردستان ڕوودەدەن هی ئەوە نین ڕێگە بدەن نە پەیەدە لەسەر تاکڕەوییەکانی بەردەوام بێت و نە ئەنەکەسە و حیزبەکانی دیکەش بە دانیشتن و بێکاری لە هەولێر و ئیستەنبوڵ و عەنتاب بتوانن هیچیان بۆ پاراستنی ئەو ئەزموونە پێ بکرێت کە لە ڕۆژئاوا دروستبووە. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئەو لایەنانە و بەتایبەتیش پەیەدە و ئەنەکەسە بەشی ئەوەندە ئیرادەیان بەدەست خۆیانە کە بتوانن پێکەوە خۆیان بۆ ئەو گۆڕانکارییانە ئامادە بکەن؟ یان هەر لە بنەڕەتدا تێگەیشتوون کە چ مەترسییەکیان لەسەرە؟

نەخشەی سەرلەنوێ دارێژراوە لە سووریا و ڕۆژئاوا وردە وردە خەریکە ئاشکرا دەبێت. تورکیا بە دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی فورات تەنیا ئامانجی ڕێگەگرتن لە پێکەوەبەستنەوەی کانتۆنەکانی سەر بە پەیەدە نییە. ئامانجی ئەوەش نییە کە ڕێگە بگرێت لەوەی شانازیی دەرپەڕاندنی داعش لە ڕەققە بەتەنیا بەر هێزەکانی سووریای دیموکرات بکەوێت. هەروەها بەتەنیا ئەوەش نییە کە وابکات یارمەتییەکانی ئەمریکا بۆ یەپەگە سنووردار ببن. ئامانجەکە لەوە فراوانترە و وەک دەردەکەوێت ئۆپۆزیسیۆنی سووریی سەر بە تورکیا چاوی لە کۆنترۆڵکردنی کانتۆنی عەفرینیشە و بۆ ئەمە موبارەکەی ڕووسیشی وەرگرتووە. نرخی ئەو موبارەکەیەش ئەو ڕێککەوتنە بووە کە تورکیا لەگەڵ ڕووسیا لەسەر حەڵەب و ناوچەکانی دیکە کردی. تورکیا لەمەدا زیرەکیی نواند، چونکە لەجیاتی ئەوەی لەسەر چارەنووسی پەیەدە و کانتۆنەکانی لەگەڵ ئەسەد ڕێککەوتن بکات، لەگەڵ ئاغای ئەسەد، کە پووتینە، ڕێککەوتنی کرد. بۆیە ئێستا مۆسکۆ ڕێگە بەخۆی دەدات لەجیاتی پەیەدەش قسە بکات و بڵێت پەیەدە بەشداری لە دانوستاندنەکانی ئاستانەدا ناکات.

ئەگەر هات و ئۆپۆزسیۆنی سووریای سەر بە تورکیا عەفرینی کۆنترۆڵ کرد و داوای لە پێشمەرگەی ڕۆژئاوا کرد بچێتە ئەو ناوچانە و بیانپارێزێ، دەبێ ئەنەکەسە و پێشمەرگە چی بکەن؟ وەڵامەکە ڕوونە: ئەگەر پەیەدە پابەندی ڕێککەوتنەکانی هەولێر و دهۆک بووایە و پێشتر ڕێگەی دابووایە ئەنەکەسە بەبێ کێشە بەشداری لە حوکمڕانیی ڕۆژئاوای کوردستاندا بکات و پێشمەرگە و شەڕڤان پێکەوە سوپایەکی یەکگرتوویان پێکهێنابووایە، ئەوکات پێشمەرگەی ڕۆژئاوا هیچ پاساوێکی نەدەبوو بۆ شوێنگرتنەوەی یەپەگە لە عەفرین و ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا. بەڵام ڕەنگە ئێستا پێشمەرگەی ڕۆژئاوا پاساوی ئەوەیان بەدەستەوە بێت کە هێزێکی شەڕدیتەن لەدژی داعش و کاتێک پێویست بکات ئامادەن خاکی ڕۆژئاوای کوردستان بپارێزن و بەڕێوەی ببەن.

لەلایەکی دیکەوە لە شنگالیش کە هاوسنوورە لەگەڵ ڕۆژئاوای کوردستان، هەم حکومەتی کوردستان و هەم حکومەتی عێراق و هەم ئەمریکاش بەڕاشکاوی داوای دەرچوونی پەکەکە دەکەن لەو ناوچەیە. ئەمە دەبێ ڕووبدات و پێناچێ حکومەتی کوردستان لەو داوایەی پەشیمان ببێتەوە. بەوشێوەیەش کانتۆنەکانی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەونە ژێر گەمارۆیەکی چڕتر لەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا تێیدا بوون.

ئەو زانیارییانەی لە دیمەشقەوە دێن، باسی ئەوە دەکەن کە حکومەتی سووریا لەئێستاوە ژمارەیەک کەسایەتی و لایەنی کوردیی دەرەوەی بەنهێنی بانگهێشت کردووە بۆئەوەی لەسەر بەشداریکردنیان لە حکومەتێکی نوێی سووریدا دانوستاندنیان لەگەڵ بکات. وەک باس دەکرێ دیمەشق دەیەوێ بۆ ناو بەشداری بە هەندێک لایەنی لاوازی کوردی بکات و پشت لە ڕێککەوتنە تاکتیکییەکەی لەگەڵ پەیەدە و پەکەکە بکات.

بەوجۆرە بێت، ئەو قسەیە لە ڕاستی نزیک دەبێتەوە کە دەگوترا ڕووسیاش و ئەمریکاش پەیەدە بۆ ماوەیەکی کاتی لە شەڕی دژی داعش و دژی لایەنەکانی دیکەی شەڕی سووریا بەکاردەهێنن و هیچ گەرەنتییەک نادەنە ئەو کیانەی لە ڕۆژئاوای کوردستان ئاوای کردووە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەشدا، دەبێ بڵێین کەسایەتییە عەشایەرییەکانی ڕۆژئاوای کوردستان پێشنیازێکی نیشتمانپەروەرانە و واقیعبینانەیان کردووە بۆ پەیەدە و ئەنەکەسە و لایەنەکانی دیکە. چونکە تاکە ڕێگە بۆ پاراستن و بەسەرپێوەهێشتنەوەی ئەزموونی ڕۆژئاوای کوردستان ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتییەکی هەبێت نوێنەرایەتیی هەمووان بکات و هەولێریش بتوانێت بەبێ سڵەمینەوە پشتیوانیی لێبکات. ئیتر دەبێ چاوەڕێ بین بزانین پەیەدە و ئەنەکەسە ڕێکدەکەون یان هەریەکەیان بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا درێژە بە سوارییە کەللەڕەقانەکەی ساڵانی ڕابردوویان دەدەن لەسەر کەلی شەیتان و بەوهۆیەوە ڕۆژئاوای کوردستان بەرەو هەڵدێر دەبەن.

---



د.شەونم یەحیا*

# دەرچوون لە کەمینە و زۆرینە

کەمینە، بریتییە لە پێکهاتەیەکی بچووک لەناو پێکهاتەیەکی گەورەدا ، ئەوەی دیکەیان بە پێچەوانەوە، پێکهاتەی زۆرینەیە لە کۆمەڵگەدا. ئەم دوو پێکهاتەیە بەردەوام خۆیان بە جیاواز دەبینن، چ ئاینی یان نەتەوەیی بێت، لێرەدا مەرج نییە ئەم کەمینە و زۆرینەیە هەر لەسەر بنەمای نەتەوە یان ئاین بێت، دەکرێت لە چوارچێوەی بنەما و فیکر و بەرنامەی پارتێکی سیاسیشدا بێت. لە هەندێ کاتدا ئامانجی کەمینەکان بەدەستهێنانی مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانە، چونکە هەستی بێبەشبوون پاڵنەرە بۆ داواکردنی مافەکانیان و ئامانجی زۆرینە مانەوە و خۆ بەخاوەنکردنی دەسەڵاتە، جگە لەمە لە هەموو دۆخێکدا زۆرینە حوکم ناکات، بەڵکو حوکمی کەمینەش بەسەر زۆرینەدا هەیە کە پێی دەڵێن دەسەڵاتی (ئۆلیگارشی)، واتا کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات لەلایەن دەستەیەکی بچووک لە کۆمەڵگە بەهۆی (سەروەت و سامان، خێڵ یان دەسەڵاتی سەربازی). ئەفلاتۆن لە کتێبی (کۆمار)دا باسی ئەم جۆرە دەسەڵاتە دەکات، لێرەدا هیچ پەیوەندی بە کەمینەی ئاینی و نەتەوەییەوە نییە، بەڵکو زیاتر نزیکە لە جۆری حوکمڕانی (ئەرستۆکراتەکان و دیکتاتۆریەت) ، بلوتۆکراتی واتا (حوکمی دەوڵەمەندەکان) ، کلیبتۆکراتی واتا (حوکمی چەتەسالاری) بە مانای فەرمانڕەوایی دەوڵەت لەلایەن دز و جەردە و مافیاکانەوە.

دەسەڵات و فەرمانڕەوایی زۆرینەش بە هەمان شێوە ئەو ڕەخنانەی کە ڕووبەڕووی سیستەمی (دیموکراسی) دەکرێنەوە، ئەویش مەترسییەکانی دروستبوونی (زۆرداریی زۆرینەیە). یەکەم کەس کە ئەم زاراوەیەی بەکارهێنا ئەلێکس دی تۆکفیل بوو لە کتێبی (دیموکراسیەت لە ئەمریکا) لە ساڵی 1831، هەروەها وەکو "ژان سەلێم "فەیلەسوفی فرەنسی لە کتێبی (هەڵبژاردن تەڵەیەک بۆ گەمژەکان .. ئەی چی بۆ دیموکراسیەت دەمێنێتەوە) لە ساڵی 2012 . ژان سەلێم نموونەی چەند هەڵبژاردنێک لەو کتێبەیدا دەهێنێتەوە کە بوونەتە جێی نائومێدی و شەرمەزاری. سەرەڕای ئەوە، ئەو پێیوایە دەبێ ئاگاداری دەرهاوێشتەکانی دیموکراسیەت بین. لەوەی مەرج نییە هەموو کات زۆرینە لە هەڵبژاردنەکانیاندا ڕاست و لەسەر هەق بن. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەم دۆخانە پەشیمانی بەدوادا دێت، لەوانە هەڵبژاردنی هیتلەر بە راوێژکاری ئەڵمانیا لە مارس و ئەپریلی ساڵی 1932 . هیتلەر بە کودەتای سەربازی نەگەیشتە دەسەڵات، بەڵکو لەڕێی هەڵبژاردنەوە کە 37.35%ی دەنگەکانی هێنا، کەواتە بە دەنگی زۆرینە دەسەڵاتی وەرگرت ، دەپرسێت ئایا ئەمە لێدانی دیموکراسیەت نییە؟ دەرئەنجامی دەسەڵاتی هیتلەر چی بوو جگە لە شەڕ و ماڵوێرانی و کوشتن و کاولکاری، ڕەگەزپەرستی و جولەکە سووتاندن و دکتاتۆریەت و فاشیزم بەواتای کە زۆرینە فاشیزمی هێنایە دەسەڵات.

زۆرینە و کەمینە هیچکات بە جێگیری نامێننەوە، چونکە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافی ڕۆڵ دەبینن لە گۆڕینی هاوکێشەکان، واتا مەرج نییە زۆرینە هەموو کات بە زۆرینە بمێنێتەوە و کەمینەش بە کەمینەیی بمێنێتەوە.

لێرەدا نامەوێت قووڵ ببمەوە بۆ جیاوازییەکانی نێوان کەمینە و زۆرینە لەڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەوە، ئەوەی گرنگە لەم پەیامەدا فەرمانڕەوایەتی لەسەر پرەنسیپی کەمینە و زۆرینە گوزارش لە فەرمانڕەوایەتی حەقیقی ناکات، بەڵکو فەرمانڕەوایەتی درۆینەیە و هەڵەیەکی مێژووییە بەرامبەر بە هاووڵاتیبوون و سەرچاوەی دروستبوونی هەستەوەری (حساسیە) و نادادپەروەری. فەرمانڕەوایەتی دەوڵەت و حکومەت بەرلەوەی لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینەی ئاینی یان نەتەوەیی یان سیاسی بێت، گرنگە لەسەر بنەمای ئەخلاقیاتی پرۆفیشناڵی و شارەزایی و لێهاتوویی و ئەکادیمیبوون و کەسی شیاو لە شوێنی شیاو بێت، گەر وا بزانرێت بە دابەشکردنی پێگە ئیداری و سیاسییەکان لە حوکمڕانیی کۆمەڵگە بەسەر زۆرینە و کەمینە، مافەکان بە یەکسانی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش دەکرێ و هەر لایەو پێکهاتەیە بە مافی خۆیان گەیشتوون، ئەوە وەهمێکی گەورەیە، چونکە ئەوان ماف و ئیمتیاز دەدەن بە یەک دوو کەسی ناو کەمینە نەک کۆی کەمینەکە، بگرە زۆر جار وەکو پاشکۆ لەلایەن دەسەڵاتیشەوە بەکاردەهێنرێن (لێرەدا مەبەستم لە کەمینەی سیاسیە واتا لە چوارچێوەی پارتی سیاسی). ئەم فرەییە لەڕووی کولتوورییەوە مرۆڤەکان لە یەکەوە نزیک دەکاتەوە، بەڵام کاتێک سیستەمی سیاسی و فەرمانڕەوایەتی دێت دەیخاتە ناو سیاسەتەوە و بەرنامە و عەقڵیەتی بەڕێوەبردن دەوڵەت لەسەر ئەم بنەما جیاکارییە بونیاد دەنێت، هەموو ڕەونەقی مرۆیی و کولتووری دەبات و بازنەی ململانێ و توندڕەوییەکانی نێوانیان فراوانتر دەکات. سەیر ئەوەیە ئەم بیرکردنەوە ناعەقڵانییە وا لە هاووڵاتیانیش دەگەیەنێت کە شانازی بەو جیاکارییەوە بکەن.

***دکتۆرا لە فەلسەفەی کۆمەڵناسی، زانکۆی سۆربۆن، پاریسی یەک**

---

**ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.**

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network
Rudaw readers know more



## دڵنیا شیعری باوکی دەکاتە گۆرانی

10

خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی Tel: 0750 486 34 12 – 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net

Good food
abc
Good feelings

زۆرترین خواردن لە گەورەترین رێستورانت
رێستورانتی ABC لە هەولێر / رێگەی بەحرکەی نوێ تەنیشت گوندی لوبنانی
ئێستا کراوەیە

11 رێستورانت، 660 جۆر خواردن لە ماوەی 2 کاتژمێردا

DAILY FRESH SEAFOOD premium quality
SHISHA LOUNGE
MIDDLE EAST RESTAURANT
Diner FAST FOOD
Pancakes & WAFFLES HAVE A SWEET DAY
STEAK BEST IN TOWN HOUSE
Soup & BREADS ALWAYS GOOD
The Best CHINESE FOOD
FARM FRESH Salad bar
ORIGINAL JAPANESE SUSHI BAR
AUTHENTIC ITALIAN CUISINE
The PASTRIES & CUPCAKES BAKERY Pies & Desserts



# Family Mall

Shopping & Entertainment Center
Erbil




Family Mall - 100m street – Erbil – Kurdistan Region – IRAQ
www.familymallarbil.com
E-mail: info@familymallarbil.com
Phone Number: 009647505618484